

# کەشکۆڵی
# هۆمەر پێنجوێنی

عومەر محەمەد فەرەج

# کەشکۆڵی
# هـۆمـەر پێنجوێنـــی

**(عومەر محەمەد فەرەج)**

ئامادەکردنی: شێرزاد عومەر

- ناوی کتێب: کەشکۆڵی هۆمەر پێنجوێنی
- ئامادەکردنی:شێرزاد عومەر
- تایپ: ئامادەکار
- دیزاینی بەرگ: ڕێبوار عومەر
- دیزاینی ناوەرۆک: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی پیرەمێرد
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠١٩ – سلێمانی
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٥٣٨) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

**پێشکەش**

* بە ڕێبینی جوانەمەرگ کە پەرۆشی بە چاپ گەیاندنی بەرهەمەکانی باوکی بوو.
* بە کۆچکردوو حاجی محمد فرج باوکی نووسەر، کە خۆشەویستی بۆ هۆمەری کوڕی بێ ئەندازە بوو.
* بە کۆچکردوو حاجی خەلیفە میرزا حەسەن مامی نووسەر، کە ئەوپەڕی متمانە و خۆشەویستی هەبوو بۆ هۆمەری برازای.
* بە هاوڕێ خۆشەویستەکانی نووسەر بەوانەی کۆچی دواییان کردووە و ئەوانەش کە خۆشبەختانە لە ژیاندان.
* بە هەموو کەسە ئازیزەکانی نووسەر و تەواوی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان، کە لە بەرهەمەکانی شاعیردا بارودۆخی سەخت و تاڵاوی ژیانیان بەرجەستە کراوە.

# پێڕست


پێـــشکەش..................................................................٣
پێـشەکــی..................................................................٧
بانگـــەواز..................................................................٩
ژیاننامـەی هۆمـەر پێنجـوێنی.........................................١٠
بـــاوکم.....................................................................٣٠
بۆ ئەو شۆخەی هەموو ئێوارێنێک من دەخاتەوە سەر سەودا.....٣٢
جیاوازی نییە لە بەینی کوڕ یا کچ.................................٣٥
ســـکاڵا....................................................................٣٧
نامەیەک بۆ عـەلی برام....................................................٣٨
بـۆ نـەژاد...................................................................٤١
ئاســـنەوە...................................................................٤٢
یـسرەکـەم...................................................................٤٣
ئـەمـەریکـا..................................................................٤٤
بۆ برایـەکی سـەرباز.......................................................٤٥
نامـەیـەک بۆ یـار..........................................................٤٧
کـۆتری ئاشـتی...............................................................٥٠
نـەنـەخورشـی................................................................٥١
لێـــشێواوان...................................................................٧١
ستایش بۆ هـەندێ بویێژی کورد........................................٧٣
هــەمـەجـۆرە...................................................................٨٣
لـە باخـەوانـەوە بـۆ هۆمـەر..............................................٨٨

لە هۆمەرەوە بۆ باخەوان.................................................................٩٢
لە دڵتەڕەوە بۆ هۆمەر.................................................................١٠٧
بابەتێک دەربارەی هۆزی بارام.........................................................١٠٨
تۆماری هەڵبژێردراوی ڕۆژژمێرەکان.............................................١٢٥
ئەلبوومی وێنەکان...........................................................................١٥٥

## پێشەکی

مـاوەی چـەنـد سـاڵێکە ئێمـە وەک بنـەماڵـەی هۆمـەر پێنجـوێنی بیرمان کردۆتەوە لەوەی کە سەرجەمی بـەرهـەمـەکانی باوکمـان بـە شێوەیەکی جوان و ڕێک و پێک لە دوو توێی پەرتووکێکدا بـە چاپ بگەیەنین و بیخەینە بەر دیدی خوێنەران. بە تەواوی لەو بڕوایەداین کە ئـەگـەر تـەمـەن هـەلی بڕەخساندایە بۆ هۆمـەر پێنجـوێنی، ئـەوە خۆی زۆر باشتر و چاکتر و دەوڵەمەند تر بـەرهـەمـەکانی بە چاپ دەگـەیانـد. ئـەو کـە نووسـین و هـۆنراوە و بابـەتـە دەستنووسـە هـەمـەڕەنگـەکانی بـە درێژایی تـەمـەنـی لـە بـارودۆخێکی سـەخـت و دژواردا، لەبەر ڕووناکی ڕۆژدا بووبێت یان کارەبا یاخوود چرا، لـە شێوەی کۆمەڵێک نووسین و بابەتی شیعری و ئـەدەبی و مێژوویی بەهـادار و بـە چێژدا یاداشـت و تۆمـار کـردووە. ئێمـەش بـە ئـەرکی خۆمانمان زانی، کە ئەو ئاواتەی کە تا خۆی لە ژیاندا بوو نـەیتـوانی بە ئەنجامی بگـەیـەنێت، بۆی ئـەنجـام بدەین، ئـەگـەرچـی هیچ کـات ناگات بەوەی کە ئەو لە خەیاڵ و پلانیدا بـووە. لانـی کـەم، ویژدانـی خۆمان ئاسوودە دەکەین و خوێنـەری ئـازیز و هـاوڕێ و دۆسـت و کەس و کاری شاعیریش ئاشنا دەکەین بە بەرهەمەکانی نووسەر.

لێرەوە داوای لێبوردن لـە خوێنـەرانـی ئـەم پـەرتووکـە و هـەمـوو هاوڕێیان و خزم و ناسیاوانی شاعیر دەکەین لە هـەر کـەمـو کـوڕی و ناتەواویەک کە ببینن یاخود هـەستی پێ بکـەن. ئـەوەی کـە ئێمـە کردومانە بریتی بووە لە کۆکردنـەوەی بابـەتـەکـان و بـەرهـەمـەکـانی

نووسەر و ڕیزبەند کردن و نوسینەوە و ڕێکخستنیان. لە هەمان کاتدا خوێندنەوە و ووردبوونەوە لە ڕۆژژمێرەکانی نووسەر، کە لە ساڵی ١٩٦١ەوە تۆماری ڕوداوی کۆمەلایەتی و سیاسی و تایبەتی خۆی تێدا کردووە. لە نێو ئەو ڕوداوانەی کە نووسەر تۆماری کردوون، بابەتەکانی پەیوەندیدار بە لەدایک بوون، هاوسەرگیری کردن، مردن، ڕوداوی سیاسی و سەربازییەکان دەرهێنراوەو لەم پەرتووکەدا خراوەتە بەردیدی خوێنەرانی ئازیز. ئەگەرچی هەندێک لەو ڕوداوانە دەبێتە هۆی نیگەرانی و زیندووکردنەوەی خەم و ئازاری لەدەست چونی ئەو کەسە ئازیزانە، بەلام وەک ئەمانەتێک و خزمەتێک بە خودی خاوەن کەسایەتی یە ناوبراوەکان تۆمارەکان لەم پەرتووکەدا بلاوکراونەتەوە.

لە سەرەتای پەرتووکەکەدا ژیاننامە و قۆناغەکانی تەمەنی نووسەر بە شێوەیەکی کورت خراونەتە ڕوو. ڕەنگە زۆر ڕوداو و بەسەرهات هەبن کە شیاوی باسکردن بن، بەلام لەبەر درێژە نەکێشانی ژیاننامەکە و باڵنەکێشانی بەسەر خودی بەرهەمەکانی شاعیردا، بە باشمان زانی بەوەندە کۆتایی پێ بێنین.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نووسەر توانایيە جینۆلۆجییەکە ی (نەسەبناسی) بووە. لەو بارەوە چەندین بابەتی نووسیوە کە گرنگترینیان دەربارەی هۆزی بارامە. لە هەمان بابەتدا شەجەرەیەکیشی داناوە لە ساڵی شەستەکان، کە بە باشمان زانی بابەتەکە و شەجەرەکەش لەم پەرتووکەدا بێت. بە دڵنیاییەوە ئەگەر تەمەن باقی بووایە، زۆر باشتر و پاراو تر نەک تەنها دەربارەی هۆزی بارام، بەڵکو زۆر تیرە و بنەماڵەی تری شاری پێنجوێنی دەنووسی.

## بانگەواز

خوێنـەرانـی ئـازیز، هاوڕێیـان و خزمـانی خۆشـەویست، لێرەوە بانگــەوازی ئێــوەی بــەڕێــز دەکــەیــن کــە یارمــەتیمــان بــدەن لــە بەدەستهێنانی هەر نووسین و شیعر و بابەتێکی ئەدەبی و مێژوویی هۆمەر پێنجوێنی، تاوەکو لە چاپی دووەمی پەرتووکـەکـەدا بێتـە بـەر دیـدی خوێنـەران. ئێمـە دەزانـین کـە نووسـەر بـەهـۆی بـارودۆخی کۆچکردن و چۆڵبوونی شـاری پێنجـوێن و ئـەو دۆخـە ناهـەمـوارەی کە وولاتەکەمان پێیدا تێپەڕیوە، زۆرێک لە بـەرهـەمـەکانی تیـاچوون. بۆیە داوا لە ئێوەی ئازیز دەکەین، ئەگەر هۆنراوەیەکی نووسـەرتـان لە بیر بێت یـاخوود یاداشـت کردبێت، وە ئـەگـەر هـەر یـادەوەری و بەسەرهاتێکی هۆمەر ئاگادار بن و بەگرنگی بزانن، ئـەوا کۆمـەکمـان بکـەن تـا لـە چـاپی دووەمـی پـەرتووکـەکـەدا بـڵاوی بکـەینـەوە. لـە و بارەوە ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین.

## ژیاننامەی هۆمەر پێنجوێنی

هۆمەر پێنجوێنی ناوی عومەر کوڕی حاجی محمد فرج کوڕی میرزا عبدالله کوڕی حاجی فتح الله کوڕی محمد کوڕی بارامە. لە بنەمـاڵەیەکی نـاوداری پێنجـوێن لە سـاڵی ١٩٤٦ لە شـارۆچکەی پێنجـوێن هـاتۆتە دنیـاوە[1]. دایکی نـاوی سـۆیبەی کچـی حـاجی مەلا محمدامین عبدالرحمانە و لە پێنجوێن لەدایکبووە. بنەماڵەی دایکی لە بـنەڕەتـدا خەڵکـی وولەژێـرن لە ڕۆژهەڵاتـی مەریـوان. شـەش بـراو خوشـکێکی هەیە بە نێـوی عەلـی، جەلال، ئەنـوەر، لەیـلا، شـێرکۆ، شـۆڕش، هێـرش. لە سـاڵی ١٩٥٢ چـووەتە خوێنـدنگا و تـا پـۆلی شەشـی سـەرەتایی لە قوتابخـانەی پێنجـوێن خوێنـدووە. لە سـاڵی ١٩٦٣ وازی لە خوێندن هێناوە و دەستی کردووە بە کار و کاسبی و هاوکـاری بـاوکی و مـامی کـردووە لە بەدەسـتهێنانی بژێـوی بـۆ خانەوادەکەیان. هەر لە هەمان ساڵدا کاتێک ئاوارەی دێی ئاسنەوەن، دایکی بە نە خۆشـییەکی کتـوپڕ کۆچی دوایـی کـردووە. کارەسـاتی مـەرگـی دایکـی کـاریگەرییەکی زۆری هەبـووە لە ژیـانی هـۆمەر پێنجوێنی، بە تایبەتی کە ئەو تەنها تەمەنی ١٧ ساڵ بووە لەو کاتەدا و بەو جـۆرە هەر لەو تەمەنەوە ناسـۆری وتـاڵی ژیـان ڕووی

---

[1] لە ناو دەستنوسەکانیدا لە شوێنێکدا دەڵێت کە لە ڕۆژی مەولود ١٢ ربیع الاول ساڵی ١٩٤٦ لەدایک بووم. کە بگەڕێینەوە و حسابی ئەو ڕۆژە لە ساڵی ١٩٤٦دا بکەین دەکاتە ڕێکەوتی ڕۆژی چوارشەممە ١٣-٢-١٩٤٦.

تێدەکات. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بدرێت بەوەی کە ماوەیەکی کەم دوای کۆچی دوایی دایکی، باوکی هاوسەرگیری دەکات لەگەڵ فاتمە ساڵح. هاتنی ئەم باجییە بۆ ناو خێزانەکەیان دەور و نەخشێکی گرنگی دەبێت لە ڕەوینەوە و کەم بوونەوەی پەژارە و ناخۆشی لە دەستدانی دایکیان. لە ساڵی ١٩٦٥ دا لەگەڵ مریم حاجی عارف خێزانیان پێکهێناوە و لەگەڵ ماڵی باوکی هۆمەر لە گەڕەکی بەرکێو لە پێنجوێن ژیان بەسەر دەبەن تا ساڵی ١٩٧١ و پاشان دەگوێزنەوە خانووی خۆیان لە گەڕەکی بەرزان. لە ساڵی ١٩٦٧ کچێکیان دەبێت کە ناوی دەنێن بەهار. لە ساڵی ١٩٦٩ کچێکی تریان دەبێت کە ناوی دەنێن ڕووناک کە بەداخەوە لە ساڵی ١٩٧١ کۆچی دوایی دەکات. لە دێڕێک شیعردا هۆمەر دەڵێت:

**کۆرپە ساواکە بۆچی کۆچت کرد**

**هەتا پێ ئەگری تامڵت نەکرد**

هەر لە ساڵی ١٩٧١ دا کچێکی تری لە دایک دەبێت و ناوی دەنێن نیگار. لە ساڵی ١٩٧٣ کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێن شێرزاد، لە ساڵی ١٩٧٦ کوڕێکی تری لە دایک دەبێت بە ناوی ڕێبین کە بە داخەوە لە ساڵی ٢٠٠٢ بە کارەساتی ئۆتۆمۆبیل لە دانمارک کۆچی دوایی دەکات. لە ساڵی ١٩٧٨ کوڕێکی دەبێت کە ناوی دەنێن ڕێبوار. لە ساڵی ١٩٨٠ کوڕێکی تری لەدایک دەبێت بە ناوی شانۆ.

هۆمەر پێنجوێنی هەر لە هەرەتی لاوییەوە سەرسام دەبێت بە گەورە شاعیرانی کورد و فارس و نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر زوو خۆی فێری زمانی فارسی دەکات بۆ دەستڕاگەیشتن بە کتێب و نوسراوەی گەورە نوسەرانی فارس وەک سعدی شیرازی و حافظی شیرازی و هتد. هەروەک زۆر

سەرسام بووە بە کورتە چیرۆکەکانی عە زیز نەسین و ڕۆمانەکانی یەشـار کەمـال. لە نوسـەرانی کـوردیش کـاریگەری قـانعی شـاعیر و سـالم و نـالی و شـاعیران و نوسـەرانی تـر، بە نوسـین و کـاری ڕۆشنبیری هـۆمەرەوە دیـارە. زمـانی فارسـی بـاش زانیـوە و زمـانی عەرەبیشی  زانیوە، بۆیە توانیویەتی کەڵک لە توانا زمانەوانییەکانی وەربگرێـت بـۆ خـۆ ڕۆشـنبیر کردنـی زیـاتر، کە وای کـردووە ببێتە کەسـێکی بە توانـا و کـاریگەر نەک هەر لە ئاسـتی بنەماڵەکەیـان بەڵکوو بۆ زۆرێک لە هاوڕێ و دۆستەکانی و خەڵکی پێنجوێن. کۆڕ و دانیـشتنی لە گەڵ ڕۆشـنبیران و ئەدیبـان و نوسـەرانی ئەوکـاتی پێنجـوێن هەبـووە و بەتـایبەتی لەگەڵ بـاخەوانی شـاعیر و هەروەهـا لەگەڵ دڵـتەڕی شـاعیریش، کە ئەکـاتە خاڵیـشی، ئـاڵ و گـۆڕی شیعریان کردووە.

لە بواری شانۆشدا لە سـاڵی ١٩٧١ دا لەگەڵ چەند هـاوڕێیەکی ڕۆشـنبیریدا لە پێنجـوێن وەک لەتیـف محمـد سـاڵح، حـسین حـاجی محمـدئەمین، عبـدالکریم محمـد سـعید، ئەحـمەد شـەماڵ، عوسـمان ئەحمەد، ئەحمەد محمد ئەمین، جمال محمد سعید، قادر، هەڵسان بە دامەزرانـدنی تیپێکـی شـانۆ و چەنـد کـارێکی شـانۆییان ئەنجامـدا. لەوانە ئەحـمەد بەگـی کۆماسـی، پاشـا و ٣ پیـاو، مـن دکتـۆرم ئەو فەڕاشـە، عەلە ورگەی شـوتی دز. دامەزرانـدنی ئەم تیپە گرنگییەکـی زۆری هەبـووە بـۆ ئەو کـاتەی شـاری پێنجـوێن، ئەگەر چـی شـانۆ پێشتر پێشکەش کـراوە بەڵام تـا ئەو کـاتە بەو شـێوە ڕێـک و پـێکە تیپی شـانۆ دانەمەزراوە. کـارێکی هـونەری تـر کە هـۆمەر پێنجـوێنی ئەنجـامی داوە لە گەڵ هەنـدێک لە هاوڕێکانیـدا، فیـستڤاڵی دوانـزە سـوارەی مەریـوان بـووە، کە لە ڕۆژی نەورۆزدا جـل و بەرگـی

کوردیـان پۆشـیوە بە شـێوەیەکی هونەریـانە دوانزەسـوارەی مەریوانیان ساڵانە نمایش کردووە و ئاهەنگ و خۆشی نەورۆزیان بەو شێوەیە دەست پێکردووە.

شـاعیرلە بـواری ڕۆژنامەگەریـشدا لە شـارۆچکەی پێنجـوێن کـاری کـردووە و وەک بەڕێـز ئەحـمەد حەمە بچکۆل پێنجـوێنی لە بـابەتێکی فەیـسبوکدا بە نێـوی "سـەرەتاتکێیەک لە جیهـانی ڕۆژنـامەگەری لە شـاری پێنجـوێنی ئەوسـای سـاڵی ١٩٧٢ی زایینـی وە دەرکردنی یەکەمین گۆڤاری شاری پێنجوێن بە نـاوی "بەرهەمـی بـاخ " کە لە پەیجی ئەلبـومی وێنەکـانی پێنجـوێن دا لە ڕۆژی ٤-٧-٢٠١٨دا بـڵاو کـراوەتەوە. لەو گۆڤـارەدا، کە بە شـێوەی دەسـتنووس بڵاوکراوەتەوە و تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە، عومـەر محـەمەد فەرەج بە ناوی "هۆشمەند" ئەندامی دەستەی نوسەران بووە لە گەڵ ئەحمەد حەمە بچکۆل وە حسین حاجی مەلا "دڵتەڕ".

بـارودۆخی سیاسـی کە بەهـۆی شـەڕی کوردسـتان لەگەڵ ڕژێمـی ئەوکـاتی عێـراق، پێنجـوێنی کردبـووە مەنزڵگـا و سـەنگەری دواوەی هێزی پێشمەرگە. ئەمەش بووە هۆی قین هەڵگرتنـی ڕژێمـی عێـراق لەو شـارە و پاشـان سـوتاندنی لە ڕۆژی ١٩٦٢/١٠/٢٣دا و ئـاوارە بـوونی دانیـشتوانەکەی بـۆ دێهاتەکـانی ئێـران و بە تـایبەتی ئاسنەوە و بایەوە. ئەم بارودۆخە بووە هـۆی ئەوەی کە زۆرێک لە قوتابیـان و خوێنـدکارانی ئەو کـاتە و لە نێویانـدا نووسـەر واز لە قوتابخانە بێنێت. بەڵام هەروەک ئاماژەی پێکرا پێشتر، شـاعیر وازی نەهێنا لە خولیای خۆ ڕۆشنبیر کردن، بەڵکو بە هەر شێوەیەک بۆی گونجابێت هەوڵـی خوێندنەوە و بەدەست خستنی هەرچـی زیاتری زانیاری داوە لە ڕێی کتێب و گۆڤـار و ڕۆژنـامەی ئەو سـەردەمەوە.

کتێبخانەیەکی خنجیلانەی بە ئیمکانیاتێکی کەمەوە دروست کردووە و لە کـاتی ئـاوارەیی و لێقەومانـدا لەگەڵ خـۆی گواسـتویەتیەوە. چەنــدین کتێبــی کــوردی و فارســی و عەرەبــی هەبــووە لە کتێبخانەکەیدا. توانی کتێبخـانەکەی تـا سـاڵی ١٩٨١ بپارێزێت، بەڵام بەهۆی شەڕی عێراق و ئێرانەوە کە بووە هۆی کۆچکردنی خەڵکی پێنجـوێن وئـاوارەبوونی بـۆ ناوچەکـانی دیـکە بەتـایبەتی شـاری سـلێمانی، شـاعیر بە ناچـاری کتێبەکـانی لە ژێـر گڵدا شـاردەوە، بە نیازی ئەوەی کە زوو بگەڕێنەوە پێنجوێن و دەریـان بێنێتەوە. بەڵام بەداخەوە شــەڕی نەگریــسی ئەم دوو وڵاتە ٨ ســاڵی خایانــد و خەڵکی پێنجوێن تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ نەیان توانی بچنەوە زێدی بــاو و باپیریــان. کاتێــک کە دوای ڕاپەڕیــن ئەو زەویــیەی کە لە حەوشەی ماڵەکەیدا بوو هەڵدایەوە بۆ کتێبەکانی، بینی کە کتێبەکـان بەداخەوە بە هــۆی تەڕی و بەفــر و بــارانەوە کەڵکیــان نەمــابوو. هۆکـاری شـاردنەوەی کتێبەکـانی و نەگواسـتنەوەی لە گەڵ خـۆی، بــێجگە لەوەی کە وائەزانــرا زوو خەڵــک دەتوانێــت بگەڕێــتەوە پێنجوێن، لە هەمـان کاتیشدا چەندین کتێبی فارسـی و کوردی تێدا بوو کە قەدەغە بوون لەو سەردەمەدا.

لە دوای وازهێنانی لە قوتابخانە شاعیر دەستی کرد بە ئیش و یــارمەتی بــاوکی و مــامی دەدا لە بەڕێکردنــی کاروبــاردا وزیــاتر خەریکـی کـاری بـاربەری "وولاغـداری" بـوو. لەگەڵ ئەوەش دا کە کـارێکی زۆر تـاقەت پـڕوکێن بـووە، زۆرێـک لە خێـزان و گەنجـانی پێنجـوێن بە ناچـاری بژێویـان لەسـەر ئەو کـارە بـوو، کە لە هەمـان کاتدا ببووە سـەرچاوەی بەدەستهێنانی زۆرێک لە پێداویستیەکـانی خەڵکــی شــارۆچکەکە. لەبەرامــبەر ئەم وولاغــدارانەدا، کۆمەڵێــک

ســـەرمایەداری پێنجــوێن بە حــوکمی ســـەرمایەکانیان، خەریکـــی قۆرخکردنی ئەم ئیش و کارە بوون و ببوونە هەڕەشەیەک بۆ سـەر بژێـوی خەڵکێکـی زۆری پێنجـوێن. گەنـجە ووڵاغـدارەکان کەوتـنە وەســـتانەوە بەڕووی چینـــی ســـەرمایەدارە بازرگانەکـــان و لە ١٩٦٤/٩/١دا ڕێکخـــراوی "دەســـتەی یەکگرتویـــان" پێکهێنـــا، کە سەرەتایەک بوو بۆ ڕزگار کردنی چینی زەحمەتکێش لە هەڕەشـەی بێنـان کردنیـان لە لایەن سـەرمایەدارەکانەوە. دوای دروسـت بـوونی ئەو ڕێکخراوە کە پێشی وتراوە "پەلی هەژار"، چەندین تێکهەڵپژان و کێشمەکێش دروسـت بـوو لە نیـوان ئەو دوو بەرەیەدا کە زیـاتر بە سەرکەوتنی ووڵاغدارەکان کۆتایی دەهات بەحوکمی یەکگرتوویی و پشتیوانی خەڵکەکە لێیان. بەداخەوە زانیاری زۆر کەمە لەسـەر ئەو ڕواداوانەی ئەو ســەردەمە. هەروەهــا ناشــزانرێت کە داهــاتوی ئەو ڕێکخـراوە بە کـوێ گەیشت و ئایا بـارودۆخی سیاسـی نـاوچەکە و نەبـوونی سـتراتیژ و بەرنـامـەی پێویـست بـۆ درێـژەدان بە خەبـاتی ڕێکخـــراوەکە، بـــوونە هـــۆی تـــوانەوە و کزبـــوونی ئەو بـــزوتنەوە سنوردارە، یـاخود هۆکـاری بەرەوپێشچوون و گـۆڕانی کۆمەڵگـا و هۆکارەکانی گواستنەوە لە کۆتاییدا بوونە هۆی نەمانی ڕێکخراوەکە. ڕەنگە هەردوو هۆکارەکە بن[٢].

ســـاڵانی شەســـتەکان بــۆ شـــاعیر ســـاڵانێکی پــڕ لە ڕودا و بەسەرهات بووە.

---

[2] هەرچەندە هەیکەلی ڕێکخراوەیی دەستەی یەکگرتوو( پەلی هەژار) نەزانراوە، بەڵام هۆمەر لەگەڵ هاوڕێکانی دەوری ڕێبەری بینیوە و پلانی کاریان بە یەکەوە داناوە.

هەر لە شـەڕی کوردسـتان لەگەڵ ڕژێمـی ئەوکـاتی عێـراق و سـووتانی پێنجـوێن و ئـاوارەبوونی دانیـشتوانەکەی بـۆ دیـوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وشەڕی ناوخۆی مەکتەبی سیاسی پارتی و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، کە بە جەلالـی و مەلایـی بەناوبانـگ بوون. کە پێنجوێن لەو کاتەدا زیاتر لە ژێرهەژمووونی باڵی مەکتەبی سیاسـیدا بـووە. تـاوەکوو کـۆچکردنی کتـوپڕی دایکـی و بەرەو ڕوبونەوەی ناسۆری و سەختی ژیان ودەستپێکرنی بە کارو کاسپی و هاوڕێیەتی کردنی باوکی و مامی لە بەدەست هێنانی بژێوی ژیان بۆ بنەماڵەکەیـان. هەروەهـا هاوسـەرگیری و دامەزرانـدنی خێـزان و بـوون بە بـاوک و بەرپرسـیارێتی باوکـایەتی و خێزانـی و بەردەوام بـوونی لە ئـیش وکـاری سـەختی وولاغـداری. ئەم ڕوداو و گۆڕانکارییە ڕیشەییانە لە بارودۆخی گشتی و تایبەتی دا کـاریگەری ڕاسـتەوخۆی هەبـووە لە هـزر و بیـری هـۆمەردا. لە دەیەی شەسـتەکاندا بە هـۆی خوێنـدنەوەیەکی زۆری ڕۆژانە و پەیـداکردنی سەرچاوەی ڕۆشنبیری بە زمانەکانی کوردی و فارسـی و عەرەبی، هـۆمەر گەشـەی دا بە توانـاییە شـیعری و ڕوناکبیرییەکـانی و یەکەمین بەرهەمەکانی دەرکەوتن کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخە گشتی و تایبەتییەکەی پێوە دیاربووە.

نووسـەر نەک هەر لە ڕادەبەدەر خزمدۆسـت و کەسـوکار خۆشەویست بووە، بگرە بۆ هـاوڕێ و دۆسـتانی هەردەم پشت و پەنا بووە. هەمیشە ئامادەیی ئەوپەڕی لەخۆبردویی تێدا بووە بۆ یـارمەتی و بەهانـاوە چـوونی خـزم و هاوڕێیـانی بە تـایبەتی و هەروەها خەڵکی پێنجوێن بە گشتی. هەردەم خۆی بە خزمەتکاری خەڵکی دەست کورت و لێقەومـاو زانیـوە و بـاکی نەبـووە لە هـیچ

کارێک لە پێناوی چینی هەژاران. لەو بارەوە تا ئێستاش زۆر کەس بەسەرهاتی لە خۆبردوویی و بەتەنگەوەهاتنی دەگێڕنەوە. زۆرجار تووشــی کێـشەو ناخۆشــی بــووە لە گەڵ دەســەڵاتداران بەهــۆی داکۆکی کردنی لە قسەی حەق و ڕاست و بەرگری کردن لە خەڵکی بێبەش دا. بۆیە لە هەندێک لە نووسین و شیعرەکانی دا بوونی ئەم خەسـڵەتە لە کەسـایەتیەکەیدا بەدی دەکرێـت و هەمیـشە دەیـووت "خۆم باشم بۆ مەعلوم بووە، ئەم دنیایە چۆنی بگریت هەر تەواو دەبێت، مهم ڕاحەت بوونی ویژدانە نەک ڕاحەت بوونی لاشە".

نووسـەر هەر لە تـەمـەنی هەرزەکارییەوە هەستی بە زوڵـم و زۆر و نــاعەدالەتی سیـستەمی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی کـردووە. ئەوەی کە ڕاستەوخۆ بەچاوی خۆی بینـویەتی لە سـەختی ژیـانی خەڵکـی زەحمەتکـێش و کـاری تـاقەت پـڕوکێن لە وولاغـدارییەوە تاوەکوو کاری بەردی ئاسن کولێن و هتد، کاریگەری زۆری لە هزر و بیریـــدا جـــێ هێـــشتووە. بـــۆیە لە نوســـین و هەڵوێـــست و هۆنراوەکانیدا بە ئاشکرا دژایەتی سیستەمی ناعەدالەتی چینایەتی پێوە دیارە و بەو شێوەیە هەر لە سەرەتاوە بووەتە هەڵگری ڕێباز و بیری چەپ و لە هەر بۆنەیەک و ڕوداوێکدا ڕاشکاوانە دژایەتی خۆی بەرامبەر چینی سەرمایەدار و دەسەڵاتداران ڕاگەیاندووە.

ڕوداوەکـــانی ســـاڵانی شەســـتەکان هەر لەدەســـتپێکردنی بـزوتنەوەی کـوردەوە لە ئەیلـولی ١٩٦١ ەوە و تـاوەکو ڕوخـانی حکومەتی عبدالکریم قاسم لە لایەن بەعسیەکان و پاشماوەی ضباط احرار بە کودەتای سەربازی لە ساڵی ١٩٦٣ دا و هاتنە سەرکاری عبدالـسلام عـارف و دورخـستنەوەی بـەعـسیەکـان لـە دەسـەڵات.

ناکۆکیەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و دوو کەرت بوونی لە ساڵی ١٩٦٤دا. دەسەڵات گرتنەدەستی بەعسییەکان جارێکی تر دوای کودەتایەکی سەربازی تر بەسەر حکومەتی عبدالرحمن عارف لە ساڵی ١٩٦٨دا. ئەمانە و چەندین هۆکاری تر، بووە هۆی زیاتر کامڵ بوونی هۆشیاری سیاسی لای شاعیر. بۆیە لە سەرەتاوە وەک زۆرێک لە خەڵکی کوردستان ڕوو دەکاتە بزوتنەوەی سیاسی کوردستان و دەبێتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان. ئایا چی ساڵێک بووەتە ئەندام، زانیاری نییە لەبەردەستدا. لەگەڵ دەرکردنی بەیانی یانزەی ئازار و جاڕدانی ئۆتۆنۆمی و ڕێکەوتنی پارتی و حکومەتی ناوەند لە ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا کار و چالاکیە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی هۆمەر پێنجوێنی، وەک زۆر لە ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتی، گەشە دەکات. یەکێک لە چالاکییەکانی نووسەر، ئەندام بوونە لە نەقابەی کرێکارانی پێنجوێن. ئەو لە ئەنجامی ناسراویی و شوناسی بەرگریکارانەی لە خەڵکی بەشمەینەت هەر زوو خۆشەویست دەبێت لە ناو کرێکاران دا. بۆیە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی نەقابەدا لەڕێکەوتی ٢٤-٢-١٩٧١دا کە ئەو و چەندکەسێکی تر کاندید بوون، هۆمەر هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆکی نەقابە. دیسانەوە هەڵبژاردن دەکرێتەوە لە ڕۆژی ٤-٣-١٩٧١ دا و ئەمجارەش هۆمەر بە ڕێژەی ١٥٦ دەنگ بەرامبەر ٨٤ دەنگ بۆ نزیکترین ڕکابەر، دەردەچێت و بە ڕەسمی دەبێتە سەرۆکی نەقابەی کرێکارانی پێنجوێن. لە ماوەی

ســـەرۆکایەتییەکەیدا زۆرتـــرین داکـــۆکی کـــردووە لە کرێکـــاران و زەحمەتکێشانی پێنجوێن.

لێـــرەدا جـــێگەی باســـە کە هەر لە ســـەرەتای ســـەندنی مـــافی ئۆتۆنـۆمی کە ئەوکـاتە بە دەسـتکەوتێکی زۆر مەزن تەماشـا کـراوە، کۆمەڵێک ئەندام و کەسایەتی ناو پارتی و دەرەوەی پارتی خەریکی دروست کردنی ڕێکخراوێکی چەپی نوێ بوون. ئەم کۆمەڵە خەڵکە زیاتر لە ژێر هەژمونی سەرکەوتنەکانی بزوتنەوە چەپە ماوییەکانی ئەو سەردەمەدا بوون. ئە م بابەتە و چۆنێتی شکڵگرتنی چەپی نوێی کوردستان زۆری لەسـەر نوسـراوە و ووتـراوە، کە لێرەدا پێویسـت ناکات باسی بکەین، سـەرچاوەیەکی زۆرهەیە کە خـوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆی. ئەم کەسـایەتییانە ڕێکخراوێکیـان دروسـت کـردووە بە نێـوی کـۆمەڵەی مارکسی لینینـی کوردسـتان، کە دواتـر دەبێـتە کـــۆمەڵەی ڕەنجـــدەرانی کوردســـتان. هـــۆمەر پێنجـــوێنی هەر لەســـەرەتای دروســـت بـونی کـۆمەڵەی مارکسی لینینـی، پەیوەسـت دەبێـت پێیـانەوە و چالاکـانە کـاری سیاسـی نهێنـی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیـدا دەسـت پێدەکات. سـەرکردەی دیـاری یەکێتـی نیـشتمانی کوردســـتان بەڕێـــز بەکـــری حـــاجی ســـەفەر لە بەشـــی دووەمـــی چـــاوپێکەوتنێکی دا لە ڕۆژنـــامەی خەنـــدان، کە لە لایەن خەڵەف غەفوورەوە ئامادە کراوە، ناوی عومەر محەمەد فەرەجی هێنـاوە بە یەکێک لە تێکۆشەرە دێرینەکان.

دوای مـاوەیەک کە نازانرێت چـی سـاڵێکە، بەڵام بە دڵنیـاییەوە دوای دروسـت بـوونی ی ن ک هـۆمەر واز لە کـاری ڕێکخراوەیـی

سیاسـی دێنێـت لە ڕیزەکـانی ئەو حیـزبەدا و بەشـێوەی سـەربەخۆ بەردەوام دەبێت لە خەباتی فکری و سیاسی خۆیدا.

ئەو نزیکـــایەتیەکی زۆر پەیـــدادەکات لەگەڵ ئەڵـــقە و کـــۆڕ و کۆمەڵە چەپەکانی ئەو کاتەدا بە تایبەتی لەڕێی براکەیەوە علی محمد فـەرەج کەناسـراوە بە مـوئەیەد ئەحـمەد، کە کەسـایەتییەکی چەپ و دەرکەوتوی ئەو کاتە دەبێت[٣].

خەڵکی پێنجوێن ئازارێکی زۆریان چەشتبوو لە ژێر دەسـەڵاتی شۆڤێنیـــستانەی ڕژێمـــی بەعـــس، بە تـــایبەتی دوای داگـــرتن و ڕاگواســـتنی دێهاتەکـــانی دەوری پێنجـــوێن و کردنـــی نـــاوچەیەکی فراوانی دەوروبەری پێنجوێن بە ناوچەی قەدەغە "محرمە".

لە بـارودۆخێکی وا دا کە لە لایەک بـزوتنەوەی چەکـدارانەی پارتی دیمـوکرات تـازە کۆتـایی هـاتبوو، هەروەک لە لایەکـی دیکەوە بـــزوتنەوەی کـــورد بە ســـەرکردایەتی ی ن ک تـــازە ســـەری هەڵدابووەوە و جم و جوڵی پێشمەرگە دەستی پێکردبوو، لە هەمـان کاتیـشدا شۆڕشـی ئێـران لە ئـارادا بـووە و نـاوچەیەکی فراوانـی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئـازاد بـووە، گیـانێکی شۆڕشـگێڕانەی بێوێنە لە خەڵکی شارۆچکەی پێنجوێندا گەشـەی سـەندبوو. لە ڕۆژی ١٨-٧-١٩٨٠ دا شوانێکی زەحمەتکێش بە نێوی دێوانە مەجید بەدەستی جەلادەکـــانی ســـوپای عێـــراق بە شـــێوەیەکی دڕنـــدانە لە دەشـــتی پێنجـوێن شــەهید دەکرێـت. ئەم کـارە دڕنـدانەیەی ڕژێمـی بەعـس

[3] ئێستا ڕێکخەری گشتی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستە لە عێراق.

تورەبوونی خەڵکی شـاری پێنجوێنی بە دوادا دێت و ڕۆژی دوایـی ئـاپۆڕای جەمـاوەری پێنجـوێن بەشـێوەیەکی حەماسـییانە تەرمـی دێـوانە مەجیـدی شـوان بە خـاک دەسـپێرن. لە ئەنجـامی تـورەیی خەڵـک، تێکپـژان و تونـدوتیژی لەگەڵ هێزەکـانی دەوڵەت دروسـت دەبێـت. شـایەنی باسـە کە بۆشـەوێ لە مـاڵی هـۆمەر پێنجوێنیـدا کۆبـونەوەیەک دەکرێـت و بڕیـار دەدرێـت کە بـانگەوازی خەڵکـی پێنجوێن بکرێت بۆ مـانگرتن و بۆ ئەومەبەستەش کاسێتێک تۆمـار دەکرێـت. بـۆ بەیـانییەکەی زوو هـۆمەر لە گەڵ تیمێکـدا کاسـێتەکە دەدەن بە مـجەوەری یەکێـک لە مزگەوتەکـانی پێنجـوێن. هەرچەنـدە مجەوەرەکە لە سەرەتاوە نایەوێت کارێکی لەو بابەتە بکات، بەڵام لە ژێر فشاری تیمەکەدا کاسێتەکە لە بڵندگۆی مزگەوتەکەوە لێدەدرێت و بەم جۆرە تەواوی دانیشتوانی شاری پێنجوێن بانگەواز دەکرێت بـۆ مـانگرتنی ٣ ڕۆژ بە دژی ئەو کـارە دڕنـدانەیەی ڕژێـم. لەم خرۆشـانەی شـارۆچکەی پێنجـوێن شـاعیر بەشـدارییەکی کـارای کردووە و خەڵکی جۆشداوە و هانداوە کە بەشداری فراوان بکەن. ڕاپەڕینـی پێنجـوێن بە سـەرەتای خەبـاتی مەدەنـی ناوشـارەکان دادەنرێت لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا.

دوو مانگ ناخایەنێت شـەڕی نەگریسی ئێران-عێراق دەسـت پێدەکات و شـاری پێنجوێنیش بە حوکمی نزیکی لەسنووری نیوان ئەو دوو دەوڵەتە هەر لەسـەرەتاوە دەبێتە مەیدانی جەنـگ. خەڵکـی شارەکە بە ناچاری ئاوارە دەبن بۆ شـارەکانی تری کوردسـتان بە تـایبەتی سـلێمانی. هـۆمەر پێنجـوێنیش خـۆی و خێـزانەکەی دەگوێزنەوە شـاری سلێمانی و بە نیازی هەرچی زووتـر گەڕانەوە بـۆ پێنجـوێن لەوێ نیـشتەجێ دەبـن. قۆنـاغی ژیـانی ئـاوارەیی و

کرێچێتـی وناکـامی ئـیش وکـار بە هـۆی جەنـگەوە ژیـانی زۆر لە خەڵکـی پێنجـوێنی نـاڕەحەت کـرد و هـۆمەریش لەو ناخۆشـییانە بێبەش نەبوو. بەڵام ئەو لە هەوڵ وکۆشش بۆ کەسابەت و ئیش و کار نەوەستا. چەندین پڕۆژەی ئیش و کاری خستەگەڕ. لە ساڵی ١٩٨١ دابە هـاوڕێیەتی حـاجی ئەحـمەد حـاجی عـارف و عمرحـسن سلێمان سـەفەرێک دەکات بۆ کوەیت  بە نیـازی هـاوردەکردنـی ٣ بارهەڵگری ئەلبی.

لە سـاڵی ١٩٨٢دا بـە ناچـاری ڕوی کـردە شـاخ، دوای ئەوەی بـانگی سـەربازی کـراو زیـاتر لە سـاڵێک لە گونـدی چـارخ لە شارباژێڕدا، کە ئەوکاتە ناوچەی ئازاد کراو بوو، ژیانی بردەسـەر. هەر لەوێوە بە هاوڕێیەتی محمد حاجی عارف ڕۆشت بۆ سەردانی علـی محمـد فـەرەجـی بـرای کە ئـەنـدازیار بـوو و ئەوکـاتە لە سەرکردایەتی لە بەشی تەکنیکی ڕادیۆدا کاری دەکرد و بە ڕێبوار دەناسرا. لەوێ شـەوی یەکـی ئایـار بە ئاهەنـگ و خۆشـی بە بۆنەی یەکـی ئایـارەوە بەسـەر دەبەن و پاشـان دەگەڕێـنەوە چـارخ. لەو گونـدەدا لە پێـشدا کەپرێـک دروسـت دەکـات و پاشـان بـۆ زسـتان خانویەک دروست دەکات. لەوێدا هەردەم دەرگـای کراوە بووە بۆ خـزمەت کـردن و بە هانـاوە چـونی کەس و کـار و هاوڕێیـانی، بە تایبەتی کە ڕایان دەکرد و دەهاتنە شاخ.

لە سـاڵی ١٩٨٣دا لە سـەربازی تەسـریح دەبێـت و ئەویـش بە خـاو و خێـزانەوە دێـتەوە شـاری سلێمانی وخـانویەک دەگرێـت بە کرێ لە گەڕەکی مەجیدبەگ.

چەپەکـــان لە ســـاڵی ١٩٨١ ڕێکخراوێـــک بە نێـــوی یەکێتـــی تێکۆشـــانی کـــارگەران دروســـت دەکەن. هـــۆمەر پێنجـــوێنی لەگەڵ

ئەوەشدا کە ئەندام نەبووە لەو ڕێکخراوەدا، بەڵام بە تەواوی هێز و توانـــایەوە پـــشتگیری لێکـــردوون. ئەو ڕێکخـــراوە دواتـــر تووشـــی کێـشەی نـاوخۆیی دەبێـتەوە و لە ئەنجامـدا چەنـدین ڕێکخـراو و ئەڵـــقەی چەپـــی لـــێ دروســـت دەبێـــت، کە دیارترینیـــان ڕەوتـــی کۆمۆنیستە. شاعیر بەردەوام دەبێت لە پشتگیری کردن و یارمەتی دانیان لە ڕوی ماڵ و مەسکەن بۆ خۆ شاردنەوە و مەخفی بوونی سـەرکردە و کـادرە کانیـان کە لەڕێـی مـوئەیەد ئەحـمەدی بـرایەوە دەیناسـین و تـا کۆتـایی ژیـانی بـە بـەردەوامـی پەوەندییەکی پتەو و دڵسۆزانەی لـەگـەڵیـان دا هـەبـوو. شـایانی باسـە نـەک هـەر عومـەر محەمەد فەرەج بەڵکوو تەوای خێزانەکەی خۆی و بنـەماڵـەکـەیان و لە نێویاندا جەلال محمد فەرەج[٤]، دریغییان نەکردووە لە پشتگیری و هاوپشتی کردنـی ڕێکخـراو و ڕەوت و ئـەو هاوڕێیانـەی کـە کاریـان تێدا دەکرد.

هـەروەهـا مـریم حـاجی عـارفی هاوسـەری بـە درێژایـی ژیـانی نووسـەر هـەمیشـە پشتگیری و هاوپشتی کـردووە لـە هـەمـوو کاتـە نـاخۆش و سـەختـەکاندا، لـە بـون و نـەبونیدا لـە شـاخ و لـە شـاردا، هەمیشە یارمەتیدەر و هاوکاری هاوسەرەکەی بووە.

هۆمەر جگە لەوەی بـاوکێکی خـەمخـۆر و پـڕ لـە سـۆز بـوو بـۆ منداڵەکانی، لە هەمان کاتیشدا لە زۆربەی بڕیـارەکانیدا ڕای ئـەوانـی

[4] جەلال محمد فەرەج شاعیر و ڕۆشنبیرە و چەندین کتێبی چاپکراوی هەیـە. نازنـاوی "شکۆ" ی هەبووە لە سەرەتاوە، بەڵام لە ناوەڕاستی هـەشـتاکانەوە نازنـاوی "بـژار" ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

وەردەگرت، بـە تایبـەتی ڕای بـەهـاری کچـە گـەورەی کـە هـەمیشـە هاندەر و پاڵپشتێکی بەهێزی باوکی بووە و لە کاتە سەختەکاندا بێ سڵەمینەوە هاوکاری باوکی کردووە.

ســاڵانی هەشــتاکان بـۆ شــاعیر ســاڵانێکی پـڕ لە ناخۆشــی و نەخۆشی وڕەنجدیدەیی بوو. دوای ئەوەی کە بـارودۆخی گوزەران و ئـاوارەیی وسیاسـی بەردەوام زۆری بـۆ هێنـا لە سـاڵی ١٩٨٦ دا هەوڵیدا لە ڕێی نـاوچە ئازادکراوەکـانەوە خۆی بگەیەنێتە ئەوروپـا وەکـوو پەناهەنـدەی سیاسـی. بـۆ بەئەنجـام گەیانـدنی هەوڵەکەی، زۆرێـک لە کەل و پەلـی نـاو مـاڵەکەی فرۆشــت و خـۆی گەیانـدە ناوچەی ئازاد لە گوندی چۆخماخ بۆمـاوەی مانگێک مـایەوە. بە ڵام بە هۆی نەخۆشییەوە پلانەکەی هەڵوەشاندەوەو گەڕایەوە شار.

هـۆمەر لە نیـوەی دووەمـی هەشـتاکان زیـاتر خەریکـی کـار و کاسـپی بـوو و لە هەمـان کاتیـشدا بەردەوام خەریکـی خوێنـدنەوە و جار و باریش نووسین. شاکارێکی شیعری بە نێوی "نەنەخورشـی" لەو کــاتەدا نووســی، کە تێیــدا لە ڕێــی دوانــدنی نەنەخورشــی کە خـانمێکی بەتەمەنـی پێنجـوێن بـوو بەشـێوەی هـۆنراوەیەک بـاس لە حەسرەت و ئارەزوویەک دەکات کە لێقەوماوانی پێنجوێن هەیانە بۆ زێدی باو و باپیریان. لەو شیعرەدا گیـانی بەرهەڵستکاری ئاوێتە بە بیرەوەری و خۆشەویستی بۆ شاری پێنجوێن و خەڵکە ئازیزەکەی بەرجەستەکراوە. لە خوێندنەوەی هۆنراوەکەدا و لـە نـاخی شـاعیردا بـوونی مرۆڤێکـی شۆڕشـگێڕ و نـاڕازی لـە بـارودۆخی چینایـەتـی و شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق بە جوانی هەست پێدەکرێت. ئە و هەمیشە لەخولیای ئازادی و ڕزگـاربوونی خەڵکی بەشـمەینەت دابوو. لەساڵی١٩٩١دا خەڵکی کوردسـتان بە دژی ڕژێمـی فاشیسـتی

بەعـس ڕاپەڕیـن و زۆرێـک لە ناوچەکـانی کوردسـتان ئـازاد کـران. هۆمەر ئێجگار شادومان و دڵخۆش بـوو بە ڕاپەڕین، چـونکە بێجگە لەوەی کە ئازادی بەرقەراربوو فرسەتێکیش هاتە پێشەوە کە بیر لە گەڕانەوە و ئـاوەدان کـردنەوەی پێنجـوێن بکـاتەوە. بۆیـە یەکەمـین کەسانێک بـوو کە مـاڵ و حـاڵی ئامادە کرد پێش هێرشـی ڕژیم بۆ کوردسـتان و ئـاوارە بـوونی خەڵـک، ئەو خـۆی گەیانـدە پێنجوێن بە نیـازی ئـاوەدان کـردنەوەی زێـدی بـاو و بـاپیران. بەڵام دوای چەنـد ڕۆژێـک لە گواسـتنەوەی مـاڵەکەی بـۆ پێنجـوێن بە لێـشاو خەڵـک ئـاوارەی پێنجـوێن بـوون. خەڵـک لە حـاڵێکی زۆرخـراپ و نالەبـاردا ژیانیـــان دەبـــردە ســـەر. هۆمەرلێرەشـــدا دیـــسانەوە هەســـتی مرۆڤدۆسـتانە پـاڵی پێـوە نـا کە زۆرتـرین هاوکـاری خەڵـک بکـات و ئەوەی لە بەردەسـتیدا بـوو نەیتـوانی بە تەنهـا بیخـوا بەڵکـو بـووە قەڵایەک و مەئوایەک بۆ زۆرێک لە ناسیاو و نەناسیاو.

لە هەمان کاتیشدا توانی فریای هاوڕێیانی ڕەوتی کۆمۆنیست بکەوێـت لە ڕووی شـوێن و پـەناگـاوە و لەو ڕۆژگـارە سـەختەدا بـوونی ئەو بـووە هـۆی کۆبـونەوەی ئەو هاوڕێیـانە بـە دەوری یەکتریدا. تائێستاش دەور و نەخشی هـۆمەر پێنجوێنی لە و ئـان و ساتە دەربەدەری و ناخۆشـەدا وێردی سـەرزمانی ئەو هاوڕێیانەن. تەنانەت لە فریاکەوتنی خەڵکی دیکەدا هیچ درێغییەکی نەکرد و بە چەندین شێوە یارمەتی خەڵکی لێقەوماوی دا.

لەگەڵ دەســـــتپێکردنی دانوســـــتان و مفـــــاوەزاتی بەرەی کوردسـتانی لەگەڵ ڕژێمـی بەعـس، هیـوا و ئاواتێـک کە چەپەکـان هەیانبوو ڕەویەوە و ڕۆژ دوای ڕۆژ دەسـەڵاتی بەرەی کوردستانی زیـاتر جێگیـر دەبـوو. شـوراکان و چەپەکـان لەو کێشمەکێـشەدا

پاشەکـشەیان کـرد و کەوتـنەبەر هێـرش و فـشار و ڕاوەدوونـانی هێزەکـــانی ســـەربە بەرەی کوردســـتانی. ئەمەش بـــووە هـــۆی کۆچکردنی زۆرێک لە ئەندامان و کەسایەتی ناسراوی چەپ بەرەو ئەوروپا. هـەروەهـا لـەو بارودۆخـەدا خـەڵکێکی زۆر لـە جـەمـاوەری کوردستان و لە نێویاندا هۆمەر ڕێی هەندەرانیان گرتەبەر. شاعیر لەساڵی ١٩٩٣دا بەرەو تورکیا کۆچی کرد و ساڵی ١٩٩٥ بەتێکڕای خێزانەوە گەیشتە دانمارک ولەوێ نیشتەجێ بوو.

ئەوهـــاتنی بـــۆ ئەوروپـــا تەنهـــا لە پێنـــاوی گەیـــشتن بە خۆشـگوزەرانی خـۆی وخێـزانەکەی سـەیرنەدەکرد، بەڵکـوو خـۆی تەرخان کرد بۆ هەرچی زیاتر پاڵپشت و کۆمەکی مادی و مەعنەوی بۆچـەنـدین ناسـیاو و هـاوڕێ و تەنـانەت خەڵکـی کەمـدەرامەتی نەناسـراویش. ئەتـوانین بڵێـین خەبـاتێکی تـری بە شـێوەیەکی تـر دەستپێکرد.

لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ هـاوڕێیەکی ئـاوای نوسیوە"ڕاسـتی ڕاســتی ئەوە بە تەواوی تەعمـــی ناخۆشـــی دووری ئێوەومانـــانی ئازیزم چەشت. هەمیشە لە یادتانام، بیرتان دەکەم، بە ئـاواتەوەم کە هەرچی زووتر چاوە کزەکانم بە بینینی ڕووخساری پڕ لە صـەفات ڕۆشـن بکەمەوە و دیسان بە زیارەتت بگەمەوە......برام ئێمە قەت بڕواناکەم یەکمان لە بیر بچێتەوە. ئێمە لە منـاڵییەوە دەستە ڕەفیق بووین، ژیانێکی زۆر و تولانیمان بردۆتە سـەر. ژیـان چەند سـەخت و قورس بووبێت، چەند هیلاککونەندە و مەئساوی بووبێت، چەند ناڕەحەتی و مشەقەت بووبێت، چەند برسیەتی و تینوێتی بووبێت، چەنــد هەژاری و نەداری بووبێــت، هەر بە پێکەنــین و محــبەت و احترامەوە ڕامـان گوزەراندووە. هەمیشە و هەمیشە بەلەنگەر و لە

سـەنگەردا بـووین دژی هەر جـۆرە چەوت و چەوێڵییەک، دژی هەر جۆرە زوڵم و ستەمێک، دژی هـەر جۆرە ناعەدالەتی و نامسـاواتێک، دژی هەر کەشـــــخەچی وســــاختەچییەک. وە لایـــزال مــــن لەو عەقیدەیەدام کە هەر استمرارین هەر استمراریش دەبین لەسـەر ئەو ڕێچـکەیەی گرتوومـانە. ئیتـر هەرچەنـد جـار بە جـاریێ بەزەرەری مـادی شـکاوەتەوە بەسـەرماندا، بەڵام لە لایەکـی تـرەوە هەر پـڕ بە دنیایەک سامان و قازانج بوو بۆ بۆ استراحەتی ویژدان و دەرونمـان، بۆ تهدیەی ئەعـصابمان، بۆسـمعەی جەماهیریمـان. سـەد شـکور کە هەمیشە و هەمیشـە سـەربەرزین لە ئاسـتی محاسـەبەی ویژدانـدا و سەرشـۆڕ و ملـشۆڕ نیـین. ئێمە تەمەنمـان وا لە پەنجـا لائەکـاتەوە، تاقە ثەروەتێ بۆمان مابێتەوە چاکە و مواقفی پیرۆزمـانە بۆ خەڵکی ستەمدیدە و زەحمەتکێش و مظلومین و دژ بە زاڵم و سەرکەشـان و لەخـۆ بـایی بـوان. خۆشـا بە حاڵمـان، خۆزگەمـان بە خۆمـان کە بە کەمــاڵی مەیـل و وویــژدان ئاســوودەین. دەی کەوابــوو چــی لەوە باشــترە خەرمــانی چــاکە و خزمەتگــوزاری مەردومــی بــێ نەوا و مظلـوم و زەحمەتکێش زیـاتر پڕلە پیت و بەرەکەت بکەیـن و چەنـد بتوانین کۆی خەرمانمان کەین بە کێو"

لە ســـەرەتای هــاتنی بــۆ دانمــارک هــۆمەر ووردە ووردە نەخۆشـی سـەری لێهەڵدا و لە سـاڵی ١٩٩٧ دا نەخۆشـی شـیرپەنجە دەگرێت. ئەو شەهامەت و جورئەتی تەنها لە ئاسـتی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا نەبوو، بگرە بەرامبەر دەرکەوتنی ئەو نەخۆشییە ترسـناکە، کە دکتۆرەکــان هەر لە ســەرەتاوە بە خۆیــان ڕاگەیانــد، ئەوپەڕی نەترسـانە و بە وورەیەکـی بەرزەوە بەرەو ڕووی بـویەوە. تەنـانەت خۆی هەمیشە هەوڵی دڵخۆشـی کردنـی ئەنـدامانی خێزانەکەی بـوو.

هۆمەر لە کـاتی کەوتنـی لە خەسـتەخانە بـە شـێوەیـەکی بـەردەوام داوای کتێبی دەکرد. چەند کتێبی فارسـی لەو مـاوەیەدا خوێندەوە. کاتێک کە دەستی توانـای گرتنی کتێبی نەبوو، بە شـیوەی کاسـێت ونەوار گـوێی دەگـرت لە خوێنـدنەوەی کتێـب. زۆرێـک لە کتێبـی کتێبخانەکانی دانمارک ئەو کاتە نەواریشی لەگەڵدا بوو بۆ کەسێک کە نەتوانێــت کتێــب بە دەســتەوە بگرێــت. ئەو کە لە ســەرەتای شەستەکانەوە ڕۆژژمێری دەنووسییەوە، لە کـاتی نەخۆشییەکەشیدا بەردەوام بوو لە نوسینەوەی ڕۆژژمێرەکەی تا ئەو کاتەی دەستی قەڵەمی دەگرت بەردەوام بوو. ڕۆژی ٦-٨-١٩٩٧ کۆتـاڕۆژ بوو کە توانی ڕۆژژمێر بنوسێتەوە. دوای دوو هەفتە و لە ڕێکەوتی ٢١-٨-١٩٩٧ بۆ دواجار چاوی لێکنا و کۆچی دوایی کرد و دوای خۆی خەرمانێک چیرۆکی لە هەڵوێست و ئاگایی و جەسارەت جێهێشت.

# هۆنراوە

## باوکم

ئاسنەوە تەموزی ١٩٦٦

ئـــــەی باوکــــــەکـــــەی دور وڵاتـــــم
پـــــــــشتیوانی گـــــــشت ئـــــــــاواتم
تـــــاجی ســــــەرم هـــــۆی شــــانازیم
هـــــۆی مـــــاقوڵی و قـــــەدرو شـــــازیم
غـــــەم خـــــۆری غـــــەم و پـــــەژارەم
بـــــــەرێـــــــوەبـــــــەری ئیـــــــدارەم
هـــۆی خۆشـــــی مـــــن هـــۆی ژیـــانم
بـــــــۆ تـــــــەنگانـــــــە پـــــــشتیوانم
هـــەر تـــۆی بـــۆ مـــن کـــە بـــەکـــەڵکـــی
بـــۆ مـــــن باشـــــتری لـــــە خـــــەڵکـــی
بـــــە ئـــــارەقـــــی نێـــــو ناوچـــــاوان
منـــت بـــە گـــەنجـــت پـــێ گـــەیـــان
بـــەرگ و نـــانم تـــۆ پـــەیـــات کـــرد
هـــــەتـــــا منـــــت پـــــەروەردە کـــــرد
بـــۆ مـــن کێـــشات چـــەن ئـــێش و ڕەنـــج
چـــەن گـــەنجـــت دا تـــا بـــوم بـــە گـــەنـــج
ئێـــستاش گـــەر تـــۆ نـــەبـــی ســـاتێ
تـــەنـــگ و چـــەڵـــەمـــە ئـــەم گـــاتێ

ئـــــەی بـــاوکی بـــە ڕێـــز و ژیـــرم
تـــێ گــــە یـــشتویی خـــاوەن بیـــرم
خــــەیـــاڵ نـــــەکــــەی کـــە ناپیـــاوم
ڕەنجـــــت نییــــە لــــە بـــــەرچـــاوم
بــــە پێچـــــەوانـــــە بابـــــە گیـــــان
خزمـــــــەت کــــــارم تـــــا دوا ژیـــــان
ئیتـــر خۆشـــیت ئـــەی تـــاجی ســـەر
بچـــوکی خـــۆت کـــــورت عومـــــەر

## بۆ ئەو شۆخەی هەموو ئێوارانێک
## من دەخاتەوە سەر سەودا

هۆمەر پێنجوێنی ١٩٦٧

بـــه ســـــەر پۆشـــی ئـــاڵی تـــەنــک
پولـــــەکــــه ریـــز دەنـــک دەنـــک
لــه ژێــر ســـەرپۆشـــی پرچـــی (کـــاڵ)ا
یـــــەک کــــەوتـــــوون ئـــــاڵ و والا
پێچـــــی داوە قـــــژ بـــــەرەو خـــــوار
یــا بــه ســێ پـــەلکــه یــا بــه چـــوار
ئــەخــشێ لــه ئــەرز پــەلکــەی زێــڕین
لـــــه بیـــر دەبـــا ئێـــستە و دێـــرین
جـــــوتێ چـــــاوی ڕەشـــــی جـــــوان
ڕیـــــزی ســــــەربـــــازانی بـــــرژان
کـــەوانـــه ئـــەبـــرۆی پـــێ کـــەوتـــوو
نـــابێ و نـــەبـــووە نـــەک ئێـــستەش زوو
ئـــەو کوڵمـــه ئاڵـــه بـــێ غـــەشـــه
بـــه خـــەنـــدە ئـــەو ئـــەکـــا گـــەشـــه
لێـــوی قـــەیتـــانی مـــەیلـــه و ئـــاڵ
دەم بچـــــوک وەک دەمــــــی منــــــاڵ

چەنەیەک خڕخاڵێک[5] لەسەر
ئەدرەوشێتۆ وەکوو گەوهەر
گەردنی بەرز بێ گەرد و زەرد
دانەری غەم لابەری دەرد
سینە و مەمی وێنەی گوڵزار
لە سەیری هەر نابی بێزار
باڵا نە کورت نەوەک درێژ
شیاوی ستایش بۆ بوێژ
کاتی ئێواران بۆ کانی
گۆزە دەخاتە سەر شانی
بە لەنجەو لار بە نازەوە
هەر ڕۆژ بە بەرگی تازەوە
خەڵقی دەخاتە داد و گیر
لە دەوڵەمەند هەتا فەقیر
گشت دێنە سەیر بە سەرسامی
سەیری باڵای نەونەمامی
ئەویش بێ باک وەک کارغەزاڵ
ئەگەڕێتەوە بەرەو ماڵ
جار جار تیری چاو هاویشتن
بۆ کوشتن و بۆ خوێن ڕشتن

[5] لێرەدا خڕخاڵ بە مانای خاڵی خڕ دێت نەک بازنی دەست.

بـــێ دەرمـــانی بـــێ خـــەنـــدەیـــە
بـــێ بــــەزەی بــــە بــــەنـــدەیـــە
دەڕواتـــــەوە بــــە لــــــەنجــــەو لار
بەرەو کۆشـــــــک و بــــــاخ و تەلار

لە ساڵی ١٩٦٧ کە گوڵبەهاری کچم بوو نامەیەکم بۆ هات لـە لایـەن دۆستێکمەوە تیا نوسیبوو ( کاک عمر پێم ناخۆش بوو کچت بووە) منـیش بـە ڕاسـتی دڵـم گـەرم بـوو بـەم جـۆرە وەڵامـم دایـەوە کـە هـەڵبـەستە و هـەرچـەندە زۆر تێکـەڵاوە بـە وشـەی بێگانـە و وێنـەی بەیتی وەرگرتووەو شێوەیەکی پێ شیاو نییە بـەڵام هـەر بە باشـم زانی کە بینوسم وە ئەمەش هەڵبەستەکەیە بە ناوی:

## جیاوازی نییە لە بەینی کوڕ یا کچ

پێنجوێن ٢٠-٤-١٩٦٧

کچـــــیش وەکـــــو کـــــوڕ وایـــــە
خـــــــەڵاتـــــــی لای خوایـــــــە
مرۆڤـــــــی ســـــــەر دنیایـــــــە
نـــــەفـــــسانییەتـــــی تیایـــــە
خـــــاوەن عـــــەقـــــڵ و حـــــەیایـــــە
ســـــوودی بـــــەشـــــەری تیایـــــە
دەرمـــــــــانی دەردی لایـــــــــە
لێنـــــــەری چێـــــــشت و چایـــــە
باشـــــترە لـــــە دەســـــت مایـــــە
هـــــۆی تـــــاج و تـــــەختـــــی شـــــایە
دڵ خۆشـــــــکەری گـــــــەدایـــــــە
دواڕۆژ دەبـــــــێ بـــــــە دایـــــــە
بـــــەشـــــەر بـــــە زێ و زایـــــە
کـــــچ نـــــەبـــــێ کـــــوڕیش نایـــــە

کـــورِ بـــێ کـــچ بـــە کـــەڵـــک نایـــە
بـــــۆ کـــــورِ ســـــێبەرە و ســـــایە
پـــــرِ ســـــود و پـــــرِ بـــــە قایـــــە
بـــــۆ بـــــاوک بـــــەوەفایـــــە
بـــــۆ دایکـــــیش هـــــە ر وەهایـــــە
کـــــچ غـــــەم خـــــۆری برایـــــە
بـــــۆ مـــــاڵ وەکـــــو چرایـــــە
کـــــچ بـــــەشـــــی لـــــە ژیـــــن دایـــــە
کـــــچ بـــــۆ کـــــورِ مامۆســـــتایە
کـــــچ لابـــــەری جـــــەفایـــــە
کـــــچ هـــــۆی ســـــەیـــــرو صـــــەفایـــــە
وەلایـــــی بـــــەبـــــێ غایـــــە
قـــــسەم راســـــت و رِەوایـــــە
دور لـــــە درۆو ریایـــــە
ژیـــــن بـــــێ کـــــچ بـــــە کـــــەڵـــــک نایـــــە
ســـــا بـــــە قورئـــــان هـــــەر وایـــــە

# سکاڵا

کـــەی ئـــەمـــە نانـــە پادشـــای یـــەزدان
تـۆ ئـەی دەی بـە مـن بـۆ مـان و ژیـان
ڕۆژ تــــا ئێـــوارە کێـــشاندنی بــــەرد
شەو بۆ شەو لەوەڕ بە هەناسەی سەرد
خۆم و صدیق و سێ یسری شـەش دانگ
ئـــەوا نزیکـــە بـــۆ مـــاوەی دوو مانـــگ
کـات بێـژ هـەشـتی شـەو تـاکوو نیـوەڕۆ
ئـەبـێ بـەرد کێـشم بـە بـێ سـڵ و کـۆ
هێـــشتاکو دە پـــول پـــارە شـــک نابـــەم
دوچـاری ئـێش بـوم بـە ناسـورو غـەم
خوایـــــە بـــــەزەی بـــــۆ ئێـــــستاو دواوە
ڕانــــک و چۆغـــــەکــــەم تــــەواو دڕاوە
پــــارەشــــم نیــــە قــــاتی تــــەواو کــــەم
هـەناسـەم سـەمـای هـەمـوو کـرد بـە تـەم
ئیتـــــر هیوامــــــە بـــــۆ ئــــــەمــــــەو دوا
بــــــەزەیــــــت پیامــــــا بێتــــــەوە خــــــوا

# نامەیەک بۆ عەلی برام

پێنجوێن

بـــرای لـــە مـــن دور لـــە ســـلێمانی
سـەرگـەرمـی خوێنـدن دەرسـی جیهـانی
چـــرای دوا ڕۆژی گـــەل و نیـــشتمان
بـۆ مـن بـەجـێ تـر لـە سـامان و گیـان
بـرای خۆشـــەویـست مایـــەی شـــانازی
نـەک مـن بـە تـەنهـا عالـەم لێـی ڕازی
بـــرای بـــەڕێـــزم دور بـــی لـــە بـــەڵا
علـــی محمـــد فـــرج عـــەبـــدوڵا
هـــەر لـــە پێنجوێنـــۆ تـــا ســـلێمانی
ســـڵاومت پێـشکەش ئـەی بـرای گیـانی
پـێش کـەشـت سـڵاو بـرای پـڕ هۆشـم
بـــۆ بینینیـــشت زۆر بـــە پـــەرۆشـــم
دوریـــت دڵ تـــەنگـــی شـــادیت ئـــاواتم
هیـــوام چـــرا بیـــت لـــە بـــۆ وڵاتـــم
هەر سەرکـەوتـوو بیت بـەرز بیت پایـەدار
پیاوێـک بـەناوبانـگ لـە دێهـات و شـار
دایـــم دوژمنـــی چینـــی زۆردار بـــی
بۆ لـەنـاو چونیـان هـەر دەس بە کار بی
پیـاوێ گـەوره بـی و نیـشتمان پـەروەر
لـە ڕێگـەی شـەرەف بگـەیتـە سـەروەر

بــەزەیــت هــەبــێ دایــم بــۆ هــەژار
پیــاوەتیــت هــەبــێ هــەزار بــە هــەزار
مێــژوو بتنوســێ بــە شــانازی کــورد
بــۆ گــەلــی هــەژار بیتــە ڕێگــەو پــرد
بلیمـــەتـــێ لـــە هـــەمـــوو جیهـــان
تــاریخ بــت نوســێ بــە گــەورە پیــاوان
بــە کــز نــەنیــشی دایــم هــەر شــاد بــی
خــۆت و گــەلــەکــەت دایــم ئــازاد بــی
بـوکی سـەربـەسـتی هـەر لات میـوان بێ
ماڵــت هــەمیــشە وەکــو دیــوان بــێ
مــشکل گوشــاد بــی بــۆ مــشکل داران
حــە سـێنۆ لــە لات دەســتەی هــەژاران
ئـــەوەنـــە ئـــەزانـــم ئـــاواتم وایـــە
پیاوێک بیـت مـەشـهور لـەم گشت دنیایـە
نەک پیاوێ مەشهور لە ڕێی خوێن ڕێژی
بــەڵکـو پیاوێـک بیـت هــەر حـەق ببێـژی
هـــەتـــا دڵـــۆپێ خوێنـــت تیـــا مـــابێ
ئــەبــێ وەطــەنــت هــەر لــە بیــرا بــێ
گــەییتــە پایــە نــەکــەی ســەد ئامــان
فــەرامۆشــی کــەیــت گــەل و نیــشتمان
وەک ئـەو کـەسـانەی کـە گـەیـشتنە نـان
ئیتــر بیریــان چــوو کــورد و کوردســتان
ئــەو کوردســتانەی کــە گــشت ئــەزانــین
ئــەوە چــەنـد قـەرنـە هـەر سـەرگـەردانـین

ئەبێ ئەو کاتە هەر بکەیت خەبات
هەتا گەلەکەت ئەگاتە ئاوات
نەکەی کۆڵ بدەیت لە تێکۆشانا
ورە بەر نەدەیت قەت لە ژیانا
هەر هەنگاو بنێ بەرەو پێشکەوتن
هەرگیز نەترسی لە کۆسپ و کەوتن
ڕێگەی تێکۆشان مەعلومە سەختە
بەڵام برینی بۆ دوایی بەختە
چون تۆی تازە لاو کە ڕۆشنبیری
زۆر ئاشکرایە کوڕێکی ژیری
پێویستە وەطەن گریتە پێش چاو
دور بی هەمیشە لە داو و زەلکاو
مەڵێ منالم هێشتا لە کوێمە
وەطەن پەروەری و تەمەنی ئێمە
ئیتر خوات لەگەڵ دور بی لە کەدەر
پێنجوێن ٣/١٩ برای خۆت هۆمەر

## بۆ نەژاد

نەژاد ئەی کۆرپە ساواکە
نەژاد ئەی ڕۆژ لێ ئاواکە
نەژاد تاقە گوڵی دایە
نەژاد بۆ نوزەت دەرنایە
نەژاد بۆچ جاوت نوقاوە
پشتت بۆ شین هەڵگەڕاوە
بۆچی وەها بەدەست و برد
بەجێت هێشتین و کۆچت کرد
بۆ چویتە حاجی شێخ نەژاد
لەگەڵ جوانیت و بیروراد
خەفەت ما بۆ ئێمەی هەژار
شاد بوی بە بەهەشتی نازدار

بۆ دێ جوانەکەی کوردستانی ئێران کە لەگەڵ چەند خوشکێکی تر وەک بایەوەو کارێز باوەشی بەزەییان کردووەتەوە بۆ کوردە لێ قەوماوەکانی عێراق لە ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠

## ئاسنەوە

ئاســـــنەوەی شـــــۆخ و دڵگیـــــرو جــــوان
بـــوکی نـــاو کـــەژ و چیـــای کوردســـتان
پـــەناگـــای گـــەلـــی کـــوردانی عێـــراق
ئـــەو گـــەلـــە کـــەوا دڵ پـــڕ لـــە مـــەراق
دەربـــەدەر کـــەوتـــن دەرکـــران لـــە خـــاک
لـە ترسـی کوشـتن تـۆش وەک خوشـکی چاک
بـــاوەشـــت گـــرت و هـــەمـــووت پـــەنـــادان
لات دان لـــــە کوشـــــتن گـــــرتن و تـــــاڵان
یـــاخوا تـــا دنیـــا هـــــەیـــە ئـــاوا بـــی
بـــەو شـــەرتـــە دایـــم تـــۆ هـــەر ئـــاوابی

## یسرەکەم

یــــسره جوانــــەکـــەم زەردی خورمـــایی
هیـــــوای ژیـــــانم ژینــــی گـــــەدایـــی
چـاو ڕەشـی چـاو گـەش بـەرزه بـاڵاو جـوان
هــەمــوو گیانــت ریـک بـیَ دەنـگ و زوبـان
مایــــەی ماڵــــەکــــەم هیواکــــەی ژیــــنم
ســـــامان و پـــــاره و جـــــوت و ماشــــینم
لـــە جـــیَ ی دوکـــان و گـــەز و نیـــو گـــەزم
هـــاوڕیَ هـــەمیــشەی گـــشت بـــەزم و ڕەزم
هیـــوای شـــادی مـــن لابـــەری غـــەمـــان
پـــەیـــدا کـــەرەکـــەم پـــاره و ئـــاو و نـــان
ئامـادەی گـشت کـات بـۆ سـواری و بـۆ بـار
ڕۆژ و ئێـــواره و بـــەیـــان و شـــەوگـــار
تـــا مـــاوم بـــۆ تـــۆ هـــەر منـــەت بـــارم
ئـــــارامی ئێـــــشی دڵـــــەی غـــــەمبـــــارم
لـــە خـــوام داوایـــە دور لـــە ئـــازار بـــی
بـۆ قـازانجی مـن هـەر دەس بـە کـار بـی

## ئەمەریکا

پێنجوێن ٢٦-٣- ١٩٧٠

ئــەی ئــەمــەریکــا ئــەی ئــەهریمــەن
ئــەی خــوای شــەڕ و ئــەی ناپــەســەن
هــەتــاکو کــەی هــەر خــوێن ئــەمــژی
هـــەتـــاکو کـــەی انـــسان ئـــەکـــوژی
بــەســە تیـّـر خــۆ نــەک شــەق بــەری
لـــەنـــاو چیـــت وێنـــەی هیّتلـــەری
هاکـــا زەحمـــەتکـــێش و هـــەژار
کۆببنـــەوە لیّـــت کـــەونـــە کـــار
کۆشـــکەکانـــت لـــە واشـــنطۆن
ســـەرای حوکمـــت تـــازە یـــا کـــۆن
بیـــــڕوخێنن کۆشـــــک و تـــــەلار
لـــە نـــاوت بـــەن ئـــەی نابـــەکـــار
بـــەســـە زوڵـــم ئـــەی ئـــەهریمـــەن
آورمـــــەزدا بتکـــــا بـــــە پـــــەن

## بۆ برایەکی سەرباز

پێنجوێن ١٩٧٣/٢/١٦

سەربازەکەی تازە لاوم
پێ گەیشتوی پێ شیاوم
دور کەوتوەکەی دور لە باوان
ئەی بەهەرەدار دور لە تاوان
نەمامی نەوڕەسی دایە
تازە پێ خستووی ناو کایە
هەموو هیوای دایە پیرە
ئەو دایکەی ئاوا بەو شیرە
بە سینەیەوە ئەلکانی
ئەت خوارد شیر وەک ئاوی کانی
تۆی پێ گەیاند بۆ ئارامی
بۆ دەرمانی ئێش و زامی
سەربازەکەی لە ئێمە دور
کەوتوی دەشتی بە بێ سنور
ئاوارەی دەشت و بیابان
وێڵی ناو کوچە و خیابان
سڵاو و هەواڵ بە تاسەوە
بە دوکەڵی هەناسەوە
پێش کەش بە تۆ کاکی سەرباز
بۆ نیشتمان وەکو جانباز

خزمـــەت ئـــەکـــەی درێـــغ مـــەکـــە
تـــا لـــە شـــانتایە ئـــەو چـــەکـــە
خـــوات لـــەگـــەڵ هـــەتـــاکو بـــەهـــار
تـــەســـریح ئـــەبیـــت بـــرای نـــازدار
عمـــــــــــر براکـــــــــــەی دور وڵات
ســـاڵ حـــەفتـــاو ســـێ شـــانزەی شـــوبات

## نامەیەک بۆ یار

سلێمانی  ئوتێل صلاح الدین

بە کوێت بڵێم کە جوانە
ڕەوشتت یا نیشانە
بالاو چاوت یا پرچت
جوت مەمکی کاڵ و کرچت
سینەی سپی نەرم و شل
چەنە، دەم یا شان و مل
گەردن، برۆ یا برژانگ
سەر تا بە خوارت شەش دانگ
دەرونی فراوانت
دڵی ناسک وجوانت
ڕەوشتی بێ شورەییت
هەمیشە بێ تورەییت
نەرم و نیان و لەسەر خۆت
خەڵاتە و خوا داویە بۆت
وەفای عەهد و پەیمانت
خۆش ویستی دەزگیرانت
دوریت لە کردەی ناجوان
ئەی کیژۆڵەی مامەی شوان
چۆن لە یادی من ئەچی
ئەوەند بێ لەکەو کەچی

تـوخـــــــوا کچـــــــە جوانـــــــەکـــــــە
هـــــــەر وەک ئـــــــەو زەمانـــــــەکـــــــە
لـــــــەســـــــەر قـــــــەول و قـــــــەرار بـــــــە
تـــــا ماویـــــت هـــــەر بـــــۆم یاربـــــە
مـــن هـــەر چـــاو لـــە ڕێگـــەی تـــۆم
کـــە ئـــای لاڤ یـــو بنێـــری بـــۆم

{وەڵامی نامە}

خۆشـــــەویـــــست تـــــر لـــــە گیـــــانم
لاوە شـــــەنگـــــەکـــــەی جـــــوانم
چـــــــاو بـــــــۆ بینینـــــــی تۆیـــــــە
بۆیـــــــە بـــــــە ڕەنـــــــگ و بۆیـــــــە
واش نیـــــە وەک ئـــــەفـــــەرمـــــوی
گـــــەر لـــــەســـــەر قـــــسەی پێـــــشوی
منـــــیش هـــــەر یـــــارەکـــــەی زووم
هـــــەر بـــــەوەفـــــاو بـــــە ئـــــابڕوم
مـــــەڕوانـــــە بـــــۆ مـــــن وەک پیـــــاو
ئێمـــــەی ئـــــافرەتـــــان تـــــەواو
تـــــەنهـــــا هاوســـــەری ژیـــــان
هـــــەڵئـــــەبژێـــــرین بـــــۆ خۆمـــــان
وەک پیـــاو چـــڵ و چـــۆ ناکـــەیـــن
بـــۆ ســـاتێک خـــەڵـــک بـــە پـــەن کـــەیـــن

بۆ ساتێکی ڕابواردن
لە ناموسی خەڵک بوردن
ئێمە نین پیشەی پیاوە
ئەو کارە لایان باوە
ئێمەی کچی کوردستان
تا دوا هەناسەی ژیان
بەس خاوەنی یەک دڵین
بۆ یەک کەس هەر بە کوڵین
بەڵام ئێوەی دەستەی پیاو
زۆرتان تیایە ناتەواو
نەک دڵێ زۆر دڵتان هەس
تێر ناخۆن بە دڵی کەس
تۆیش ئەگەر پەشیمان نی
لە ڕیزی ئەوان نا بی
من هەر ئەو بڕیارەیە
تا مردن ئەو یارەیە
بیەوم یا نەیەوم
من هەر گیرۆدەی ئەوم
پێت خۆشە گەر ئای لاڤ یو
وا بۆم ناردیت زوو بە زوو
تۆیش ئای لاڤ یو بنێرە بۆم
توخوا با خەفەت نەخۆم

## کۆتری ئاشتی[٦]

ئـــەی کـــۆتری ئاشـــتی و ئاســـایش
نـــۆرەتـــە خـــۆت کـــە ئـــارایش
پـــەرواز بکـــە خـــۆت بنوێنـــە
قـــەڵای ســـتەمکـــار بڕمێنـــە

[6] ئەم هۆنراوەیەی لە جەژنی نەورۆزدا لە سەرەتای حەفتاکاندا خوێندووەتەوە. هۆنراوەکە درێژ تر بووە لەوەی کە لێرەدا نوسراوە، بەڵام بە داخەوە تەواوی هۆنراوەکە لە بەردەستدا نەبوو. ئەو کۆپلەیەش جەلال محمد فەرەجی برای خۆشبەختانە لە یادی مابوو.

## نەنە خورشی

ئەم هۆنراوەیەم پێشکەشـە بە هـەموو ئـەو ئاوارانـەی بەهـۆی شـەڕی عێـراق و ئێـران سـەرگـەردان و مـاڵ وێـران بـوون. پێـشکەش بـەو کەسانەی کە ئازیزی خۆیان لە دەس داوە یاخود ئـەندامی لـەشیان لـە دەس چـووە وە بـۆ هـەرکـەسێ کـە پرشـکی ئـاگری شـەڕی عێـراق و ئێرانـی بـەرکـەوتـووە بـە تایبـەتـی لێقـەومـاوانی پێنجـوێن کـە بـۆ هـەر شەڕێک سوتەمەنی بێ ئـارەزون و هـەمیشە و هـەمیشە دژ بوون بـە هـەر حاکمێـک کـە لـە قـازانجی سـەرمایـەداران و دەرەبـەگـان بـوبن، وە بۆیەش بەشیان دەربەدەری و ئاوارەیی بووە.

پێشکەش بە کەس و کارە ئاوارەکانم

مەبەست لەم هەڵبەستەم حەوت نوقتـەم تیا ڕەچاو کردووەکە بـریتین لە

١ـ تێڕوانینێک بە کورتی لە بەرهەمی شەڕی ئێران و عێراق ئـەو شـەڕە ناڕەوا وێران کەرە

٢ـ داخی دەرونی پۆنگ ماوەی ناو دەرونم دەرکردن وە تۆزێ سـاڕێژ کردنی زامەکانی مەخزم

٣ـ بیرەوەرییەکی سەر پێی بۆ ڕابردوو

٤ـ کلێشەیەکی سەرپێی نـەخشەی جوگرافی شـاری پێنجـوێن و پـشتی شاری پێنجوێن بەرەو سنوری ئێران

٥ـ ناوبردنی چەند پیاوێک کە هەریەکـەیـان بـە شـێوەیـەک ناسـراون وە جێگەی خۆیەتی لەلام لە بیر نەچنەوە

٦ـ بۆ لەبیر نەچونەوەی هەندێ نەریت و فۆلکلۆری محلی لە پێنجوێن

٧ـ خوێندنـەوەی دەرونـی جـەمـاوەر بـەرامبـەر بـە شـەڕی نـاڕەوای کۆنەپەرست و وێرانکەر

سلێمانی ١٢\١٣ـ١ـ١٩٨٥

# نەنەخورشی

نــــەنــــەخورشــــی مامــــەحــــەمــــە
ئــــەزانــــم دڵــــت بــــە خــــەمــــە
لانــــــــەشــــــــێواو مــــــــاڵوێرانی
وەیلانیــــــت و ســــــەرگــــــەردانــــــی
گــــوێ ئــــاگرت لــــێ تێــــک چــــووە
هــــەرچیــــت بــــووە لــــە دەس چــــووە
کانیــــــــــاوی میــــــــــرەزەیــــــــــن
کــــــــــانی بابلیــــــــــانی زێــــــــــڕین
شــــــنەی گــــــوێزی مامــــــە ڕەشــــــە
یــــا بــــەربــــاخی عــــەبــــە نــــەشــــە
بلکیانــــەکــــەی بــــەهــــەشــــتی تــــۆ
چوارباخــــەکــــەی پــــڕ هــــەزار بــــۆ
کــــەژانــــەکــــەی گــــەردن بــــەرز
پیــــــر وەهــــــابی هــــــەزار تــــــەرز
هــــەرمــــێ ناســــکەی ئــــەمینــــە دیــــز
یــــا لێــــژێ کــــەی لای تــــۆ بــــەریــــز
لالــــــە باخــــــەی تــــــری ثــــــانی
خۆیــــــــو ئــــــــاو تیــــــــرە شــــــــانی
بــــاخی خــــەلیفــــەی پــــڕ لــــە ســــێو
بــــەردی ئاســــن لــــە لوتکــــەی کێــــو

حسەینە ڕەش عەبە ڕەزا
خوای لێ ڕازی هەر نەبەزا
کانی نەزرگا و سەر کەلی
هەرمێکانی ڕابە زەلی
خولە عەلە و قالە زۆراب
شێخ صالح تا لوتکەی ئەصحاب
لاپاڵی ئامۆزا عەلی
باخ و زەوی مەحموی ئەلی
وەستا میرزا و وەستا رحمان
رەسولی خدری لا خۆمان
دێ کۆن چەم و باخ و خاکی
سڵەی کانی سڵەی کاکی
حمە مەلای برای عەلی
ئەو عەلی یەی کە پەلە پەلی
پەلی کردبو پەلی پەلدار
لەو کاتەی ببوە ولاغدار
گوێزی قازی و علی قلیان
هەتاکو کەوچک و قازان
جەلال بەگ و مینای کانی
دێمە کەو باخی لا شانی
عزیزی سەعای حمە و خان
شاتووەکانی عەبە ڕێحان
چاوەزاری دلزارەکە
مێرگ و بەردو چنارەکە

دارتـــوی شـــەخـــصەکـــەی قـــەڵادێ
بـــەخـــشندەو دایـــم لـــە ســـەرڕێ
بـــاخی موچڕکـــەو ئـــەوبـــەرۆ
بـــاخی ئێـــوەش لـــە لا ســـەرۆ
احمـــد ســـیما و کـــەلـــە بـــەڵمـــان
شـــەخـــصە ســـوتاوی ڕێـــی خۆمـــان
ســـنگی ئـــەصـــحابیش نـــەســـرمە
تـــا شـــەخـــصی هـــەڵاڵـــە برمـــە
پیـــر جومعـــەکـــەی لا پانیـــسیاو
احمـــد هاجـــەری دۆش دامـــاو
ســـەرینیکـــەی ســـەرینیمـــان
کـــانی حیـــات هـــەزار کانیـــان
قوچـــە قـــەڵای پـــشت پیـــر خـــەســـرەو
یـــاری خـــاتی داوینـــی ئـــەو
بـــەرکێـــوەکـــەت یـــا قیبلـــەگـــات
کـــەلـــەپـــوری ئـــەجـــدا و ئابـــات
عبـــادەت گـــاو جێـــی پـــەرســـتن
جێـــی گفتوگـــۆو جێـــی گـــوێ گـــرتن
مزگـــەوتـــی لا مـــاڵ لارە مـــل
بـــەردە نـــوێژ پێـــی دراوە تـــل
کـــوا ئـــامینی مامـــە حـــسین
بڵـــێ بێـــرۆ بـــا قـــسە کـــەیـــن
بـــەری بـــازاڕ کـــرا خـــاپور
دوکانـــەکـــان لـــە خـــوار بـــۆ ژور

تا پیر یونس و موسایی
تەخت کرا بە تێکڕایی
چولەی برا شیوی جۆڵا
چی تیا بو درا بە کۆڵا
بێ ڕەونەقە باخی کاکی
چاک چاکیان کردوە چاکی
کانی ناو بازاڕ زۆر لێڵە
بێ اختیار بۆ خۆی وێڵە
حەمامی دێرینەی پاشا
کوا فەرق لەگەڵ کونە ئاشا
جامعی جامعای هەینی
نە ئەی بیسی و نە ئەی بینی
کانی کورەی لولە کەشی
بێ نازێتی بۆتە بەشی
کچان نایەن گۆزە پڕ کەن
دڵی کوڕان شەق و شڕ کەن
نە پڵپڵە و نە لەرزانە
نە هەیاسە و نە گەردانە
دەنگی نیە و ڕەنگی نیە
کانی کورە ئەڵێ چیە؟
من جاران نەزرگایان بوم
بۆیان ئاوی زیندەگان بوم
کوا کراس زەرد کوا چەفتە شین
ئایا مردون یا خود ئەژین

بۆ بنەبڕاو بون بە جارێ
چیان لێ هات پڕ بە شارێ
کۆشکی کوڕی سۆفی فەرەج
ئەشیای برایە ناو کەرەج
مزگەوتی قازی خاپورە
حەمامی بەر کانی کورە
فەرقی نیە لەگەڵ جادە
تا ماڵی باوکی شێخ سادە
مزگەوتی بەرکێو کەلاوە
حەوزو ئاوی تێک دراوە
تێکەڵ بووە بەڵام تێکەڵ
گیای ڕواوە وەکو شێخەڵ
مەجلیسی شەوی تێک چوە
ئاوارە بون چی تیا بوە
باخەوانی حکایەت خوان
گۆشەگیرە و وا لە زیندان
مامۆستا تۆفیقی عەمران
سەری خۆی هەڵگرت بۆ ئێران
حاجی خەلیفە فەوتی کرد
حەمەی خولە فەیزەش بو مرد
عبە ڕەزا و خولە سەمەن
مردن نەجاتیان بو لە پەن
مەجی شەریف عەلی خاڵۆ
ئەوەنەی تر چونە ساڵۆ

ماڵــــە گــــەورەی ئــــەحمــــەد مــــەجــــی
شـــــادیان کــــوا دەب دەبــــەی چــــی
شــــەش و بیــــست خانــــە نــــشینە
هــــەر جــــوێن ئــــەدا بــــۆ ئــــەم ژینــــە
مــــام فــــەتحــــولای ئیفتــــادە و پیــــر
قانعــــەکــــەی دایــــم فــــەقیــــر
ئێــــستە زۆر خراپــــە حــــاڵی
هــــەر مــــەپرســــە عــــومری تــــاڵی
والحاصــــل چیــــت بــــۆ بــــەیــــان کــــەم
باســــی احــــای ســــلێمان کــــەم
لــــە حامیــــدۆ تــــا پیــــر الیــــاس
ئــــەم بــــەرەو بــــەر چ چــــەپ چ ڕاس
یــــەکــــسان بــــوە لــــەگــــەڵ خاکــــا
هــــیچ کــــەس ســــەری لــــێ دەرناکــــا
کــــانی بــــاخی خولــــە ســــەمــــەن
وشــــک بــــوە بــــە پــــەن
حــــاجی شــــێخ هــــەر قــــەبرســــتانە
فــــەرامۆشــــگای پیــــرو جوانــــە
مــــەرکــــەز ئــــورزدی مــــەکتــــەبــــی
گــــشتی ڕوخــــا گــــشتی تــــەپــــی
هــــەر شــــوێنێکی ببــــەی نــــاوی
تــــۆ بیبینــــە بــــە ڕوخــــاوی
بــــەنگــــەڵــــە تــــا بــــەری بوبــــان
کــــانی گــــۆیژ پوشــــەکوپــــان

وەکو سارای دەشتی شامن
وەک تەمەن کورتی ناکامن
نەنەخورشی کە بێزاری
ئەزانم بۆ خەفەت باری
گوێ ئاگرت لێ تێک چوە
هەرچیت بوە لە دەس چوە
ئاشیانەت کاول کرا
نوێن و بانت هەموی برا
ئەشیای دێرینەی ناو ماڵت
پاشەکەوتی ژینی تاڵت
بەجێ ماوەی باوو باپیر
هەرچیت بوەو هەرچیت لە بیر
یادگاری لە یاد نەچوت
دەریان کردی وەک ڕوت و قوت
ڕەنجی جوانیت تا ئەمەو پێش
بردیان بە کۆڵ بە بار بە خێش
ئاوارە بویت ئەم شارەو شار
دور کەوتە بویت لە کەس و کار
کوڕێ لێرە کوڕێ لەوێ
ئاسودە نیت تەنها شەوێ
چۆن ئاسودە ئەبی تازە
لە کیست چو ئەو گشت نازە
کوڕگەلی بەردەرگای مزگەوت
ئەڕێ وەڵا حاجی دەرکەوت

خۆشـــــــارنەوە ئـــــــادەی خێـــــرا
هـــەر بێـــت ئـــەی کـــاتۆ بـــە هـــەرا
بـــــەفـــــر بـــــارین تۆپـــــەڵ بـــــازی
هـــــەمـــــو کـــــەس لـــــە ژینـــــی ڕازی
حکایـــــەتـــــی شـــــەوی درێـــــژ
زامـــــی دڵـــــی ئـــــەکـــــرد ســـــاڕێژ
ســـــەیرانـــــی بـــــەهـــــاری ســـــەوز
ئـــــاو و کـــــانی و چـــــەم و حـــــەوز
دارو درەخـــــت گـــــوڵ و گـــــوڵزار
پـــــایز زســـــتان هـــــاوین بـــــەهـــــار
میـــوە و ســـەوزە لـــە وشـــک لـــە تـــەڕ
جریـــوەی مـــەل گـــوێی ئـــەکـــرد کـــەڕ
کـــــەرەو ماســـــت و ڕۆن و پـــــەنیـــــر
ماســـــتاو دۆ یـــــا کـــــەشـــــک و شـــــیر
شـــــنەی شـــــەمـــــاڵ کـــــزەی بـــــەیـــــان
وەک لایـــــە لایـــــەی دایـــــە گیـــــان
ســـــینەی بـــــێ کینـــــەی دانیـــــشتوو
کـــەس لـــە کـــەســـی زیـــاتر نـــەبـــوو
ئاوماڵـــــەتـــــی و ئامـــــشۆو ڕەوت
کۆمـــەڵ بـــونی خـــەڵـــک بـــۆ فـــەوت
بـــاربۆی کـــابرای کـــەس لـــێ مـــردوو
ئـــەســـڵەن مـــردوی لـــە بیـــر ئـــەچـــوو
شـــــای و زەمـــــاوەنـــــدو ئاهـــــەنـــــگ
هـــەڵپـــەڕکـــێ ی چـــەپـــی کیـــژی شـــەنـــگ

ڕاسەیە کوڕگەل هەڵپەڕە
گۆرانی بێژ لای سەرپەڕە
گەلە گەلەی ساڵحە تاریک
کوڕگەل ئەخاتە فیکە فیک
علی دەنگ گەورە تاوتاوە
بە بانۆی تی هەلداوە
کچان بە ڕیز لە گوێ سەربان
کورسینەی نای بری دەبان
پیاو ماقوڵ و پیاو هەرچی بوو
ژنی جوان یا بە ساڵا چوو
کچ و کوڕ و گەورە و مناڵ
هەموو ڕوخۆش نەک ترش و تاڵ
نەنەخورشی نەنەخورشی
ئەزانم بۆ وا ڕوو ترشی
گوێ ئاگرت لێ تێک چوە
هەرچیت بوە لە دەس چوە
وێرانە ماڵ دەربەدەری
وای لە گیژی دەردی سەری
دور لە کەس و دور وڵاتی
لە سەر ڕێی هات و نەهاتی
تۆ فێری زۆپای دار بەڕوی
تۆ ڕاست گۆیت و قسە لە ڕوی
دادت نادا تۆ زۆپای نەوت
لێت نایەت قسەی پوچ و چەوت

ژێرزمانی یا دووڕوویی
بۆت ناکرێ کەی وابویی
پیاو بمرێ لێرە دراوسێ
نایەت بە دادت بڕەسێ
شەوکوت هەیە کوا کەی بوە
زوڵم و ستەم ئەڵێی تووە
گرتن کوشتن تێوە تلان
پاشە ملەو جنێو پێ دان
کەی تۆ فێری بە دەس بڕی
بەبەدگۆی و زبان شڕی
ئەزانم بۆ زەردە ڕەنگت
نایە فزەت نایە دەنگت
نەنەخورشی لێ قەوماوم
کەساسەکەی دۆش داماوم
گوێ ئاگرت لێ تێک چووە
هەرچیت بوە لە دەس چووە
وەک مێرولەی شار لێ تێک چوو
دێیت و ئەڕۆیت مانوو بێ سوو
ڕەشەت ئەحات قالەت عومەر
سەر لێشێواون دەربەدەر
هەریەک لە شوێنێ نیشتەجێ
یەکیان لەم شار یەکیان لەو دێ
ئەزانم دەرون بورکانی
حەتا خۆت بەخۆت نازانی

هـــــەڵگـــــری چ بـــــاریٚ قورســــــی
ئـــــاوارە و بـــــیٚ کـــــارو برســــــی
هـــــەڵگـــــری خـــــەمـــــی شـــــارێکی
عـــــەشـــــقی شـــــوێن و دیـــــارێکی
ئـــــــــاوی داری لانکـــــــــــەی داوی
تیـــــا ژیـــــاوی تیـــــا خولْقـــــاوی
ئـــــەشـــــت دەویٚ پاشـــــماوەی ژیـــــن
گـــشتمان لـــــەویٚ بـــەســـەر بـــەریـــن
نـــــەنـــــەخورشـــــی ئـــــەزانـــــم بـــــۆ
داهێـــــزراوی بـــــیٚ ڕەنـــــگ و بـــــۆ
گـــــویٚ ئـــــاگرت لـــــیٚ تێـــــک چـــــووە
هـــــەرچیـــــت بـــــووە لـــــە دەس چـــــووە
مـــــاڵ وێـــــران و خانـــــە خـــــراو
بـــــە زۆر لـــــە شـــــارت دەرکـــــراو
دەربـــــــــــەدەریـــــــــــت و ئـــــــــــاوارە
دویٚ لـــــەویٚ ئـــــەمـــــڕۆ لـــــەم شـــــارە
لارەملـــــــــــــــــی نازشـــــــــــــــکاوی
لـــــــە لانـــــــەت هـــــــەڵفرێنـــــــراوی
کـــــەس نیـــــە بیـــــرت لـــــیٚ کاتـــــەوە
لایـــــــەکـــــــت لـــــــیٚ بکاتـــــــەوە
ڕاویـــــان نـــــاین بـــــە بـــــەردو خـــــرک
بـــــوین بـــــە ئـــــاردی نـــــاو دڕک
حـــــەقتـــــە خـــــەم خـــــۆی حـــــەقتـــــە کـــــزی
فیڵـــــــــە کـــــــــراوە بـــــــــە دزی

ئـــــەزانـــــم بـــــۆ کـــــزو مــــاتی
بــیٚ ڕەنـــگ و بـــۆ و بـــۆ نـــەهـــاتی
گـــــویٚ ئـــــاگرت لــــیٚ تێـــک چـــــوە
هـــــەرچیـــــت بـــــوە لـــــە دەس چـــــوە
نـــــــەریتـــــــی بـــــــاو و بـــــــاپیرت
پیـــــــاو مــــــاقوڵانی زۆر ژیــــــــرت
کوڕگـــەلــی چــاک و چـــاو نـــەتـــرس
دایکـــــانی بـــــە ڕا و بـــــە پـــــرس
کـــچ گـــەلـــی شـــەنـــگ و نـــەشـــمیلە
منـــــــاڵی گـــــــەورە و وردیلـــــــە
هـــەمـــوت لـــە دەس چـــووە جـــاریٚ
ئـــەبێتـــە پێـــنج ســـاڵ بـــەهـــاریٚ
وا دور کـــــــەوتـــــــە و دور وڵاتـــــــی
ناحــــــەقــــــت نیــــــە کـــــە مــــاتی
نـــەنـــە خورشـــی حمـــەی عـــەزیـــز
بـــەم قـــسانەم لـــیٚم مـــەبـــە زیـــز
زۆریـــــن نــــەنـــــە و دایـــــە و بـــــاوە
وەکــــو تــــۆ لێمــــان قــــە ومــــاوە
ســـــــەرگـــــــەردان و واق وڕمـــــــاوین
هـــەنـــدیٚ مـــردوین هـــەنـــدیٚ مـــاوین
زۆرن دایکــــــــی جگــــــــەر ســــــــوتاو
زۆرن بـــــــاوکی ڕۆڵـــــــە کـــــــوژراو
زۆرن هـــــەتیـــــو کـــــە بـــــیٚ نـــــازن
کـــــە احتیـــــاجی نـــــان و پیـــــازن

بــــرا مــــردوو گـــــەلـــــیَ زۆرن
زۆر خێـــزان دەرگـــا بـــە مـــۆرن
ئـــەزانـــم بـــۆچی کـــەساســـی
لـــە خـــۆت زیـــاتر کـــەس ناناســـی
غـــەمـــی ئێمـــە هـــەمـــوو ئـــەخۆیـــت
بۆیـــە کـــۆم و بـــیَ ڕەنـــگ و بۆیـــت
بونـــــت هـــــەمـــــوو زەوت کـــــراوە
لێـــت قـــــەومـــــاوە لێـــت شـــــێواوە
مـــەلـــیَ بویـــت لـــە لانـــەی ئـــارام
ئـــەژیـــای بـــەلاَم ژینـــیَ بـــەتـــام
ئێـــستە هـــەمـــوت لـــەکـــیس چـــوە
گـــویَ ئـــاگرت لـــیَ تێـــک چـــوە
غـــەم کـــەم بخـــۆ مـــەنیـــشە مـــات
زۆرن وەک تـــــۆ دور لـــــــە ولاَت
زۆر کچۆڵـــەی ناســـک و شـــەنـــگ
دنیـــای لـــەبـــەرچـــاو بـــوە تـــەنـــگ
زۆر پیـــاوی پیـــر لـــە داخـــا مـــرد
ئـــاواتی لـــەگـــەڵ خۆیـــا بـــرد
قـــاچ بـــڕاو دەس پـــەل کـــراو
بـــیَ بینـــای یـــا لـــوت نـــەمـــاو
زۆرن ســـــەقـــــەت زۆر نوقـــــصانە
زۆر کـــەوتـــەن لـــە خـــەســـتەخانـــە
زۆر کـــوڕی جـــوان گـــەوزا لـــە خـــوێن
زۆر لێـــی قـــەومـــا وەکـــو پێنجـــوێن

تـــەنهـــا تـــۆ نیـــت لـــێ شـــێواو بـــی
لـــــە لانـــــەکـــــەت دەرکـــــراو بـــــی
اقلـــــیم گیـــــرە زوڵـــــم و ســـــتەم
دڵ خـــۆش نیـــە گـــەر بـــش بـــێ کـــەم
دەرونـــی خـــەڵـــک کـــوڵ هـــەڵئـــەخـــا
لێـــرە و بـــەســـڕەو موصـــل و بـــەغـــا
مـــن و تـــۆو ئـــەویـــش و ئـــەوان
صـــەبـــر ســـەر ڕێـــژە لـــە لێـــوان
هـــەر ئـــەی ڕێـــژین بـــزانین کـــەی
گـــەل خـــۆی نـــاگرێ ئـــەڵـــێ ئـــادەی
لـــــێ دەن کـــــوژن بـــــڕوخێنن
ڕیـــــشەی زوڵـــــم وەدەربێـــــنن
دام و دەزگـــای جـــەنـــگ ئـــەفـــروزی
پایـــە مـــاڵ کـــەن خۆیـــوو هـــۆزی
تـــاران و قـــوم تـــا چـــەمـــاران
ئـــەوانـــەی بـــە نـــاوی ئیمـــان
خـــاپور ئـــەکـــەن ئـــەبـــڕن ئـــەکـــوژن
لـــــە منـــــداڵ و لـــــە پیـــــاو ژن
تـــەخـــت و بـــەختیـــان ســـەرەو لێـــژ کـــەن
زامـــی چـــەنـــد ســـاڵە ســـاڕێژ کـــەن
ئاســـــایش و ئـــــاوەدانـــــی
گـــــەڕێتـــــەوە جێـــــی جـــــارانی
ئێمـــەش ئـــەوســـا گـــەر بمێنـــین
پێنجـــوێن جـــارێ تـــر ئـــەبینـــین

ماڵەکانمان ئەکەینەوە
دارەکانمان ئەنێینەوە
بەیەکتر شاد ئەبینەوە
بۆ خانو تێ ئەچینەوە
پێنجوێن ئەڕازێنینەوە
لەوسا خۆشتر ئەی کە ینەوە
وەک حکایەت کارەساتی
دەربەدەری و بەسەرهاتی
لارەملی ئەم چەند ساڵە
پێیان ئەڵێین چی مناڵە
بۆ ئەوەی ئەوان بە هۆش بن
نەک وەک ئێمە خەنەک بۆش بن
وەک ئێمە ساویلکە نەبن
بۆ هەر چاو چاویلکە نەبن
دایم چن بەگژی شەڕا
لە ناوە بێ یا لە پەڕا
زۆڵم و ستەم بەرپەرچ بەنۆ
ژیان ڕۆژ بە ڕۆژ نوێ کەنۆ
نەنەخورشی خەفەت مەخۆ
ئەم دنیا چاک نابێ بە تۆ
گەل مەگەر ئەم حەقە سێنێ
گوڵی ئاشتیمان بۆ بێنێ
تۆ حەقتە کە ڕەنگ پەڕیوی
وەک گەلایەکی وەریوی

بـــــــەدەم بـــــــای روزگـــــــارەوە
پـــێچ ئـــەخـــۆی بـــە ئـــازارەوە
شـــەوەزەنگـــی جیهـــانی جـــەنـــگ
ئـــەم جیهانـــەی لـــێ کـــردوی تـــەنـــگ
نـــەنـــەخورشـــی خـــەفـــەت بـــارم
ئاوســـێ مـــاڵی کـــەس و کـــارم
ئاوماڵـــەکـــەم نـــەنـــەی هـــەمـــوو
بـــاش ئـــەزانـــم تـــۆ هـــەرچیـــت بـــوو
لـــە دەســـتت چـــو مـــاڵ و حاڵـــت
بـــــڵاو بـــــون مـــــاڵو مناڵـــــت
ئـــەزانـــم بـــۆ دەس بـــە ئـــەژنـــۆی
ســـەرگـــەردانـــی نـــاو دەشـــت و کـــۆی
گـــوێ ئـــاگرت لـــێ تێـــک چـــوە
هـــەرچیـــت بـــوە لـــە دەس چـــوە
نازشـــــــکاوی دەربـــــــەدەری
ئـــەژیـــت بـــەس بـــە کـــوێرەوەری
دور لـــــە کـــــەس و دور وڵاتـــــی
بۆیـــــە وا ڕەنـــــگ زەردو مـــــاتی
منـــیش وەک تـــۆ لـــێ شـــێواوم
بـــەزۆر لـــــە مـــاڵ دەرکـــــراوم
خانـــــە خـــــراپ و ئـــــاوارەم
ســـەرگـــەردانێکـــی ئـــەم شـــارەم
دەربـــەدەرم خـــەفـــەت بـــارم
بـــۆ خـــۆم و بـــۆ کـــەس و کـــارم

بـــۆ ناســـیاو و ئــــەهلــــی شــــارم
بـــــــۆ پێنجـــــــوێنی برینـــــــدارم
بـــــۆ پێنجوێنـــــه دڵ زامـــــەکــــەم
ئارامگـــــای ســــوبح شــــامەکــــەم
بــــۆ ئـــــاوەکـــەی بـــۆ شـــــەمـــاڵی
بـــــۆ بــــــازاڕ و جـــــادە و مـــــاڵی
بـــــۆ پێنجوێنـــــه کڵۆڵـــــەکـــــەم
کـــــەکـــــەی بیـــسێنم تۆڵـــەکـــــەم
ســـــەبـــــەب کـــاری بێتـــــه زوخـــــاڵ
ئــەویــش لێــی تێــک چــێ مــاڵ و حـــاڵ
لـــه حـــەوت شـــار جێـــی نــــەبێتـــەوە
بـــــــه ئێـــــــشی دڵ بتلێتـــــــــەوە
ئێمـــــــه کـــــــەوا بـــــێ تـــــــاوانین
هـــەر کـــەس ســـەری لـــێ شـــێوانین
گـــــــەوزێ لـــــــه خوێنــــــا تلاوتــــــل
تــــەوقــــی ناپیـــــاوی چێتــــــه مــــــل
نـــــەنــــەخورشـــــی ئیتـــــر بـــــەســـــە
غـــەم مـــەخـــۆ خـــەبـــات مـــەبـــەســـە
هـــــەرکـــــات بورکـــانی گـــەل تــــەقـــی
دوژمنـــــی دایــــــه بــــــەر شــــــەقــــی
ئـــــــەوســــــاکە ئـــــــەگـــــــەڕێینــــــەوە
هــــــەمــــوو بـــۆ پێنجـــوێن دێینـــــەوە
یــــــەک ئـــــــەبینینـــــۆ لـــــه پێنجـــــوێن
لــــه یـــــەک پرســــین ئێـــسته لـــه کـــوێن

وەڵام بەینەوە بە یەکتر
ئەژیم ئیتر ئەمرم ئیتر
لە شارەکەی خۆما خۆمان
دەس ئەکەینەوە بە ژیان
ساڵحە تاریک و گۆرانی
لە گەڵ هەموو هاوەڵانی
تێ هەڵدەنەوە لە قەتار
کۆبنەوە دانیشتوی شار
عثە مەست کاتۆ بۆ چۆپی
بقریوێنین دوژمن تۆپی
زەرد و سور و شین و بنەوش
ببریقێنۆ کیژی بێ خەوش
ئاهەنگ گێڕن ورد و درشت
ئازای کەن گەردنی یەک گشت
ئەوسا ئاهەنگ بۆ شادیە
ئەوسا نۆرەی ئازادیە
ئەوسا نۆرەی ئاوەدانە
پێکۆ نانی ئاگردانە
تۆش ئاگردانەکەت کەرۆ
ڕویەک کەرۆ بۆ ئەوبەرۆ
بانگ کە هۆ هۆمەرم هۆمەر
قەولەکەی خۆت ببەرەسەر
ئاگرێ کەرۆ نەکوژێتەوە
هەمو کەس گەرمی بێتەوە

هـــــەمــــوو دەســــتەبـــــارەی هـــــانی
مـــــاوەتـــــۆ تــــۆ بــــۆ گڕدانـــــی
لــــەســــەر قـــــەڵا چـــــاوەڕوانـــــن
چـــــاوەڕێــــی بــــانگی شـــــێوانن
ئـــــاگرێ وەهـــــا بکــــــەنـــــەوە
نــــەورۆزمـــــان تـــــازە کـــــەنـــــەوە

## لێ شێواوان

سلێمانی ١٢\١٣-١-١٩٨٥

شـــارێکی جوانکیلـــە و قـــەشـــەنـــگ
خــەڵکــی هــەژار لــە ســەر خـۆ و مـەنـگ
نـــــە ئـــــاژاوە نـــــە مـــــەترســـــی
نــــە شـــەوکـــــوتی و نــــەوەک دزی
نـــــە جاسوســــی و گـــــەڕ و گــــزی
نـــە فیتنـــەیـــی نـــە چـــاو بـــەســی
نــــەبـــو تیایـــا کـــاری پـــەســـی
ئـــەم شـــارە و ئـــەم خـــەڵکــە چاکــە
ئـــەم شـــوێنە بـــێ گـــەرد و پاکـــە
غــەیــری پێنجــوێن ئــەبــێ کــام شــار
لــێ قــەومــاو بــێ ســاڵی چــەنــد جار
بومـــــەلــــەرزە و وێـــــران کـــــردن
یـــا ســـوتان و لـــــەنـــــاو بـــــردن
حــــەوزو کـــــانی بێتــــە زۆنگــــاو
چـــــۆڵ کـــــراو کـــــاول کـــــراو
کـــــاول کـــــرێ کـــــاول کـــــەری
لـــە خۆشـــی ببـــێ بـــێ بـــەری
لـــە حـــەوت وڵات جێگـــەی نـــەبـــێ
کـــۆس کـــەوتنـــی یـــەک و دە بـــێ
خێـــزان دیـــل و ســـەر شـــێواو بـــێ
زەلیـــــل و ڕســـــواو دامـــــاو بـــــێ

هــەر کــەس خــەڵکــی کــرد ئــاوارە
جێــی نــەبــێ لــە لادێ و شــارا
کــورِی بمــرێ کــورِی کوشــتین
بــێ کــەس بــێ وەکــو بــێ پــشتین
وەک ئێمــە خانــە شــێواو بــێ
گــول و گــەرِ بــێ هــەر بــەد نــاو بــێ
ئاڵــەمــورێ ئاڵــەمــورێ
کــەس و کــاری کــەســێ مــرێ
ســەبــەبــی خانــە تێکدانــە
خــزم بــێ یــاخود بێگانــە

# ستایش بۆ هەندێ بوێژی کورد

لە کەشکۆڵەکەم دا هەندێ هەڵبەستم وتووە لە وەصفی چەند شاعیرێک وەک لاسایی کردنەوەی مامۆستا (علاءالدین سجادی) کە لە مێژووی ئەدەبی کوردی لە ژیانی شاعیرەکانی کوردا بە هەڵبەستی جوان باس کردنی شاعیرێکی دەست پێ کردووە.
جا منیش لاسایی ئەوم کردەوە و ئەم چەند ستایشەم وتووە هیوادارم دڵگیر بن

## ستایش بۆ مامۆستای خوالێخۆش بوو (پیرەمێرد)

پیــری دنیــا دیــد پیــاوی خــوا نــاس
دڵـسۆزی کـوردان ووتـەی هـەمـوو ڕاس
خـاوەن فـەلـسەفـە و پـەنـد ئامۆژگـاری
دانــەری هــەڵبــەســت الهــامی یــاری
دانــەری ژیــن و ژیــان هــەفتــەیــی
بـەخـشندە و پیـاو چـاک زۆر بـەبـەزەیـی
خۆشـکەری ئـاگری نـەورۆز هـەمـوو سـاڵ
ووردبــین و عاقــڵ و پیــری کۆنــەســاڵ
حــاجی تــۆفیقی بــە دیــن و ئیمــان
تێکۆشــــەرەکـــەی گـــەل و نیـــشتمان

# ستایش بۆ مامۆستای خوالێ خۆش بوو ورشەدارترین ئەستێرەی ئاسمانی وێژەی کورد مامۆستا گۆران

ورشـــــەدارتـــرین ئـــەســـتێرەی وێـــژە
زانـــای چــەرخــی بیــست لـــە نــاو بــوێژا
فــەیلــەســوفی ڕاســت لــە هــەمــوو باســا
لـــە گـــشت ڕۆژهـــەڵاتـــی نـــاوەڕاســـا
ڕۆشـــــن کـــەرەوەی تـــاکتیکی کـــوردی
بـێ وێنــە و حــەریـف لـە عــەقـڵ و وردی
شـــاعیری نـــەمـــر شـــانازی کـــوردان
عبداللــە بــەگــی مــەشــهور بــە گــۆران

# ستایش بۆ شاسواری وەتەن پەروەری مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا فایق بێکەس

بـوێژی نـاودار هـەڵبـەسـت گـەوهـەری
بــێ وێنــە لــە ڕیــز وەتــەن پــەروەری
ژیــان پــڕ ئــازار ئــەشــکەنجــە و دژوار
بـۆ نـەتـەوەکـەی هـەمیـشە غـەم خـوار
هــەمیــشە خــەریــک وەتــەن پــەروەری
ژینــی بــەســەر بــرد بــە کــوێرەوەری
تــا مــردن خامــەی نوســی باســی کــورد
لــە چــاک و خــراپ لــە درشــت و ورد
بـێ هـەڵبـەسـتێکی غـەرامـی بـێ سـوود
ڕێــی کوردایــەتــی هێنــاوە وجــود
درێغــی نــەکــرد لــە کوردایــەتــی
هــەر لــە هــەولا بــوو بــۆ برایــەتــی
شــاعیری نــەمــر دانــاو بــێ وێنــە
قـەڵـەم بـێ (کـەسـم) زوو نـاوی بێنـە

## ستایش بۆزانا و بویژی بێ وێنەی چەرخی نۆزدە
## مامۆستای نەمر و خوالیخۆشبوو حاجی قادری کۆیی

بــــــویژی بـــــێ وێنـــــەی کـــــوردان
خـــــاوەن ژیـــــری و بـــــاوەڕی جـــــوان
فـــــەیلـــــەســـــوفی چـــــەرخـــــی نـــــۆزە
دڵـــــسۆزی ئـــــەم خـــــاک و هـــــۆزە
دەنـــــگ زەلاڵـــــی کـــــاروانی گـــــەل
تاقـــــە گـــــوڵی ســـــەر لوتکـــــەی کـــــەل
خـــــاوەن ڕاســـــتی و ڕاســـــتگۆو زانـــــا
دیـــــاربوو لـــــە نـــــاو بویژانـــــا
شـــــێری بێـــــشەی کۆیـــــەی کوردســـــتان
خـــــاوەن فـــــەلـــــسەفـــــەی نـــــرخ گـــــران

## ستایش بۆ زانای دینی دانای دەردی کۆمەڵ بوێژی کورد پەروەر بەهەشتی مامۆستای خوالێ خۆش بوو مەلا محمد کۆیی مەلای گەورە و هەم حەق ویژ

پیــــاوی گـــــەورە و زانـــــا و بــــــوێژ
دەردی کۆمـــــەڵـــی کــــورد هـــــەڵڕێـــژ
دوا کــــەوتنـــی گـــــەلـــی کـــورد بێـــژ
جــــەلـــی زادە مـــــەشـــــهوور لـــــە مێـــژ
دوژمنـــــــــی تـــــــەمـــــــەلان و گێـــــــژ
نــــە تـــــرس و نـــــەبــــەز و پــــڕ بیـــــر
فــــــەیلـــــەســـــوف و قـــــسەی جێگیـــــر
گـــــــــەورە پیـــــــاو و ووتـــــــــە ڕەوا
هــــــــەمــــــوو ووتـــــــە و قـــــسەی دەوا

## ستایش بۆ مامۆستای خوالێ خۆش بوو ژیان پڕ له کوێرەوەری مامۆستا شێخ محمد (قانع)

شـــــاعیری نیــــشتمان پــــەروەری
ژیـــــانی پـــــڕ کــــــوێرەوەری
دایــــم خــــەریــــک دەربــــەدەری
تــــەمــــەنــــی پـــڕ دەردی ســــەری
خــــاوەنــــی نوکتــــەی گــــەوهــــەری
لــــە خۆشـــــی ژیـــــان بێبــــەری
تـــــا گــــەڵای تــــەمــــەنــــی وەری
بــــۆ دوژمـــــن نـــــەی نــــەوان ســــەری

## ستایش بۆزانای دینی و شاعیری کورد مامۆستای خوالیٚ خۆش بوو (مصباح الدیوان ئەدەب)

شـــــــاعیری عاقــــــــڵ و بـــــــــزان
مـــەشـــهوری هـــەمـــوو کوردســـتان
پیـــاو مـــاقوڵی هـــەمـــوو دیـــوان
خـــاوەن ئیلهـــامی پـــاک و جـــوان
لـــــە خانــــەدانــــی موکریـــــان
خـــاوەنـــی ســـفرە و دیـــوەخـــان
حاتـــــەم ئاســـــا و دڵ فــــــراوان
بـــــە بـــــەزەیـــــی بـــــۆ هـــــەژاران
ئـــەدەب لـــەقـــەب (مـــصباح دیـــوان)

## ستایش بۆزانای دینی و پیاو چاک و شاعیری کورد بەهەشتی مامۆستای خوالێ خۆش بوو (بابا طاهیر هەمەدانی)

هـــــەســــــتداری پـــــاک و نـــــورانی
خـــــاوەن ئیلهــــــامی یـــــــەزدانـــــی
ڕەگــــــــەزی لـــــــوڕی ئێرانـــــــــی
عمــــــــری خیــــــامی ثـــــــانی
عالـــــەمــــی دەرســــی ئاســــمانی
ســــــەرنجــــی چوارینــــــەکــــانی
دیاریـــــــــە کــــــــوردە زبــــــانی
پــــڕ مــــــەعنــــا و ســـــری نهــــانی
بابـــــا طــــــاهیر هــــــەمــــــەدانـــــی

# هەمەجۆرە

-١-

بـــــاران و ســـــەرما و دەردی فەقیـــــری
خانەنـــــشین بـــــوم مـــــن بە زویـــــری

-٢-

بە چەوســاندنەوەی خەڵکــی زەحمەتکـێش
پــــارەی ســـاماندار ئەچـــێ بەرەو پـــێش

-٣-

شەست و یەک ساڵ لەمەوپێش عەسکەر بوو بە اجباری
بـــــۆ پـــــارێزی اقتـــــاعی لەگەڵ ســـــەرمایەداری

-٤-

بەڕە هەر لای تەنکـــــــــــــــــــــی دڕاوە
مـــــن گـــــرێم ئەدا ئەو هــــــەر ئەکـــــراوە

-٥-

هــــیلاک و مانـــــدوو کـــــارخێو نـــــاڕەزا
هەوڵ و تەقەلام وا دیـــــــــــــــسان بەزا

-٦-

کـــوێر بـــم خـــاڵییە جـــێگەی وێـــنەکەت
چۆڵ و هۆڵ بێشکە و جێگە و شـوێنەکەت
جـــێگەم تەرخـــان کـــرد کە وێـــنەت گـــرم
نەمزانـــــی خێـــرا توشـــــت بـــــوو درم
بە دەردی زاڵـــــــــم دەردی لێهــــــــاتن
لە زاهیــــــــرەوە دەچیـــــــتە بـــــــاتن
هەرچەنــد وێــنەیەک لێــت جــێ نەمــاوە
بەڵام جـــــوانییەکەت هەر لەبەر چـــــاوە

-٧-

کـــۆرپە ســـاواکە بـــۆچی کۆچـــت کـــرد
هەتـــا پـــێ ئەگـــری تامڵـــت نەکـــرد

## چوارینە

دەرەبـــــــەگ یـــــا بڵـــــێن زۆردار
ئیتــــر نــــاتوانن وەکــــوو پــــار
زوڵـــــم و ســــتەم بکـــــەن ئیتـــــر
لـــــە ســـــەپـــان و شـــوان و جوتیـــار

١٩٧٠-٣-٢٥

## تـــــاک

لـە سـایەی پێشمەرگـە سـوپاس بـۆ خـوا
گـەلـی کـورد گـەیـشت بـە مـافی ڕەوا

١٩٧٠-٤-٣

# ئاڵ و گۆڕی هۆنراوە لەگەڵ شاعیرانی تر

هۆمــەر پێنجـوێنی وەک زۆرێـک لــە شــاعیرانی تــر ئــاڵ و گــۆڕی شـیعری لـەگـەڵ شـاعیرانی تـردا هـەبووە. ئـەو شـیعرانەی کـە لـەم بەشەی پەرتوکەکەدا هاتووە تەنها بەشێکی کەمی ئـەوانـەیـە کـە لـە دوای بە جێ ماوە.

## لە باخەوانەوە بۆ هۆمەر

١٩٦٧-١٢-٣٠

نامــەم بــۆ تۆیــە[٧] کاکــە هۆمــەر گیــان
گــوڵی چیمــەنــی وێــژەی کوردســتان
بــە ڕەزای خۆشــبۆی پــەرتــوکی هونــەر
چــــرای ڕونـــاکی کـــاروانی ســـەفـــەر
نـــەمـــامی بـــاخی گـــۆران و بێکـــەس
دور لـــە تـــاریفی چـــاو و بـــرۆی مـــەس
گـــەیـــشتە دەســـتم نامـــەی ڕازاوەت
نامـــەی شـــیرینی پـــڕ لـــە هـــۆنراوەت
یـــاخوا هـــەمیـــشە لـــە نووســـینا بـــی
بـــۆ چـــارەی کۆمـــەڵ لـــە بینینـــا بـــی
بـــەڕە شـــڕەیـــەک لێـــت ببێتـــە هـــۆ
یادێکمـــان بکـــەی ڕاســـت بـــێ یـــا درۆ
باسـی کـەی بۆمـان بـە واتـەی پـەسـەن
باسی گـوێ زۆپـا و مـەحمـودی سـەمـەن
مامـــە فـــتح اللـــە و کـــەریـــم بـــاوەلـــێ
عـــارف و مـــارف مـــامۆژە تـــەلـــێ

[٧]ئـەم نیـو دێـڕە "نامـەم بـۆ تۆیـە"، کـە لـە سـێ ووشـە پێکهـاتووە، بـە داخـەوە لـە شیعرەکەدا نیە بە هۆی ئەوەی کە سوچێکی پەڕەکە دڕاوە. بەڵام بە پێی بیرەوەری و بیرکردنەوەوە هاتۆتە یادمان و بۆم زیاد کردووە.

جـــەژنـــە پیـــرۆزە و مزگـــەوت و قـــاڵی
دەک ماڵـــت برمـــێ یـــاخوا بـــەتـــاڵی
هۆمـــــەر تکـــــام وایـــــە لا یـــــەزدان
دوور بـــی هـــەمیـــشە لـــە تـــاڵی ژیـــان
قـــەمچـــی زەمانـــەت قـــەد بـــەرنـــەکـــەوێ
شـا نیرگـەی خۆشـیت هـەرگیـز نـەنـەوێ
نـــوکی پێنووســـت وەک زمـــانی مـــار
هـــەمیـــشە بـــەیتـــی لـــێ بڕژێتـــە خـــوار
چـــاوی دوژمنـــت کـــوێر بـــێ و نابینـــا
ســـەرکـــەوی بـــەســـەر پاپـــەیـــژەی ژینـــا
بـەڵام بـەو شـەرتـەی لـێم نـەبـی دڵگیـر
ئامۆژگارییـەکـەی مـن نـەدەی لـە بیـر
تـــۆ کـــە بـــوێژی گـــەلـــی کـــوردانی
خوێنـــەری هونـــەر نامـــەی ژیـــانی
ئـەبـێ نووسـینت تـەنهـا بـۆ گـەل بـێ
تریفـــەی شـــیعرت چـــرای ئـــەمـــەل بـــێ
مـــەلـــی ئـــاوازی شـــیعرت بخـــوێنێ
کۆمـەڵ لـە خـەوی مـەینـەت هـەستێنێ
هۆمـەر گیـان یـاخوا هـەر لـە جـەژنـا بـی
لـە قـەلـەفیـسقەی مـەینـەت ڕەهـا بـی
بگـــەیتـــە شـــاری پـــڕ کـــەنیـــو خۆشـــی
بـــەرگـــی ســـەربـــەســـتی ژیـــان بپۆشـــی
بـــە کـــورتی ئـــەڵـــێم گـــوڵی تاقانـــەم
بـــۆم بگـــەێنـــە ئـــەم ســـڵاوانەم

سـلاوی گـەرم و گـوڕی سـەرسـنوور
جـەژنـە پیـرۆزەی باخـەوانـی دوور
بیـدەرە خزمـەت خـەلیفـەی دڵـسۆز
بێـژە سـلاو بێـو جـەژنتـان پیـرۆز
مـاچی کـە دەسـتی فریـشتەییانـە
پـوری پیـرۆزەی مـەنـدەی زەمانـە
بـە نوێنـەری مـن بیگوشـە بـە سـۆز
بڵـێ بابـە گیـان جـەژنتـان پیـرۆز
لـە مـاڵ و منـداڵ بچـووک و گـەورە
پیرۆزبـای کـە بـە ڕیـز و دەورە
ئمجـارە بچـۆ بـۆلای خـەزورت
خاڵـە عـارفی تـەوێـڵ پـڕ نـورت
سـلاوی منـی بـە دڵ لـێ بکـەی
بڵـێ پیـرۆز بـێ یـاخوا جـەژنـەکـەی
ئـەگـەرچـی کـۆڕی مزگـەوتـی تـازە
گـەرمـە بـەلام گۆشـت شـایانی بـازە
دەنگـی قورئـانی تـۆفیقی عمـران
لێـرە ئـەچێتـە حـەوتـەم ئاسـمان
جەم بووین لە دەوری زۆپاکەی مزگەوت
یـەکێ هـات ڕۆیـی جێگـەی بـەر نـەکـەوت
حیکایـەتـی شـەو چاخانـەی حـەمـە
باسـی بێـژەنـی تولـو ڕۆسـتەمـە
قـسەی نـەسـتەق و ووتـەی پێـشینان
بە سەربەست باسی کورد و کوردستان

هـــەزار کـــارەبـــا و شـــەقـــام و نـــادی
بـــێ بـــە قوربـــانی ســـاتێ ئـــازادی
هۆمـــەر گیـــان ئیتـــر کۆتـــایی نامـــەی
دێنـــێ (باخـــەوان) نانوســـێ خامـــەی

## لە هۆمەرەوە بۆ باخەوان

ئەم هۆنراوەم پێشکەش بە کاکەی باخەوان و ئەحمەد و ئیبراهیم و هاوەڵەکانیان لە زیندانی ئەبوغرێب. هیوادارم جار جار بیرم بکەن و ببێتە هـۆی سـەرگـەرمـی بێ تاقـەتی و حـەوسـەڵـەییان لـە کـونجی زیندان. هەموو هیوا و ئاواتێکیشم ڕزگار بونتانە لە بەند. هیوادارم هەموو بەندکراوێ بە ئاواتی ڕزگار بوون بگات.
لـەگـەڵ ڕێـز و سـڵاوی هـەمـوو لایـەکمـان بـە هـەموتـان. ئـەمـەش هۆنراوەکەیە.

شاســـواری دەشـــتی غـــەزەل خـــوانی
ئـەی پـەیمـان دروسـت بـەوەفـای ژوانـی
چـــرای دیـــوانی مـــەجلیـــسی خۆشـــی
ئـــەی بـــێ ئیـــشەکـــەی هـــەمیـــشە نۆشـــی
ئـــەی بلبلـــەکـــەی باخچـــەی ووتـــەدان
ئـــەی شـــاپەرەکـــەی مـــەلـــی بـــەویـــژدان
ئـــەی گوڵـــەبـــاخی باخچـــەی جـــوانی
ئـەی گۆرپـەی دەستەمـۆی سـەرگـەردانـی
ژیـــان پڕناســـۆر خێـــر نـــەدیـــدەکـــەم
پـــــشتیوانەکـــــەم نـــــوری دوودیـــــدەم
هـــەمیـــشە هـــاوڕاز بیـــر و خـــەیـــاڵم
گـــەورەو مامۆســـتای پـــڕ لـــە کـــەمـــاڵم

مـــەلـــی ئـــاوازی شـــەپـــۆلی بیـــرم
مامۆســـتای بـــەڕێـــز وشـــیار و ژیـــرم
هانـــدەری ئیلهـــام هـــەڵبـــەســـتەکـــانم
ڕۆشـــــن کـــــەرەوەی ڕێگـــــەی ژیـــــانم
ووتـــــه ڕەواکـــــەی هـــــەمـــــوو دیـــــوانێ
لـــە بـــەرامبـــەرت کـــام کـــەس ئـــەتـــوانێ
ووتـــەت باتـــەدوا بـــەڵگـــەی بـــەدەس بـــێ
لـــــە تـــــۆ زانـــــاتر ئـــــاخۆ چ کـــــەس بـــــێ
ئـــــەی پاڵـــــەوانـــــی مـــــەیـــــدانی دووان
شـــارەزای شـــەرع و قـــانون و زەمـــان
بـــەهانـــاوەچـــوی هـــەمـــوو کـــەساســـێ
لـــە کـــردەی چاکـــت کـــێ بـــێ نـــەت ناســـێ
کـــــردەی شـــــیرین و پیـــــشەی جوانـــــت
شـــۆخی و پیـــاوەتـــی و ووتـــە و دوانـــت
دڵ پـــــاکی و وژدان کـــــردەوەی چـــــاکی
خـــوت تاقانـــەکـــەی بـــەس خـــوت بـــەتـــاکی
تاقانـــــەیـــــی تـــــۆ لـــــە گـــــشت باخایـــــە
نـــــەک بلێیـــــت تـــــەنهـــــا لـــــە وەجاخایـــــە
ڕاســـــتە تاقانـــــەی بـــــاوکی پیـــــرت بـــــوی
جێگـــەی ئومێـــدی دایکـــی ژیـــرت بـــوی
تاقـــــە براکـــــەی تاقـــــە دادەت بـــــوی
چـــرای دیـــوانی مامـــەی دەروێـــش بـــوی
تـاوی لـە سـەر سـەر تـاوی لـەکۆش بوی

جێگــەی ئومێـدی ڕەنجـی چــەن ســاڵیت
نیرگـــەی هـــەیـــوانی قـــەدیمـــە ماڵیـــت
خـــەلفـــی دارەکـــەی لای فـــەقـــێ عزیـــز
کـــە لـــە لای هـــەمـــوان بـــووە بـــە ئـــازیز
دایکـــە پیـــرەکـــە و بـــاوەی کـــۆن ســـاڵت
هـــەردوو پیـــرۆزەی گـــەورەی ناومـاڵــت
تـەنهـا تۆیـان بـوو چـرای ڕۆشـنایی ژینـا
خۆشیان گەرەک بویت بە قەد یەک دنیا
خـوا لـێم هـەڵناگرێت بـە ڕاسـت تاقانـەیت
لــە گـشت ڕویــەکـی چاکــە تــۆ دانــەیـت
نـاوی خـوات لـەسـەر نـەت بـێ زەلیلـی
لـــە پیـــاو چاکیـــدا گـــەلێـــک بـــەخیلـــی
بـە شـی کـەس نـادەیت لـە چاکـە کـردن
یـاخوا هـەر خـۆش بـی دور بـی لـە مـردن
لاوی کـــەڵـــەگـــەت لالـــۆی باخـــەوان
هـــاوڕێ بـــەوەفـــای ئـــەســـتێرەی شـــەوان
هــەمیـشە هــاودەم مــانگی زەردی ســەر
هـــەمـــو شـــەو بێـــدار ژیـــان پـــڕ کـــەدەر
خـــــاوەن ژیـــــانی پـــــڕ کـــــوێرەوەری
پـــڕ لـــە ناســـۆرو یـــا دەربـــەدەری
خێـر لـە خـۆ نـەدیـو هـەمیـشە غـەمبـار
هـەرچـەن بـە خـەنـدەی بـەڵام بـە ناچـار
لاوە شـــەنگـــەکـــەی پـــێ شـــیاوەکـــەم
دورکــەوتــەکـەی مـن لـێ شـێواوەکـەم

هــەمیــشە دیلــی ئــەشــکەنجــە و ئــازار
بــێ بــەش لــە بینــین خزمـــان و دیـــار
ســڵاو و ڕێــز و مــەرحــەبــا و کڕنــۆش
هــەروەک لافــاوی بــەهــار بــە خــرۆش
بــە قــەد گــەڵای دار بــە قــەد وجــدانت
بـــە قـــەد دڵـــەکـــەی بـــەرفراوانـــت
بــەقــەدەر جوانیــت بــەقــەدەر شــەنگیــت
بــەقــەدەر شــەوی غــەمــی بــێ دەنگیــت
بـــەقـــەد پیـــاوەتـــی و دڵ و دەرونـــت
بــەقــەدەر عــەشــق و ڕێــزی ئــەوینــت
بــەقــەد تاســەکــەی دیــدەنــی یــارت
بـــەقـــەد تامـــەزرۆی بینینـــی شـــارت
بــەقــەد ڕەنــج کێــشان بــازووی کرێکــار
بــەقــەد بــەرهــەمــی ســاڵانەی جوتیــار
بـــەقـــەد ناســـۆری دڵـــی ناســـۆرم
بـــەقـــەد مـــەراق و خـــەفـــەتـــی زۆرم
بـــەقـــەد تامـــەزرۆی دڵـــی ڕەنجـــاوم
کـــە تـــۆ ببینـــێ تـــۆی نـــوری چـــاوم
بــە قــەد ئــارەزوی تــۆ بــۆ ڕزگــار بــوون
بــەقــەدەر منــی لــە شــەو بێــدار بــوون
بــەقــەدەر ئــاوات هــەمــوو خویــشانت
بــۆ ئـــازاد بـــون و ڕێـــز و نیـــشانت
بـــەقـــەد ئولفـــەتـــم بـــە خـــەیاڵتـــەوە
بــە قــەد ئــەو زەوقــەی زو بــە ماڵتــەوە

بــە قــەد گــژ و گیــای مــایس و نیــسان
بـە قـەد گـوڵانی هــەردوو مانـگ دیـسان
بــــە قـــــەد دڵـــــۆپی بـــــارانی خـــــوڕەم
بــە قـــەدەر ســـاخاو بـــەزەی و کـــەرەم
بــــە قـــــەد شـــــیرینی و جـــوانی قـــەڵادێ
بــە قــەد ئــەو بیــرەی کــە بــە دڵا دێ
پـێش کـەش بـە تـۆ بـێ بـە قـەد ئـەمانـە
ڕێــــز و ســـــڵاو کڕنوشـــــم گیانـــــە
نــام بــە کــام زمــان یــاخود بــە کــام دڵ
بکـەم گفـت و گـۆ لـەگـەڵ تـۆی وەک گـوڵ
زمـــــانم لاڵـــــە و بـــــە بـــــێ توانایـــــە
قــەڵــەم لــە وەســفت مانــدوو بــێ مایــە
دڵ مــەگــەر بکــات وەســفی تــۆی گــەورە
قــەڵــەم دڵ زمــان هـــەر ســێ بــە دەورە
لـــە وەســـفی تـــۆدا مانـــدوو شـــەکـــەتـــن
هـــەڵبـــەســـتەکـــانی جگـــەرگۆشـــەی مـــن
بـــێ تـــام و لـــەزەت وەســـفت ناتـــەواو
جار جار دەر ئەخەن ئەی خەنە بەر چاو
بـــەڵام گـــەورەکـــەم تـــاجی ســـەرســـەرم
مامۆســـتای خـــاوەن ڕێـــز و ســـەروەرم
مـــە ڵـــێ هۆمـــەری ســـپڵە و بـــێ وەفـــا
هـــەر دەنگـــی نیـــە حـــەتـــا لـــە دەفـــا
هــەر جــار بــە جــارێ ســەرم لــێ نــادا
چـــــاکی پیـــــاوەتـــــی ناکـــــا بـــــە لادا

منـــــی گیـــــرۆدەی دەردی زەمانـــــە
پـــڕ گیروگرفـــت بـــۆ ئـــەم ژیانـــە
مـــەحرومـــی کـــردوم لـــە بـــۆنی عـــەتـــرت
یـــاخود دیـــدەنـــی بـــاڵای دوومـــەتـــرت
منـــی مـــەحرومـــی ووتـــەی زێڕینـــت
منـــــی تامـــــەزرۆی ڕۆژی بینینـــــت
هـــەمیـــشە کۆیلـــە و بچـــوکی دەرگـــام
خـــۆم و مێـــشک و دڵ لـــە گـــەڵ بیـــروڕام
بـــاوەڕم پـــێ کـــە بـــە ئاهورامـــەزد
بـــە ئایـــەی قورئـــان بـــە بـــەردی الحـــد
بـــە چـــاوی جوانـــت بـــە چـــاوانی جـــوان
بـــە تریفـــەکـــەی ئـــەســـتێرەی بـــەیـــان
بـــە ڤینۆســـەکـــەی خـــواوەنـــدی جـــوانی
بـــە شـــنەی شـــەمـــاڵ ســـۆزی بـــەیـــانی
بـــە عـــەشـــق و ئـــەویـــن بـــە ئـــاگر و ئـــاو
بـــە ســـۆزی دایکـــی تاقانـــە نـــەمـــاو
بـــە دەنگـــی زیـــرەک بـــە تـــەلـــی کـــەمـــان
بـــە بـــت هـــۆڤنی شـــای ئـــاواز دانـــان
بە کزەی جـەرگـی گشت جـەرگ سـوتاوێ
بـــەو کـــەســـەی خۆشـــی نـــەدیـــوە تـــاوێ
بـــە بـــازو بـــاهوی ســـەپـــانی ڕەنجـــدەر
بە هـەست بە شـاکار بە شـیعر و هونـەر
بـــە بـــەفـــری ســـپی کوێـــستانی ڕەنگـــین
بـــە کـــەژی بـــەهـــار ڕازاوە و شـــیرین

بــــە کۆڵیتـــەکـــەی بـــاخی قـــەڵادێـــت
کە ئێستەش بۆنی عـەتری تۆی لـێ دێت
بـە گـوڵ بـە گیـا بـە هـەور بـە ئاسـمان
بـە سروشـت بـە خـۆر بـە جـوان بـە نیـان
بـــە شـــەو بـــە زەردە بـــە زەردەخـــەنـــە
بـــەو کـــەســـەی گیـــانی منـــی لابـــەنـــە
بـە بـادە و بـە مـەی بـە خیـام قـەسـەم
هـــەر بچـــوکی تـــۆم هـــەتـــاکو مـــن هـــەم
دڵـــت نـــەگـــۆڕێ لـــە منـــی هـــەژار
تـــو ســـەری کـــاوە و ڕێـــزان و ڕێبـــوار
نـەک مـن بـە تـەنهـا هـەر بـۆت زویـر بـم
هـــەمیـــشە نـــوقمی خـــەیـــاڵ و بیـــر بـــم
هـەر کـەسـێ بگـری لـە دۆسـت و ناسـیاو
بـــە پـــەژارەیـــە بـــۆ تـــۆی پـــێ شـــیاو
بـەردە نـوێژەکـان بـێ تـۆ چـۆڵ و هـۆڵ
مـەکتـەبـەکـەشـت گرتـی تـۆز و خـۆڵ
قـــەڵادێ بـــێ نـــاز چوارباـــغ بـــێ دەمـــاغ
دێمـــەکـــە شـــوێنی نـــەمـــاوە بـــە ســـاغ
هـــام نـــشینانت هـــەمـــوو ئـــاوارە
هـەمـوو دڵ پـڕ غـەم جـەور و پـەژارە
کـوێر بـم گـەر سـاتێ بچـی لـە یـادم
بـــێ تـــۆ هـــەمیـــشە دەم بـــە فریـــادم
هـــەمیـــشە ســـەری بـــە گریبـــانم
لــە گیــان لــە ژیــان زۆر هــەراســانم

ووتــە و پــەنــدانت هــەر لــە گوێمایــە
ئامۆژگـــاری تـــۆ لـــە نـــاو دڵمایـــە
زەردەخـەنـەکـەی سـەر جوتـە لێـوت
مـەجلـیس گرتنـی هـەتـا پارشـێوت
قاقـای پێکـەنـین ووتـە و حکایـەت
ووتـــەی پـــڕ مانـــای مالانهایـــەت
چـۆپی گرتنـی هـەڵپـەرکـێ و شـاییت
دەنگـی قریـوەی بـەبـێ هاوتاییـت
پیاســـە کردنـــی زەردەی ئێـــوارە
ئـەگـەڕێیت نـاو شـار بـەو لـەنجـە و لارە
دڵـــی کیژانـــی شـــارت بردبـــوو
گـرەوی شـۆخیت بـۆ خـۆت بردبـوو
چـۆن لـە بیـر ئـەچـێ ئـەم یادانـەی تـۆ
ووتـەی شـیرینی دانـە دانـەی تـۆ
ووتـەت مـەڵهـەمـی زام و بـرین بـوو
قـەدەم پیـرۆز و زەڕەت شـیرین بـوو
فـەرمـودەت ڕەوا لـە هـەمـوو کـۆڕا
بـە گرتنـی تـۆ هـەمـووم لـێ گـۆڕا
چـۆن بیـرم بچـێ چـەن شـەوی زسـتان
لـە بـەر چرایـەک لـە گـوێ ئـاگردان
بـە درێـژی شـەو تـا دەمـە و بـەیـان
ئـەتگێڕایـەوە چیرۆکـی جـوان جـوان
ئێستەش لـە بیرمـە چونمـان بـۆ پاشـبەرد
بـە پـێ بڕیمـان شـاخ و دەشـت و هـەرد

بـــۆ شـــایی کـــوڕی مامـــە اورەحمـــان
مـن و تـۆ و بـاوکم لـەگـەڵ چـەن دۆسـان
بـە پـێ چـەن سـەعـات ڕێگـەمـان بـڕی
بـــە شـــۆخیەوە چـــەن گوڵمـــان چـــڕی
چـەنـدەت بـۆکردین قسانی خـۆش خـۆش
گوێمــان دابــویتێ زۆر زۆر بــە پــەرۆش
نــەمــان ئــەزانــی چـۆن ئـەچـین لـە ڕێ
کاتێکمـــان زانـــی چوینـــە بـــەر نـــاودێ
کـوێر بـم لالـە گیـان کـوێر بـم باخـەوان
ئێـستە نیـشتەجێیـت لـە گۆشـەی زینـدان
شـــەڵا ســـەد شـــەڵا مـــن بمردمایـــە
تـــۆم لـــەنـــاو زینـــدان قـــەد نـــە دیبایـــە
باخـــــەوان لالـــــە موچڕکـــــە حـــــەمـــــە
بـە سـاقەی تـۆ بـێ هـەرچـی مـن هـەمـە
لــە پــێش هــەمویــان منــی ڕەزا قــورس
لـە دەورت گـەڕێـم بـێ قـسە و بـێ پـرس
ئــەبــێ بــونی مــن چــی بــێ بایــەخــی
لـــــە نـــــاو هـــــەزاران مـــــنم تـــــاریخی
منـــی بـــێ وەفـــا منـــی شـــەل و شـــێت
دەک بێـت بـە قوربـان خـاکی بـەر پێـت
خۆزگــە بــە دوو چــاو مــن بــم دیایــە
تـــۆ بـــەر بویتایـــە و مـــن بمردمایـــە
بـــەڵام مـــن دڵـــم بـــە حوکمـــەت خۆشـــە
چونکـــە بـــۆ هـــەژار زۆر بـــە پـــەرۆشـــە

یاسا پڕ داد و دڵ فراوانە
هەوڵی سەرخستنی بێ نەوایانە
لای خواش ئاسانە چونکە ڕەحمانە
خۆشی و بەشارەت دێت دوای تەنگانە
خوایە بۆ خاتر ئەنبییایانت
بە پیاوچاکانت ئەولیایانت
بە خوێنی یەحیا و قەتڵی زەکەریا
بەو ساتەی ئادەم گیان کرا بە بەریا
بە سلەیمانی خاوەن سەڵتەنەت
بە نوحی نەبی بە شان و شەوکەت
بە ابراهیم و هەم بە اسماعیل
بە یوسفەکەی حەوت ساڵە زەلیل
بە یەعقوبەکەی کوێر و نابینا
تو ئەوانەی چوون لە ڕێگەی دینا
تو داود تو لوط تو بیتوموسی
تو شوعەیب تو هود تۆ بیتو عیسی
تۆ نەبی یونس دانیال پێغەمبەر
تو پێغەمبەران هەموو سەرانسەر
تو هاونیشینان فخرالعالمین
تو ذاتی پاکی ختم المرسلین
تو ابوبکری هەمیشە یاوەر
تو فاروقەکەی بە داد و داوەر
تو حەزرەتەکەی عثمانی عەفان
تو حەیدەر تو شێر تو زاتی یەزدان

تـــو زیـــد و مقـــداد طلحـــە و ذالفقـــار
تـــــو عبـــــدالرحمن ایـــوبی انـــــصار
تـــوبی و مالیـــک و خالیـــدی وەلیـــد
تـــــو ســـــعد دژی کـــــافری پلیـــــد
تـــوبی حـــــسن و حـــــسینی شـــــهید
تـو ئـەو کـەسـانەی دژن بـە یـەزیـد
تـو سـەلطـەنـەتـی عـەسـری عـەباسـی
تـو ئـەوەی کـە تـۆ بـە چـاک ئـەی ناسـی
تـو ئـەسـتێرەکـان تـاوەک کـەهکـەشـان
تـو ڕۆژ ئـاوابون تـو دەمـە و بـەیـان
تـو شـەوی تاریـک تـو ڕۆژی ڕونـاک
تـو مـەردایـەتـی تـو کـردەوەی چـاک
تـو ئـەو کـەسـانەی سـەخـاوەت پیـشەن
تـو ئـەو سـەیدانـەی بـە ڕەگ و ڕیـشەن
تـو سـۆزی ناڵـەی ئـەو بـێ نـەوایـە
کـە بـێ نـان و ئـاو بـێ چێشت و چایـە
تـو ئـەو هـەتیـوەی لـە ڕۆژی جـەژنـا
کـەس نیـە جلـی بکـات بـە بـەژنـا
تـو دایکـی هـەتیـو تـو بـاوکی بـێ کـوڕ
تـوبی و شـوانی ڕانـک و چۆغـە شـڕ
تـــو مـــەزڵومـــانی زوڵـــم لێکـــراو
تـو بـی و کـەسـانێک کـە دڵیـان شـکاو
تـوبی و ئـەو گرمـەی هـەوری بـەهـارەت
مـەر خـۆت بزانـی چۆنـە ئـەو کـارەت

چـەنـدە بـە سـوود وبـەكـەڵـك و باشـە
تــو دڵــی نێچیــری نــاو چنگــی واشـــە
تــو كــەوی پــر خــال تــاق تاقــەكــەرە
تـو پــەپـوی ئـازیز چـەنـدە بـە فـەڕە
تـو بـی و هـەچـی تـۆ بـە دڵ ئـەتـەوێ
تـو كـەسـێ بـە غـەمـۆ ئـەخـەوێ شـەوێ
تو تین و زەیتون كە سوێندت پێ خوارد
تــو ئــەو قورئانــەی بـۆ رەسـولت نـارد
تــوبی و كــەرەم و رەحــم و بــەخــشینت
تــو جــەلالــەتــی جـوان و نــەخــشینت
تــو ئــەو مــەكانــەت كــە بــێ مــەكانــە
توبی و بـەحر و بـەر تۆو چی عاسمانە
تـوبی و دۆزەخ و بـەهـەشـت و كـەوثـەر
تــوبی و ملائـك یــەك یــەك بــە دەفتــر
تـــــوبی و دیـــــوانی ڕۆژی حـــــساوت
تــوبی و هـــەزار و یـــەك اسـمی نــاوت
بیكــە بــە خــاتر ئــەم قــەســەمانــەم
ڕزگاریــان بكــە زوو ئــەم كــەســانەم
ئــەحــا و بــرایم لــەگــەڵ باخــەوان
ڕزگاریـــان بكـــە ئیتـــر لــــە زینـــدان
بـەخـوا یـەك عـومرە ئـەوا پێـنج ساڵە
ئـــەو بـــێ چارانـــە ژیانیـــان تاڵـــە
لالـــــۆی باخــــــەوان درێــــــژدادڕم
پـەسـت و دڵ كـەیـل و زۆر زۆر دڵ پـڕم

ئــەوەی کــە بیــستت کــاری یــەک شــەوە
تــەنهــا شــا کــاری بیــری تــۆن ئــەوە
ئـــــەمـــــشەو کـــــە شـــــەوی ٧٧/١/٣
تــۆ لام میــوانی خــەوم لــێ نــەکــەوت
ئـــاخر مـــن دڵـــم پێـــت ئـــەکرێتـــەوە
بـــەڵام بڵـــێم چـــی ئـــەگـــەڕێتـــەوە
گـــــەورە ببـــــورە لـــــەم نادانیمـــــە
لـــەم بـــێ عـــەقلیـــەم لـــەم نـــەزانیمـــە
جـــار جـــارە منـــت لـــە بیـــر ئـــەچێتـــۆ
بـــە جـــێم دێڵیـــت و خـــۆت ئـــەگـــەڕێیتـــۆ
خۆزگـــەم ئـــەمـــشەوم ڕۆژببوایـــەتـــۆ
بـــا تێـــر بومایـــە لـــە خزمـــەتـــی تـــۆ
گیـــان و دڵ و هـــۆش بیـــر و خـــەیـــاڵم
هـــەمـــوی لـــەگـــەڵ تـــۆن بـــۆ تـــۆ عـــەبـــداڵم
ئـــەی تاقانـــەکـــەی بـــاوەی کـــۆچ کـــردوو
ئـــەی گـــەوهـــەرەکـــەی ئـــاڵتونی مـــردوو
تاقـــــە براکـــــەی فاتـــــەی بێـــــوەژن
تاقـــە تاجـــەکـــەی ســـەری ســـەری مـــن
خۆشـــەویـــستەکـــەی تاقـــە هاوســـەرت
مێـــردی ئایـــشێکەی دڵ پـــڕ کـــەدەرت
ئەی باوکی سێ کیژ لـەگەڵ جوت کوڕت
گـــەورە و مامۆســـتای منـــی دڵ پـــڕت
تاقانـــەی نـــاو هـــۆز تاقانـــەی چاکـــە
تاقانـــــە شـــــەنگیـــــەکـــــەت تاکـــــە

کــوێربم فــەرموتــە گوایــە وا پیــر بــووم
کوێر بم بۆ وتم لای خۆ من ژیر بووم
توخــوا مــەفــەرمــوو قــەت لــەم قــسانە
پیــری و تــۆ بــەینــی عــەرز و عاســمانە
توخـــوا ئـــەو قـــسە بـــدە بـــەدەم بـــا
تــۆو پیــری گیانــە کوجــا مــەرحــەبــا
ئــەگــەر نــە خواســتە تــۆ پیــر بــی خوایــە
مــن بــێ بــەش بکــەیــت لــەم دوبینایــە
لالــە ی عــەشــرەت و بــاوک و کــەســانم
پیــرۆزە و گــەورەی هــەمــوو دۆســانم
خـــاڵۆی باخـــەوان کـــاکی موچڕکـــە
هــەڵبــەست مــەنێرە و دڵمــان کــەم پڕ کــە
ئــاوی چــاو نــەمــا خــوێنی دڵ کۆتــا
تــۆش هــەر مــەچــەکــت وا لــە نــاو کۆتــا
بــە ناشــکور وە نــەی گــری خواگیــان
دەرگــای بــەزەییــت بــۆچ لــێ هــەڵپێکــان
خوایــە ســەد کــەڕەت مــن پــەشــیمانم
چونکـــە ڕوڕەشـــی دەرگـــا و دیـــوانم
احمـــد الحـــاج و بـــەحـــری و باخـــەوان
زوو نــەجاتیــان بــە لــە گۆشــەی زینــدان
شـــادیان کـــەرەوە بـــە کـــەس و اقـــوام
خوایـــە گیـــرا بـــێ لات نـــزا و داوام
لالـــۆی باخـــەوان لالـــۆی بـــێ چـــارەم
لالـــۆی چـــەن ســـاڵەی لـــە مـــن ئـــاوارەم

لالــۆی کــز نیــشتوی نــاو بــەندیخانــە
لالــۆی ڕەنــج دیــدەی جــەوری زەمانــە
لالـۆی ڕەنـگ زەردی مـات و بـێ دەنگـم
لالــۆی کــەڵــەگــەت لالۆکــەی شــەنگــم
لالــۆی غــەمبــاری نــاو گۆشــەی ســجن
لالـۆی نـاو دەریـای ئـەندێشەی بـێ بـن
کــوێر بــم ڕۆژ بــۆوە پێنجــی بــەیانــە
ئـــەهـــا گـــوێ بگـــرە مـــەلا بانگدانـــە
ئـــەوا تـــەلـــسمی خـــەیـــاڵم شـــکا
یـــەک ناگرێتـــەوە بـــە هـــەزار تکـــا
خواتـان لـەگـەڵ بـێ ڕەسـول یـارت بـێ
غــەوثــی گــەیلانــی مــدد کــارت بــێ
ئـەتـان سـپێرم بـە خـوای میهـرەبـان
ئــاواتم نــەجــات بونتــان لــە زینــدان
دیـــــسان ســـــڵاو ڕێـــــز و کڕنوشـــــم
تقــدیم بــە ئێــوە لــەگــەڵ پــەرۆشــم
خواتـان لـەگـەڵ بـێ سـێ بـرای ئـازیز
ئیتـــر خواحـــافیز ئیتـــر خواحـــافیز

## لە دڵتەڕەوە بۆ هۆمەر

لە داڵغە و گۆمی بیرا بوم
لە گێتی شڵەقاوی "سیر"ا بوم
ناگەهان نامەتم وەرگرت
هۆنراوەی وەک خۆت جرت و فرت
"دڵ" ی ووشکم "تەڕ" بووەوە
چی پەژارە بوو چووەوە
چونکە زۆر جار کە ووتومە
لەم کەونە بەرین و شوومە
پشتیوان و دڵسۆزم تۆیت
بەڕێز بەپێز پیرۆزم تۆیت
زیاتر لەوەی کە ووتوتە
زیاتریشم هەبێت هەر پووتە
لە دڵم جێت هەیە و هەبووە
بیرەوەریتم بیر نەچووە
بە هەوای ئەو دەر و دەشتە
دیمەنی خاکە بەهەشتە
کانی و کانیاو و باخ و باخاتی
شاخی بڵند و سەیران و کاتی
قەسەم بە خۆت عومەری عومرم
بیلبیلەی چاومی هەتاکو ئەمرم

# بابەتێک دەربارەی هۆزی بارام

## سەرنج

لـەم بـەشـەدا هۆمـەر هـەوڵـی داوە کـە دەربـارەی ڕەچـەڵـەکی هـۆزی بـارام و لـق و بنـەماڵـە و ئـەندامـەکـانی بکۆڵێتـەوە و وەک دەستپێکێک لە بارام خۆیەوە دەستی پێکردووە. زۆربەی کـەس و تاکەکانی تۆمار کردووە و چۆنیـەتی خزمایـەتی و چونـەوە سـەر بارامی باپیرە گـەورەی ڕۆشـن کردۆتـەوە. ئـەم بابـەتـەی لـە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بە باس ونووسـین هـەوڵـی ڕۆشـن کردنەوەی داوە و ناوی ئەو کەسانەی نوسیوە کە لـەو کاتـەدا لـە ژیانـدا بـوون و یـاخود لـە ژیانـدا نـەبـوون. جێی باسـە کـە ئـەم بـەشـەی لـە سـەرەتـای شـەسـتەکانـدا نووسـیوە. بۆیـە لـەوانـەیـە هەندێک کەم و کوڕی تیدا بێت، کە بێجگە لـە گـەنجێتی نووسـەر کـە تـەمـەنی هـەڤدە سـاڵێک بـووە، لـە هـەمـان کاتـدا زۆرێک لـەو کەسانەی کە ناویان هاتووە لەو کاتەدا نەوەیان کەم بووە، بـەڵام دواتر نەوە و بنەماڵەکان گەورەتر بوون. نووسـەر نـەچـووەتـەوە سـەر ئەو بابەتە بە نیازی دەوڵەمەند کردن و فراوان کردنی کە

لە گەڵ چوونە سەری تەمەن و مێژووی نوێدا بێتەوە. لەم بە شەدا بێجگە لە هۆزی بارام باسی هەندێک لە خزمانی خۆیشی لە لایەن دایکیەوە کردووە. بەشی دووەمی ئەم بابەتە لە شەجەرەیەک پێکهاتووە کە نووسەر لە سەرەتای حەفتاکاندا دای ناوە. ئەم شەجەرەیە گرنگیەکی پڕ بایەخی هەیە، چونکە ئێستاشی پێوە بێت شەجەرەیەکی لەو بابەتە دەربارەی بارام بوونی نییە و بەهۆی ئەم شەجەرەوە زۆرێک لە نارۆشنییە خزمایەتییەکان ڕوون بووەتەوە. ئەڵبەتە ئەندامە تۆمارکراوەکانی ئەم شەجەرەیەش سنووردارە بە مێژووی ئەو کاتەوە و بە دڵنیاییەوە ئێستا بنەماڵەکان و نەوەکان زیادیان کردووە و پێویستە شەجەرەکەش بە پێی زەمەنی ئێستا تازە بکرێتەوە. لەو سۆنگەیەوە زۆر سوپاسگوزار دەبین هەر بەڕێزێک لای خۆیەوە ناوی نەوەکانیان بنێرن، تا لە چاپی دووەمی کتێبەکەدا بە شێوازێکی نوێ بڵاوی بکەینەوە.

پـێش هەمـوو شـتێ ئەبـێ ئەوە ڕوون بێـتەوە کە تایفەکەمـان تـائفەی (بـارام) مەشـهورە وە لە شـاری پێنجـوێن جێنـشینین. ئـەم بارامە بۆمان ڕون نەبووەتەوە کوڕی کێیە. بەڵام ئەونەمان بۆ ڕون بۆتەوە کە چەند برایەک بوون، وە هـەر برایـەک لـە شـوێنێک جێگیر بووە. برایەکیان لـە شـارەزور لـە نێوان هـەڵـەبجە و سیدصـادق کـە پێی ئەوترێت گردەنازێ. نەوەکانی ئەم برایە ئێستاش لەو ناوچەیەدا نیشتەجێن.

هەندێ کەس دەڵێن بارام برای تری هـەیە کە جێنشینی پێنجـوێن بێت، وە ڕون نـەبـووەتـەوە براکـانی کـێن وە کێیـان لـێ بـەجێمـاوە، یەکێکە یا دوان.

وە ئەم بارامە چوار کوڕی هەبووە، یەکێ لەوانە باوەگەورەی بـاوەگەورەی مـنە کە مەشـهورە بە (حەمەی بـارام) یعنـی بە نێـوی (محمد کوڕی بارام)، وە سێ براکـانی تـر ئەمـانەن ئـەحمـدەزەرد و محمود و عزیز.

جـارێ بـاش وایە لە پێـشا باسـی سـێ بـرای محمـد بکەیـن بە کورتی.

بەرەی ئەحمەد زەرد:

ئەحمەد زەرد سێ کوڕی هەیە بە نێوی حەمەئەمین و فتح اللـه و نـصرالله. حـەمـەئـەمـین دوو کـوڕی لـەدوا جێمـاوە بـە نێـوی حـەمـەصـالح قازاخ و محمد. حـەمـەصـالح کوڕێکی هـەیـە بـە نێوی عیزەت. محمد چوار کوڕی لە دوا جێماوە بە نێوی شەریف و حەمە ڕەشە و سەعید و کەریم. شەریف کوڕێکی هـەیە بە ناوی جـەلال. حەمە ڕەشە کوڕێکی هەیە بە نێوی ئەحمەد. کـەریـم سێ کوڕی لـە دوا جێماوە بە نێوی ئیسماعیل و خەلیل و ئیبراهیم.

فتح الله ی کوڕی ئەحمەدە زەرد دوو کوڕی لە دوا جێماوە بـە نێوی عبدالله و فەتاح.

عبدالله کە باوکی مختار احمد وە محمد وە حمە سعید وە کە ئێستا کوڕیان هەیە ناویان عمر عثمان لە مختارن وە علی و نوری لە حمە سعیدن وە انوەر و جمال و جەلال لە محەمەدن، فەتاح ئێستا کوڕی هەیە بە نێوی احمد وە محمد، وە نصرالله کوڕی ئەحمەدە زەرد کوڕێکی هەیە بە نێوی عەلی کە محمودی ئەلی و قادری ئەلی لە دوا جێماوە، کە کوڕی محمود ناویان ئەمانەن ئەحمەد، فە رەج وە علی وە حەمەصالح. کوڕی ئەحمەد تا ئێستا ئەمانەن مصطفی وە کریم، وە کوڕی فەرەج ئێستا ئەمانەن جلال، جمال. وەعلیش ناوی کوڕەکانی نازانم.

وە قادری برای محمودی ئەلی پێنج کوڕی هەیە بە نێوی موحەمەد و حەسەن و عومەر و عبدالله و حەمەڕەشید کە تا ئێستا دوانی ژنی هێناوە محمد و حەسەن. محمد کوڕێکی هەیە بە نێوی عوسمان.

بەرەی محمود:

محمود دوو کوڕی لە دوا جێماوە بە نێوی ڕەحمان و عەباس. ڕەحمان کوڕێکی هەیە بە ناوی ڕەشید. ڕەشیدیش دوو کوڕی هەیە بە ناوی عەلی مەشهور بە عەلی ماین ڕەش و قادر. علی چەند کوڕی هەیە کە ناویان ئەحمەد و عەزیز و مەحمودە، وە هەر ئەحمەدی کوڕی ژنی هێناوە. وە قادری برای علی دوو کوڕی هەیە بە نێوی ئەکرەم و ڕزگار.

عەباس دوو کوڕی هـەیـە بـە نـاوی حـاجی محمـد و ئیسماعیل. حـاجی محمـد دوو کـوڕی هـەیـە، حـاجی عبداللـه و حـاجی محمـود. حاجی عبدالله پێنج کوڕی هەیە بە ناوی عـەزیـز، محمـد، عوسـمان، عمر و هەروەها حەمەصالح. عمر کوڕێکی ناوی ڕزگـارە و کوڕێکی تری ناوی شێرزادە. حەمە صالح پێنج کوڕی هەیە بە ناوی لـەتیف، نورالدین، فەرەیدون، کامەران، کاوە.

حـاجی مـەحمـودی حـاجی محمـد سـێ کـوڕی هـەیـە بـە نـاوی ئەحمەد، مصطفی، ئیبراهیم.

ئیسماعیل کوڕێکی هەیە ناوی عەلییە، عەلیش دوو کـوڕی هـەیـە بەنێوی ئیبراهیم و مەحمود. ئیبراهیم کوڕێکی هەیە بە نێوی جەلال.

بەرەی عەزیز:

عزیز دوو کـوڕی هەن بەنێوی ئـەحمـەد و حـەمـەخـان. ئـەحمـەد دوو کوڕی هەیە بە ناوی ڕەشید و مەلا قـادر. ڕەشـیدیش عبدالله و محمـد و علـی هەیە. عبـدالله و محمـد ژنیـان هێنـاوە. حمەخـان سـێ کوڕی هەیە بە نێوی حمەسـعید، عبداللـه، ڕەشـید. حـەمـەسـعید تەنهـا کوڕێکی هەیە بە نێوی مەلا عزیز. ئەم مەلا عەزیزە تـا ئێستا کـوڕی نییە، ساخوا کوڕی باتێ.

وە مەلا قـادریش پێـنج کـوڕی هەن بە نێـوی فقـێ محمـد، فقـێ محمود، فقێ احمد، حامید، ڕەوف. ڕەوف زاوای قادری ئەلییە.

بەرەی محمد:

محمد کوڕی هەیە بە نێوی حاجی فتح الله، قادر، سلیمان

حاجی فتح الله کوڕی هەن کە ئەمانەن:

١- حاج رسول    خۆی تەنها لە ژنێکە

٢- میرزا عبدالله
٣- محمد رشید    ئەمانە هەرسێکیان لە ژنێکن
٤- نصرالله

٥- میرزا محمود
٦- میرزا احمد    ئەمانەش لە بەرەی ژنێکن
٧- حمە صالح

١- حاجی ڕەسوڵ انسانێکی عاقڵ و زیرەک و لەخواترس بووە، وە چەنـد کـوڕی لە دوی جێمـاوە کە تائێـستاش یەکێکیـان مـاوە بە نێوی مامە عزیز. وە کوڕانی تریش ناویان مجید و فتح الله. فتح الله یەک کوڕی لە دوا جێماوە بە نێوی ڕەشید. وە مەجید چوار کوڕی لە دوا جێمـاوە بە نێـوی حـاج احمـد وە رسـول وە عبـدالله وە امـین. ئەم کوڕانە حاج احمد و رسول ژنیان هێنـاوە. وە مـام عزیـز شـەش کـوڕی هەیە بە نێـوی حمەصـالح، محمـد، علـی، فاضـل، کامـەران، مەریوان. حمە صالح و محمد ژنیان هێناوە. حمە صالح سێ کوڕی هەیە بە نێوی حمە رشید وە حمەسعید.

٢-میرزا عبدالله بڕوانە لاپەڕەی خۆی.

٣- حـــمە رشـــید، ئەم برایەیـــان مـــع الاســـف نەوەی لە دوا جێنەماوە.

٤- نصرالله، ئەم برایەیان لە مەریوان مردووە و تەنها کچێکی لە دوا جێماوە کە نازانرێ کێیە.

٥- میرزا محمود، ئەم برایەیان تەنها کوڕێکی لە دوا جێماوە بە نێوی محمد، وە ئەم محەمەدە دوو کوڕی لە دوا جێماوە بە نێوی حسین وە ابراهیم. وە حسین سێ کوڕی هەیە کە ناویان عومەروبەکر و عەلییە. ابراهیم تا ئێستا دوو ژنی هێناوە بە نێوی خانم وەستا حمەصالح وە ئەوەی تریان بە نێوی پەروین احمد مارف. ئەم احمدی مارفەش هەر لە بارامە. ابراهیم کوڕێکی هەیە بە نێوی جەلال.

٦- میرزا احمد، ئەمیشیان هەر وەجاخ کوێرە.

٧- حمە صالح، کوڕ و کچێکی لە دوا جێماوە بە نێوی حسن و فاتم. حسن کۆچی کردووە و دوو کوڕی لە دوا جێماوە بە نێوی جەلال و حەمە سالح. فاتم ماوە کە ابراهیم، علی، اسماعیل و محمود کوڕینی.

وە کوڕی محمد ئەمانەش هەن بە نێوی قادر، سلیمان.

قادر: کوڕێکی بە نێوی حمە صالح وە کوڕێکی بە نێوی محمود. حمە صالح سێ کوڕی لە دوا جێماوە بە نێوی حسن مەشهور حەسەنە قەساب، حاجی قادر وە حاجی حسین. حسن کوڕی نییە وە دوو کچی هەن بە نێوی خورشە و نەزیر. خورشید ژنی حمە صالحی مام عزیزی حاجی رەسوڵە. نەزیر ژنی محەمەدە. وە حاجی قادر کوڕی نییە، بەڵام کچی زۆرە، ئەمەش ئەوانەی شویان کردووە.

ناهیدە ژنی ڕەسوڵی مجید حاجی ڕەسوڵە. وە دایکی ڕەسوڵیش هەر خوشکی حاجی قادر و حاجی حسینە. کچانی تری حاجی قادر

ناویان شمسەیە کە ژنی حمەسعیدی حمەی مصطفی یە، فاتم ژنی حسنی قادری ئەلییە. حاجی حسین دوو کوڕی هەیە بە نێوی باقی و عومـــەر. هەروەهــا کچەکــانی حــاجی حــسین ئەوانەی شــویان کردووە ئەمانەن، معبوب ژنی کریمی وەستا ئیبراهیم. سۆیبە ژنی عمر عبەریحانە. توبا ژنی محمودی حاجی حسینە ڕەش.

سلیمان: کوڕێکی بووە بە نێوی میرزا احمد، ئەویش کوڕێکی هەیە بە نێوی محمد امین وە تائێستاش محمد ئەمین هەر ماوە. وە محمدئەمین چەند کوڕی هەن بە نێوی محمود، عبدالله، عمر، عثمان، علی، ئەنوەر. تەنها محمود ژنی هێناوە و کوڕێکی هەیە بە نێوی ئەکرەم.

پشتی خۆم میرزا عبدالله

میرزا عبدالله کوڕی حاجی فتح الله کوڕی موحەمەد کوڕی بارامە.

میرزا عبدالله پیاوێکی گەورە و خاوەن ناو و خاوەن عەشیرەت و بێ کردەوەی خراپ وپڕ کردەوە چاک بووە. وەک دەگێڕنەوە لە کاتی ئەم پیاوەدا سەرۆک هۆز و تایفە بووە و لە هەموو شوێنێ قەدری ســەرۆک عەشــیرەتیان لێگرتــووە. وە لەکــاتی ئەم پیــاوەدا خۆی ســەرۆکی تایفەی بارام بووە. وە پیاو ێ تری تیا بووە بە نێوی میرزا عبدالله کاکەسوور کە ئەویش سەرۆکی تایفەی وەستا حسین بووە و لە پێنجوێن دا ئەم دوو پیاوەی تیابووە، وە ئەرکی شارەکە لە بارەی شارستانییەت کەوتبووە سەر شانی ئەم دووانە. وە ئەم میرزا عبدالله حاجی فتح الله کە باپیرەی منە ژنەکەی ناوی خورشید کچی فەقێ عەزیز کوڕی حاجی ڕەسوڵە کە لە خانەدانانە. تایفەی ئەم دایەگەورەی منە دێیەکیان هەیە بە نێوی پاشبەرد، وە

بــاقی بــڵاو بــونەتەوە بە مەنتــیقەدا. وە ئەم دایەگەورەم دووبــرای بوون بە نێوی میرزا ئەحمەد و دەروێش حەمەساڵح. میرزا ئەحـمەد وەجــاخ کــوێر بــووە، دایکــی حــسین و ئیبراهیمــی حەمەی میــرزا مەحمود ژنی بووە. دەروێش حەمەسـاڵح کوڕێک و کچێکی هەیە. کـوڕەکەی نـاوی محمـدە ونازنـاوی بـاخەوانە و دەسـتی شـاعیری هەیە. ئەم موحەمەدە کوڕێکی هەیە جارێ ناوی گۆرانە. وە فاتم کە کچی دەروێش حەمەسـاڵحی برای دایە گەورەمە شـوی کردووە بە مەلاسـاڵح کە مـردووە و چـوار کـوڕ و پێـنج کچـی لە دوێ بەجـێ ماوە. کوڕەکانی ناویان عبدالرحمن، ڕەوف، ئەحـمەد، مەحمـودە. وە کچەکانی ناویان بەدری، سەبری، قومری، زەکیە، ئامینە. کوڕەکانی تەنها عبـدالرحمن ژنـی هێنـاوە کە کچـی وەسـتا ئیبـراهیمە، بـاوکی کەریمی زاوای حاجی حسین حەمە ساڵح قادری موحەمەدی بارامە. وە کچەکـانی بەدری ژنــی قـادری حـاجی خەلـیفە میـرزا حەســەنی مـامەمە، سـەبری ژنـی عبدللـە فـەرەجـە ، قـومری ژنـی بـابەعەلییە و ماڵیان لە دێی بایەوەیە لە ئێران.

میــرزا عبــدالله کە بــاپیرەی مــنە چەنــد کــوڕی بــووە، بەڵام ئەمانەیان ماوون و منداڵیان هەیە. کچەکانی سیانە، یەکەم ئامین کە منداڵی لە دوێ جێ نەمـاوە وە ژنـی جەلالـی بـرای حـاجی حەسـەنە. وە گوڵچین کە ژنی مەحمودی ئەلییە وە هەر تەنها کچێکی لە دوێ جێ ماوە بە نێوی نەزیرە، وە نەزیرەش ئێستا ژنی مەجیدی حاجی فتح الله سۆفی ڕەسوڵە وە کوڕێکی هەیە بە نێوی هیوا، وە منداڵی تــــری هەن بەڵام هیــــوا گەورەیـــــانە. ناهیــــدە ژنـــــی مەحمــــــود مەلاعبدالحکیمە وە مەحمود خۆی ساڵی ١٩٦٣ جەیشی بەعسی لە بەکرەجۆی پاڵ سلێمانی بە فیشەکی تفەنگ کوشتی وە ئێستا بێ

مێردە وە کورەکەی ناوی محمدعەتایە، وە کچەکانیشی بە نێوی پەروین و نەسرین مەشهورن. وە ئەم مێردی ناهییە خاڵی دایکی منە.

کوڕەکانی میرزا عبدالله یەعنی باپیری من ئەمانەن

١- محمد سعید
٢- حاجی خەلیفە میرزاحەسەن
٣- محمد فەرەج

(هەر لە یەک دایکن، باپیرەم تەنها یەک ژنی هەبووە.)

١- محمد سعید: بە هەرزەکاری لە ڕێی سەفەری سنەدا کۆچی دوایی کردووە بە جوانەمەرگی وە تەرمی هێنراوەتەوە ئێرە لە گۆڕستانی پیرۆزی حاجی شێخ نێژراوە.

٢- حاجی خەلیفە میرزاحەسەن: ئەم پیاوە پیاوێ بە دین و بە ویژدان و بە تەنگ موسوڵمانان هەیە، وە پیاوێ گەورە و مناسبە و عضوی مەجلیسی بەلەدیەیە. پیاوێکە لە ناو پیاوە گەورەکانی ناوچە تێکەڵی هەیە، وە بە چاوی قەدرەوە تەماشا دەکرێت. وە بۆ هەموو کارێکی شارستانی و ئاوەدانی لە گەڵ پیاوانی تردا هاوکاری هەیە. ئەم مامەمە لە ساڵی ١٩٦٠ م دا حەجی کردو خەلیفەی شیخ عبدالکریم شیخ عبدالقادری شێخی تەریقەتی قادرییە.وە ئەم مامەمە تا ئێستا سێ ژنی هێناوە بە نێوی عەدلە، فاتم، ئامین.

ا- عەدلە: کچی مام عبدالله ئیبراهیم ئەحمەد زەردی بارامە و لە تایفەی بارامە. ئەم عەدلە تەنها کوڕێکی لا مامەم ماوە. ئێستا ژنی مەحمودی تۆفیقە. کوڕەکەی عەدلە کە ئامۆزای منە ناوی قادرە وە لە ساڵی ١٩٥٥م دا ژنی هێناوە، وە ژنەکەشی کچی مەلاساڵحە، واتە

لە دایــکەوە ئەگــاتەوە پێمــان. واتــا کچــی فــاتمە کچــی دەروێــش حەمەساڵح، کە برای دایەگەورەمە، کە دایکی باوکمە.

وە ئەم کاک قادرە چەند کوڕ و کچێکی هەن، کوڕەکانی ناویان جەمال، جەبار وە کچەکەشی ناوی عەتیەیە.

ب- فاتم: کچی وەستا حەمەساڵحە وە دایکی لە ئەسڵدا خەڵکی سنەیە و باوکی خەڵکی پێنجوێنە. فاتم برایەکی هەیە بە نێوی حاجی محمـد ئەمــین کە لەگەڵ مامەمــا لە ســاڵێکدا چــوون بــۆ حەج. وە ئێستاش هەر ماوە، وە کوڕی هەن بە نێوی ڕەوف، سدیق، ئەحمەد، وە محمد و یاسین. وە فاتم خوشکی هەن بە نێوی تەلیٚ و ئامین. وە ئـامین شـوی کـردووە بە بە یەکـیٚ کە مـردووە لە سلێمانی وە کوڕێکی هەیە بە نێوی عبدالله. وە تەلیٚ شوی کردووە بـە حـاجی عەزیـزی حەمە مـڵە وە کـوڕی زۆر هەن. وە فـاتم کە ژنـی مـامەمە دوو کــچ و کــوڕێکی بــۆ مــاوەتەوە، باقیــاتی مــردوون. کچەکــانی شەمسە و حەیاتە. شەمسە شوی کردووە بە رحمـةالله قاضـی کە دایکی رحمةالله پوری دایکمە. وە شەمسە دوو کچی تا ئێستا هەن. عوسمانیش ئێستا لە پۆلی شەشی سەرەتاییە و حەیاتیش منداڵە.

ج- ئـامین: سـێیەم ژنـی مـامەم کە نـاوی ئـامینە کچـی حەمەی ئەحمەد بوزانی مەشهورە. وە دوو برای هەن بە نێوی حەمەڕەحیم و ئەحمەد. وە خوشکێکی هەیە بە نێوی ئایشیٚ. وە ئەم مـامۆژمە لە پـێش مامەمـدا شـویە تـری کـردووە کە مێـردەکەی نـاوی قـادرە وە ئێستا لە توتمانە، وە کچێکی لێی هەیە بە نێوی مەحسوم وە ئێستا وەختـی شـویەتی. ئەم کـچە لای ئەحـمەدی بـرای مـامۆژمە. وە ئەم ئــامینە کە ئێــستا مــامۆژی مــنە منــداڵی زۆر مــردووە، وە بــۆی

ماوەتەوە دوو کوڕ و دوو کچ تا ئێستا کوڕەکانی ئەمانەن: بەکر، کەمال. کچەکانیش: ستار، تەلار وە منداڵن.

٣- محمدفەرەج: کە باوکی منە و کوڕی میرزاعبدالله حاجی فتح الله محمد بارامە. تا ئێستا دوو ژنی هێناوە بە نێوی سۆبیە و فاتمە.

ا- سۆبیە: کە دایکی منە کچی حاجی مەلا محمدئەمین ڕەحمانە وە وەکوو بۆم دەرکەوتووە مەریوانین. وەحاجی مەلا محمد ئەمین لە پەنجاکاندا مردووە. وە سێ کوڕو دوو کچی لە دوێ جێماوە. دوو کچەکە یەکێکیان دایکی منە وە ئەوی تریان شوی نەکردووە. وە سێ کوڕەکەش ئەمانەن: حەسەن، حسین، ئەحمەد. حەسەن و حسین ئێستا شەریکن، وە ئەحمەد برا بچوکیانە. ئەم کوڕانە هێشتا ژنیان نەهێناوە.

وە دایکم پوری هەن بە نێوی ڕابیعا، حەبیبە، ئامین، فاتم، مەعبوب، خانم وە یەکێکی تر داخەکەم ناوی نازانم بەڵام کوڕێکی لەدوێ چێماوە ناوی مەلا محمدە.

ڕابیعا: خوشکی باوەگەورە حاجی مەلا محمدئەمینم ژنی حاجی ڕەشید وەستا موستەفا بوو. منداڵی تەنها ئامین ماوە و ئامینیش ژنی عارفی برازای حاجی ڕەشیدە. وە ئامین چوار کوڕ و دوو کچی هەن بە نێوی محمد ساڵح، ئیبراهیم، جەمال، کامەران. وە کچەکانی بریتین لە کاڵێ و زارا.

حەبیبە: یەکێکی تر لە پورەکانی دایکم وە ژنی قازی پێنجوێن بوو. وە دوو کوڕ و سێ کچی لە دو جێماوە. کوڕەکانی هیبـةالله و رحمةالله ناویانە. رحمةالله زاوای مامە حاجیمە، واتا شەمسە کچی مامەم ژنێتی. وە کچەکانیشی بە نێوی ئامین، فەیمە، ئەفسەر.

ئـامین ژنــی مەلا کەریــمە وە کــوڕی هەن کە یەکێکیــان نــاوی عوسـمانە. فەیـمە دوو شـوی کـردووە تـا ئێستا. لە شـوی پێشوی کوڕێکی هەیە بە نێوی فاروق. وە لە مێردی دووەمی کە ناوی سید حەسەنە منداڵی نییە.وە ئەفسەریان تازە شوی کردووە.

ئـامین: ئەمـیش پـورێکی تـرە لە پورەکـانی دایکـم. ئەمـیش لە ولەژێر لە مەریوان شوی کردووە وە کوڕێکی هەیە بە نێوی حـاجی مەلاعارف، کە پیاوێکی بە نێوبانگە، وە کوڕێکی هەیە بە ناوی محمد طاهر. وە چەن کچی هەن.

فـاتم: ئەمـیش پـورێکی دایکـمە وە لە ولەژێـری مەریـوان شـوی کردووە و دوو کـوڕی هەن بە نێوی حـاجی مەلائەحمەد وە حـاجی مەحمود. هەردوکیان دوکاندارن لە مەریوان.

مەعبـوب: ئەمـیش پـورێکی تـری دایکـمە. لە مـانگی سـێی ١٩٦٥ مردووە و وە چوار کوری هەیە بە نێوی ئەحمەد، محمد، عەلی وە مەحمود.

محمـد و ئەحـمەد و عەلـی ژنیـان هێنـاوە و مەحمـود مـاوە ژن بێنـێ. نـاوی منـداڵەکانیان نـازانم بەڵام ژنـی ئـەحـمەد کچـی خـانمی پوری دایکمە وە ناوی بەهیەیە. وە ژنی محمد کچی ڕەزا نـاوێکە لە هەرگێنە.

خـانم: ئەمـیش پـورێکی دایکـمە وە ژنــی حـاجی مەحمـودە کە مـردووە. حـاجی مەحمـودیش هەر لە تـایەفەی بـارامە، بەڵام جـوان پشتی نازانم. وە ئەم پورەی دایکم سێ کوڕ و کچێکی بۆ مـاوەتەوە ئەحمەد، موستەفا، ئیبراهیم، بەهـێ. ئەحـمەد ژنی هێنـاوە و ژنەکەی ناوی فاتمەیە کە کچی خەلیفە کەریمی محمدئەمینە کە ئەمیش هەر

لە تـایەفەی بـارامە. وە موسـتـەفا و ئیبـراهیم ژنیـان نەهێنـاوە. وەک پێشتر وتمان بەهیێ ژنی ئەحمەدی پورە مەعبوبمە.


پوری نەزانـراوم: ئەم پورەی دایکـم نـاوی نـازانم. تەنهـا ئەوەنە ئەزانـم کە کوڕێکی هەیە نـاوی مەلا محمـدە و مەلایە لە دێهاتەکـانی مەریوان.

دایکی دایکم واتە نەنکم ناوی ئامینەیە و کچی مەلا عبدالحکیم و خەڵکـی میـری سـورن لە شـارەزور. وە ئەم نەنکەی مـن دوو بـرای هەیە بە نێوی عەلی وە مەحمـود. عەلـی بـرا گەورەیە و منـداڵی هەن ناویان نازانم، وە مەحمودیش وەک پێشتر باسکرا زاوای خۆمـانە و خوشکێکی باوکمی هێناوە. ئەم دایکەی من ماوەی هەژدە ساڵ ژنـی بـاوکم بـووە لە سـاڵی ١٩٦٣م دا کـۆچی دوایـی کـردووە و لە دێـی ئاسـنەوەوە هێنامـانەوە پێنجـوێن. هۆکـاری ئەوەی کە لە ئاسـنەوە بـوین شۆڕشــی کوردسـتان دەسـتی پێکـرد و لە ترسـی سـوتان و تەیارە ڕامان کردە ئاسنەوە کە دێیەکە لە ئێران وە بەرواری کۆچی دوایی دایکم ٣٠-٥-١٩٦٣میلادیە وە لە شەو سەعات ٣-٤ مرد. لەو کـاتەدا بـاوکم لە سلێمانی بوو وە مـاڵی بـاوەگەورەم حـاجی مەلا لە قەڵای مەریوان بوون.

وە باوکم ژنەکەی تـری نـاوی فـاتمەیە کە کچـی مامەسـاڵحە. وە ئەم بـاجیمە برایەکـی هەیە بە نێـوی ئەحـمەد وە ژنـی نەهێنـاوە وە دوو خوشــکی هەیە بە نێــوی خەجــێ و ئــامین. وە خەجــێ ژنـــی حسەینە وە کوڕی هەن بە نێوی محمد و مەحمود و هتد.. وە ئامین ژنـــی مەلاتــۆفیقی عمــرانە وە کــوڕی هەن بە نێــوی ئەفراســیاب، خەسرەو هتد..وە باوکم ئەم ژنەی شەوی ١٠-٩-١٩٦٣ هێنا.

دایکم منداڵی بون لە کوڕ و لە کچ. من کە عومەرم نویَ سکەیم وە لە دوای من دوو کچی بووە بە نێوی ڕوناک و سـەلما بەڵام لە نێوان سـاڵانی ١٩٤٧-١٩٥٢ مـردوون کە نـازانم کـام سـاڵیانە.وە لە دوای ئەوان عەلی لەدایکبووە، کە ئێستا لە پۆلی شەشی سـەرەتاییە، وە لە پـاش عەلـی جەلالـی بـووە. وە لەپـاش ئەو کچێکـی بە نێـوی نــازەنین بــووە کە مــردووە و پاشــان کچێکــی تــری هەر بە نێــوی نـازەنین بـووە، ئەویـش هەر مـرد. وە پاشـان ئەنـوەری بـوو. وە لە دوای ئەو کچێکـی بە نێـوی لەیـلا بـوو و پاشـان کـوڕێکی بە نێـوی محمدلەتیف بوو. ئەم حەمە لەتیفە شیرەخۆرە بوو کە دایکم وەفاتی کـرد. بـراژنم ماڵیـان لە بـایەوە بـوو کە دێیەکە لە ئێـران لە سـنوری عێـراق، حەمەلەتیفـی بـرد بەخێـوی کـا، چەنـدمانگیَ مـا و ئەویـش وەفـاتی کـرد. وە لە منـداڵانی دایکـم تەنهـا مـن ژنـم هێنـاوە ئەویـش تـــازەکی لە ڕۆژی ١٨-٢-١٩٦٥ م گواســـتمەوە. وە ژنەکەم نـــاوی مریەمە کچی عارفی حاجی عبداللە، دایکی ناوی فاتمەیە وە برایەکـی دایکی و خوشکێکی دایکی هەیە بە نێوی محمد و ئامین. وە براکـانی تری کە لە دایکی خۆی نیین نـاوی ئەحـمەد، مەحـمود و وە خوشـک هەر لەو ژنەی بـاوکی کە بـاجی ئەمە و نـاوی سـەلمایە سیانی هەن بە نێوی بەهیَ، سەبری، بەدری.

وە ژنەکەی تـــری بـــاوکم کە فـــاتمە زوو پـــێش بـــاوکم ژنـــی مـحەمەدی مینەنـالە بـوو وە کـوڕێکی لێـی بـوو بە نێـوی جەمـال. وە ئێستا هەر کوڕیکی هەیە لای باوکم بە نێوی محمدڕەفیق.


برایم
ئەحمەد زەرد
مەحموود
محەمەد
عەزیز

# تۆماری هەڵبژێردراوی ڕۆژژمێرەکان

| | |
|---|---|
| 02-01-1961 | فەرەجی مەحمودی ئەلی ئەمرۆ کوڕێکی بوو |
| 03-01-1961 | ئەمڕۆ نەخشەی ژنی وەستا نەسروڵا خەزوری حەمەی لالەم کوڕێکی بوو |
| 06-03-1961 | حمەی مینە فەتاح وەفاتی کرد |
| 03-04-1961 | دەروێشساڵحی باوکی علی و عەزیمە و نەجیمە و سەعید وەفاتی کرد |
| 06-04-1961 | فاتمەی دەروێش حمیدیان برد بۆ صالح بە بوکی |
| 13-04-1961 | حەپسەی مەلا ڕەحیمیان برد بە بوکی |
| 13-04-1961 | فەیمەی حەسەنیان برد بە بوکی |
| 20-04-1961 | ئەمڕۆ ڕەحیم ژنی هانی |
| 07-05-1961 | کوڕی دەروێش غەریب وەفاتی کرد |
| 07-05-1961 | کوڕی ڕەشە بەحری وەفاتی کرد |
| 21-05-1961 | کچێ بچوکی حمەی حەماڵ وەفاتی کرد |
| 24-05-1961 | ژنی حاجی میرزا حەسەن وەفاتی کرد |
| 08-06-1961 | دەروێش ساڵحی ڕەشان وەفاتی کرد |
| 12-07-1961 | ئەمشەوماڵی ئەحمەدی میرزا قادر سووتا |
| 28-07-1961 | ئەمشەو دایکم کچێکی بوو |

| | |
|---|---|
| 29-07-1961 | ئەمـــڕۆ خەبەر هـــات کە مەلا ئەحـــمەد کـــوێرە وەفاتی کردووە |
| 02-08-1961 | ئەمشەو پورکە حەبێم وەفاتی کرد |
| 09-08-1961 | ئەم ئێوارە خەبەر هات کە سەبری خێزانی مختار وەفاتی کردووە |
| 05-10-1961 | ئیسماعیلی حاجی عەزیز ژنی هێنا |
| 17-10-1961 | ئەم ئێوارە وەستا ئەوڕەحمانی دارتاش وەفاتی کرد |
| 12-11-1961 | دایکـی سـید علـی و سـید سـەعید کـوڕی سـید حەسەن وەفاتی کرد |
| 25-11-1961 | ئەمڕۆ هەڵپەڕکێ بوو شایی حەسـەنی قالە ئەلی بوو |
| 04-12-1961 | ئەمڕۆ باوکم چوو بۆ برازاوا بۆ لارەهەر بۆ عمر فەتاحی شەریف هەڵپەڕکێ بوو |
| 18-12-1961 | ئەمشەو حەمە میرزا فەتاح وەفاتی کرد |
| 18-02-1962 | ئەمڕۆ زەماوەندی عمری براخاس بوو |
| 01-04-1962 | ئەمڕۆ دوو پۆلیسیان کوشت و یەکێکیان بریندار کرد لای گەرمک |
| 03-04-1962 | حمەی لالەم کوڕی بوو |
| 11-04-1962 | ئەم بەیـــانییە خەبەریـــان هێنـــا کە شەمـــسەی خوشکم کچی بووە |
| 13-04-1962 | هەر خەڵکەو بار دەکات |

| | |
|---|---|
| 14-04-1962 | ڕۆشتین بۆ ئاسنەوە |
| 17-04-1962 | ڕەحمانی حەسەنی غوڵام ژنی هێنا |
| 20-04-1962 | ئەمڕۆ چەند کەسێکیان گرت وەک حمەی لالەم |
| 21-04-1962 | ئەمڕۆ حمەی لالەم بەربوو. ٤ تەیارە هات سێ خولیان دا |
| 23-04-1962 | ئەمشەو نەسرینی حاجی حسەینی غوڵام کچێکی بوو. حمەی لالەم دیسان گیرایەوە |
| 25-04-1962 | ئەمـڕۆ ووتیـان شـەوی ٢٦ ی نیـسان سـوپای پێشمەرگە دێن بۆ پێنجوێن |
| 12-05-1962 | دوو فـڕۆکە یەک دوو سـوڕی پێنجوێنیـان دا. سەعات ٧و ٣٥ مەخفەری قزڵجەیان سوتان |
| 26-05-1962 | سوپای عێراق گەیشتە پێنجوێن |
| 30-05-1962 | ئەمـڕۆ تێکـڕا هـاتینەوە بـۆ پێنجـوێن. تەیـارە تـازەدێی بۆمبابـاران کـرد، مەلا محمـدئەمین و عارفی مام فەتاح و عزیزی حاجی حسەین بونە قوربانی |
| 02-06-1962 | قوەی سەیار حوکمێ بە شدەتیان دەکرد و چەند کەسێکیان لە بازاڕ گرت |
| 05-07-1962 | مەلا جەلالی مەلا عارف حمدی ئەلی بەگی هانی |
| 07-07-1962 | ئەمشەو مەحمودی ئامۆزام مرد |
| 08-07-1962 | ئەمڕۆ دایکی ئەحۆلی صاڵحە شایر وەفاتی کرد |

| | |
|---|---|
| 05-08-1962 | ئەمـڕۆ مامەمیـان گـرت وە حەواڵەی سـلێمانییان کرد |
| 07-08-1962 | ئەمـڕۆ سـێ ڕۆژە مـامەم (حـاجی خـەلیفـە میـرزا حەسەن) لەگەڵ حاجی حسەینی غوڵام و لالۆ و حمە صالەی وەستابرایم وئەڕەحمانی میرزا قادرو حـاجی فتح الله و قادری حاجی فتح الله گیراون |
| 10-08-1962 | خەجێی ژنی مەحمودی فەقێ ڕەحیم وەفاتی کرد |
| 11-08-1962 | ئەمشەو پێنجوێنیان دایە بەر تەقە |
| 16-08-1962 | حمە صالەی مەحمودی تۆفیق ژنی گواستەوە کە کچی خولە کەناس بوو |
| 20-09-1962 | چەند ڕۆژێکە خەڵک بار ئەکەن. خەڵک بە کەمی لە پێنجوێن ماوە |
| 29-09-1962 | پێنجوێن چۆڵە و پێشمەرگە زۆرە |
| 01-10-1962 | ئەمشەو پێنجوێن درایە بەر تەقە و تەقە دامەزرا |
| 21-10-1962 | ئەمڕۆ جەیش گەیشت وەپێشمەرگە شکا و دنیا بوو بە قاو |
| 23-10-1962 | ئەمـڕۆ پێنجـوێن ئەو پێنجـوێنە نەخشینە سـوتا و بو بە خەڵوز و دوکەڵی گەیشتە ئاسمان |
| 24-10-1962 | میشیاو و بانە و چوارتا و سەیسادق و هەڵەبـجە و هەورامـان وەدنیـا بـۆنی پێنجـوێنی سـوتاوی بیست |
| -1962١٢12- | ئەمڕۆ ئەحمەد بەگی حمە شەریف بەگ ژنی هانی |

| | |
|---|---|
| 25-12-1962 | ئەمرۆ چوم بۆ پێنجوێن بۆ دەنگوباس، ووتیان مامەم بەربووە |
| 11-02-1964 | ئەمشەو خەبەر وەرگیرا لە ڕادیۆی بەغداد کە مفاوەزاتی کوردەکان لەگەڵ حکومەت بە سرِی سەری گرتووە |
| 26-02-1964 | بەیانی مەکتەبی سیاسی هات. موچەخۆری میری براوەتەوە سەر کاری حکومی |
| 19-03-1964 | مەیتی حەسەنی حمە صالح ئامۆزای باوکم گەیشتەوە پێنجوێن |
| 21-03-1964 | ئاهەنگیان گێڕا لە مەکتەبی کچان بە بۆنەی جەژنی نەورۆز |
| 13-04-1964 | ئەمشەو پرە پێیەک بەفر باری |
| 01-05-1962 | ژنێکی کوژراویان هانیەوە لە حاجی شێخە چکۆلەوە، کەس نەیزانی مەسەلە چییە و ژنەکە کێیە |
| 10-05-1964 | ئەم بەیانییە کوڕی مامەم کە ناوی محەمەد بوو تەمەنی هەشت مانگ ئەبوو، وەفاتی کرد |
| 21-05-1964 | ئەمرۆ لەگەڵ مامەم و کاکەم چوین بۆ بناوەسوتە بە مناسەبەتی ژنهێنان بۆ کوڕەکەی شێخ کاکە حەمە کە ناوی شێخ حسێنە، ڕەعنای حاجی ڕەحیمی دارۆخانیان بۆ هێنا |

| | |
|---|---|
| 18-06-1964 | ئەمڕۆ قومری مەلا صاڵحیان برد بۆ دێی بایەوە بۆ بابە عەلی |
| 25-06-1964 | صدیقی عەلی شمس الله ژنی هێنا کچەکەی عاسەمارە. دەروێش قادری شوانی گاگەل وەفاتی کرد |
| 30-06-1964 | لەم ڕۆژانەدا حەمە کوێری کۆنە ڕەنجبەری خۆمان وەفاتی کردووە |
| 03-07-1964 | ئەمڕۆ هەڵپەڕکێ بوو شایی حەمەی ڕەعنا. |
| 04-07-1964 | ئەمڕۆ دایکی خەزوری حەمەی ڕەعنا وەفاتی کرد کە خاتوو خورشیدی ناوبوو دایکی قادربەگی ڕۆستەم بەگ. زەماوەندەکە فاشیل بووەوە جارێ |
| 06-07-1964 | شایی بوو هەڵپەڕکێ بۆ مەلامصطفی ی محمودی حاجی مصطفی |
| 12-07-1964 | ئەمڕۆ بوکەکەیان هێنا کە کچی حەمەی عبدالله فەقێ محمدە بۆ مەلا مصطفی ی محمودی حاجی مصطفی. لە شەشی مانگەوە هەڵپەڕکێ بەردەوام بوو |
| 25-07-1964 | ئەمڕۆ مەلا مصطفی بارزانی هات بۆ پێنجوێن، وە شێخ محمدی شێخ عبدالکریمیش. وە شێخ محمد لەماڵ ئێمە میوان بوو |
| 28-07-1964 | ئەمڕۆ سەرۆکی شۆڕشی کوردستان چوو بۆ شلێرکە لە لایەن حمەڕەشید خانەوە دەعوەت کرابوو |

| | |
|---|---|
| 13-08-1964 | مەحمودی حاجی ڕەشە مەلا ژنی گواستەوە |
| 17-08-1964 | ئەمڕۆ ئێوارە شایی دەروێش علی دەستی پێکرد |
| 18-08-1964 | ئەمڕۆ باجیم کوڕێکی بوو ناومان نا محمد تۆفیق |
| 20-08-1964 | ئەمـڕۆ بوکیـان گـوێزاوە بـۆ حـسێنی ڕەشـەی رونیش. جلیان بۆ بەهێی قادربەگی ڕۆستم بەگ بڕی |
| 01-09-1964 | ئەمڕۆ دەستەی یەکگرتومان پێکهێنا |
| 03-09-1964 | ئەمـــڕۆ هەڵپەڕکـــێ و شـــایی ئەحـــمەد بـــرای حەمەلاوە گوڵە وە بوکێ لە مەریوانە |
| 06-09-1964 | ئەمڕۆ شایی حەمە لول دەستی پێکرد |
| 08-09-1964 | ئەم ئێـوارەیە شـەڕێکی ئێجگـار خـراپ قەومـاوە، کرا بە دووبەرەکی پارتی و شیوعی |
| 10-09-1964 | ئەمـڕۆ بوکەکەیـان گـوێزایەوە بـۆ حەمەلـول کە کچی کاکە حەسەن بوو(حەسەنی ئامە). جلیان بۆ خێڵان بڕی |
| 17-09-1964 | ئیبراهیمـی ڕەشـە بەحـری ژنەکەی گواسـتەوە بە نێوی خێڵان |
| 24-09-1964 | ئەمـڕۆ بوکەکەیـان هێنـا کە نـاوی تـامین بـوو برازای شەریفە کوردە بۆ حاجی محمد نزارەیی |
| 27-09-1964 | ئەمـشەو کچێکـی حـاجی فەقـێ عەزیـزی حەمە حـاجی ئـاو خنکانـدی لە حەوزی وصـل خـانەی مزگەوتی حاجی فتح الله |

| | |
|---|---|
| 29-09-1964 | مـامەم چـوو بـۆ قلـعەدزە دوو ڕۆژە واتە لە ٢٧ ەوە بۆ بەشداری لە کۆنگرە |
| 01-10-1964 | مـصطفی عبـدالله حەمە مـراد و محمـد میـرزا حمەامین ژن بە ژنیان کرد وە ئەمڕۆ بوکەکانیان گواستەوە |
| 07-10-1964 | ئەمڕۆ شـایی سیَ نەفەر بوو، عوسمانی حـاجی فەرەج فەرهـاد و کـوڕی فەرەج کە هەردوو لە یەک شـوێن هەڵپەڕکێیـان دانـاوە. وە شـایی نەصرالله بوو |
| 21-10-1964 | ئەمـڕۆ جلیـان بـڕی بـۆ ژنەکەی ڕەشـەی حەمە صالحی پاشبرد |
| 28-10-1964 | ئەمڕۆ چوین بۆ برازاوای ژنەکەی ڕەشـەی لالە حەمەصالح لە بەنگەڵەکان |
| 29-10-1964 | ئەمڕۆ علی حـاجی عەبە سـوور کچـی مـامەولێی هێنا |
| 02-11-1964 | ئەمـڕۆ علـی ڕەشـید ڕەحمـان مەشـهور بە علـی مـاین ڕەش وەفـاتی کـرد. کـوڕەکەی حەمەی لالەشم وەفاتی کرد |
| 04-11-1964 | ئەمڕۆ عەبە نانەوا وەفاتی کرد |
| 06-11-1964 | ئەمڕۆ ئامینی ژنی شێخ کەریم بۆ شەویَ وەفاتی کرد |

| | |
|---|---|
| 10-11-1964 | ئەمـــڕۆ مـــن و بـــاوکم و حەمەی لالەم وحەمە پەروەر و مەحمـودی بەنـگەڵەو حەسـەن حەمە خەڵوزەیی چوین بۆ پاشبەرد بۆ شـایی عومەری مامە ڕەحمان |
| 14-11-1964 | ئەمڕۆ شایی حەمەی برای صالح بوو |
| 20-11-1964 | بـرادەران لـۆریەک گەنمیـان گـرت لە ئاشـەکەی شێخ قاسم لای بناوەسوتە |
| 24-11-1964 | شایی مەحمودی تۆفیق بایەوەیی دەستی پێکرد |
| 25-11-1964 | ئەمـڕۆ لە نێوان وڵاغـدار و قۆنتەراتچیا بـوو بە هەراوە مەحکەمە سوڵحی پێکردن |
| 06-12-1964 | ئەمـڕۆ چەنـد ووڵاغـدارێکمان گیـران وە شـەو بەربوون |
| 17-12-1964 | ئەمڕۆ خونچەی دایکی خولە عەرەب وەفاتی کرد |
| 18-12-1964 | ئەمڕۆ مختاری پێنجوێن ڕەشید صـالحە خل خل لابرا وە مەحمودی حاجی ڕەشە مەلا دانرا، عەبە بەنگی بە وەکیل |
| 29-12-1964 | ئەمڕۆ حسەین مەشهور بە حسەینە مێش و فەقێ ڕەحیم وەفاتی کرد |
| 30-12-1964 | دایکـی مەلا حەسـەنی مەلا جەلال وەفـاتی کـرد. سۆفی ئەحمەد باوکی نوقڵێ وەفاتی کرد |
| 31-12-1964 | منداڵی هەژار یەکی دوو دیناریان دانێ خێری جۆن کەنەدی کە سەرۆککۆماری ئەمەریکابوو کە کوشتیان |

| | |
|---|---|
| 24-01-1965 | حاجی ئەحمەدی چایچی کۆچی دوایی کرد |
| 08-02-1965 | ئەمـڕۆ مـامەم چـوو بـۆ سـلێمانی بـۆ بـرازاوای محمد ئەفەندی حاجی عەزیز حەمە مڵە |
| 10-02-1965 | ئەمـڕۆ اضـراب دەسـتی پێکـرد لە کوردسـتانی عێراق دژی جمهوری وە پێنجوێن هاوبەش بوون |
| 16-02-1965 | ئەمڕۆ مامەم چوو بۆ فاتیحا خوێنی ژنی حاجی شـێخ عبـدالقادری چوێسە وە چەن کەسـی تـری لەگەڵ بوو |
| 28-02-1965 | خـوا کـوڕێکی دا بە کـاکە قـادرم وە ناومـان نـا سالار |
| 23-03-1965 | خەبەر هات کە جەیش گەڕاوەتەوە |
| 26-03-1965 | ئەمڕۆ پورکە مەعبوبم کۆچی دوایی کرد |
| 01-04-1965 | ئەمـــشەو بەهـــجەت عەونـــی متـــصرفی لیـــوای سلێمانی لە ماڵ ئێمە میوان بوو |
| 09-04-1965 | ئەمشەوعیزالدین وەکیلی ملازم طارق ئامر لیوای مەنتـیقەی کەرکـوک لەشـکری شـۆڕش لەگەڵ ٣ پێشمەرگە لە ماڵ ئێمە میوان بوون |
| 10-04-1965 | خەبەر زۆر ناخۆشە. پێنجوێن زۆری باری کرد |
| 22-04-1965 | واحدی کوڕی حەمەی ئاوەڵزاوای مامەم وەفاتی کرد |
| 25-04-1965 | ئەمـڕۆ عەزیـز عەقـراوی ڕۆیـشت بە جەولاتێکـی گشتی بە خۆی و چەند سەد پێشمەرگەیەکەوە |

| | |
|---|---|
| 04-05-1965 | ئەمڕۆ دوو تەیارەی میک هات وە تەقەی نەکرد |
| 05-05-1965 | ئەمڕۆ سێ جار تەیارە هات جاری یەکەم سوڕێ جـاری دووەم و سـێیەم دووسـوڕ بەڵام قەسـفی نەکرد |
| 07-05-1965 | ئەمڕۆ محمد ڕەفیقی برام کۆچی دوایی کرد |
| 13-05-1965 | ئەمڕۆ کچی حاجی سعید سوریان بە بوکی هـانی بـۆ قـادری حەمەی عەزیـز. مەجیـدی حـاجی فـتح الله بەربوو وە هاتەوە، بوو بە هەڵپەڕکێ |
| 16-05-1965 | تەیـارە قەسـفی دەشـتی ڕاوگـانی کـرد چـونکە لۆریەک ڕێواس لە گەرمکەوە هاتبوو |
| 17-05-1965 | ئەمڕۆ تەیارە قەسفی دەشتی بەر کێلوی کردوە پێنج ئافرەتی قەرەجی کوشت |
| 29-05-1965 | شەکراوی کچی حاجی کاکە حەمەیان خواردەوە بۆ علی حاجی عەزیزی حەمە مڵە. تەیارە قەسفی گاگەلی ڕاوگانی کرد و نۆزدە سەری کوشت |
| 16-06-1965 | پێنجوێن بە تێکڕا باری کرد |
| 26-06-1965 | ئەمشەو لە دەربەندی گۆیژە لە سلێمانی گیراین |
| 31-10-1965 | ئەمڕۆ بە ڕەفقی کەفیل بەربوین |
| 01-11-1965 | ئەمڕۆ گەیشتینەوە پێنجوێن |
| 04-11-1965 | شەو تەقە بوو لە پێنجوێن |
| 26-11-1965 | ئەمڕۆ تۆپبارانی بناوەسووتە کرا |
| 02-01-1966 | پێنجوێن تۆپباران کرا |

| | |
|---|---|
| 17-03-1966 | ئەمڕۆ مامەم ڕۆیی بۆ کانی چنار بۆ پرسەی کوڕی شێخ محمدی ناوپارێز |
| 19-03-1966 | ئەمشەوحکومەتی عێراق قەسفی چواردەوری ئاسنەوەی کرد |
| 29-03-1966 | ئەمڕۆ حکومەتی عێراق قەسفی ئاسنەوەی کرد لای کانی سەرسپی |
| 05-04-1966 | ئەمشەو ئەحمەد ڕەشید بەحری شەهید کرا |
| 13-04-1966 | ئەم ئێوارەیە عبدالسلام عارف لە ڕوداوی کەوتنە خوارەوەی تەیارەدا کوژرا لەگەڵ ١٠ نەفەری تردا |
| 29-06-1966 | ئەمشەو سەعات ٩ سەرۆک شالیاری عێراق عبدالرحمن بزاز بیانێکی دەرکرد بۆ کۆتایی شەڕی کوردستانی عێراق. ئەمڕۆ عەصر لە بغداد انقلاب ڕویدا بە قیادەی عارف عبدالرزاق |
| 20-08-1966 | ئەمڕۆ حەمەی حاجی عەلی کیکنی ژنی هێنا |
| 01-09-1966 | ئەحا چکۆل ژنی هێنا |
| 18-10-1966 | عومەری حەسەن ژنی هێنا |
| 20-10-1966 | حەمەی عارف فەتاح ژنی هێنا |
| 24-10-1966 | خەبەر هات کە جەمالی ئەمینە یارە وەفاتی کردووە |
| 08-12-1966 | گولە کوێر وەفاتی کرد. ئەمڕۆ بە تەواوی هاتینەوە بۆ پێنجوێن لە ئاسنەوەوە |

| | |
|---|---|
| 31-01-1967 | دایکـی حـاج نـصرالله ی ئاسـنگەر کە ١٢٠ سـاڵ عومری بوو، کۆچی دوایی کرد |
| 21-03-1967 | ئەمشەو خوا کچێکی پێدام وە ناومان نا بەهار |
| 09-06-1967 | ئەمڕۆ مامە عزیز وەفاتی کرد |
| 24-07-1967 | ئەمشەو باجیم کوڕی بوو وە ناومان نا نەژاد |
| 10-04-1968 | ئەمـڕۆ شـوکری چـاوەش بـاوکی غەفـوری معلـم وەفاتی کرد |
| 03-07-1968 | ئەمشەو حسەینە دارە کوژرا لە بایەوە |
| 07-07-1968 | ئەمڕۆ لالە باخە وەفاتی کرد |
| 25-12-1968 | حەمە صالحی حاجی عبدالله وەفاتی کرد |
| 26-02-1969 | ئەمــڕۆ حــسەینە لیــسە وەفــاتی کــرد. ئەمــڕۆ کچێکمان بوو وە ناومان نا ڕووناک |
| 16-04-1969 | ئەمـــڕۆ حکـــومەتی پێنجـــوێن کەوتە خـــۆ بـــۆ کۆچکردن لە پێنجوێن بە یەکجاری |
| 19-04-1969 | ئەمڕۆحکومەت بنەبڕاو بوو یەک کەڕەت ڕۆیی |
| 25-05-1969 | ئەمڕۆ کاک عەزیز ئەتروشی و پێشمەرگەکانی لە نزیک عەبابەیلێ شەهید کران |
| 05-06-1969 | ئەمڕۆ ڕوناکی مام عەزیزیان برد بە بوکی |
| 29-01-1970 | ئەمڕۆ ئیبراهیم حمەی حەماڵ ژنی هێنا |
| 02-02-1970 | ئەمشەوسەعات ١٠،٣٠ پورکە خانمم پوری دایکم وەفــاتی کــرد وە لەحــاجی شــێخ ئەســپەردەی خاکمان کرد. |

| | |
|---|---|
| 05-02-1970 | ئەمڕۆ باجیم کوڕێکی بوو وە ناومان نا شێرکۆ |
| 28-02-1970 | ئەمشەو سەعات ٧،٣٠ محمودی علی وەفاتی کرد |
| 06-03-1970 | ئەمـشـەو مـریم ژنـی حـاجی ئەحـمەدی بـرای مامۆژم وەفاتی کرد |
| 08-03-1970 | ئەمڕۆ خەبەر هات پورە حەبێ دایکی مـامۆژم لە ئاسنەوە وەفاتی کرد |
| 11-03-1970 | ڕۆژی ڕزگـاری گەلـی کـوردی عێـراق و دانـی حـوکمی زاتـی بە گەلـی کـورد. ئەحـمەد حەسـەن بەکر بەیـانی مافەکـانی کـوردی خوێـندەوە کە لە ١٥ مادە پێکهاتبوو |
| 12-03-1970 | دائرەی ڕەسمی نەهاتەوە |
| 13-03-1970 | ئەمـڕۆش هەر هەڵپەڕکـێ بـوو بە مناسـەبەتی ڕزگاری کوردستانی عێراق |
| 27-03-1970 | کاکە عەبە کوڕیان بوو |
| 29-03-1970 | دانانی وەزیرە کوردەکان کە ٥ وەزیر بوون |
| 15-10-1970 | ئەمڕۆ ستاری ئامۆزام گوازرایەوە بۆ سـەرداری حاجی حسین |
| 30-01-1971 | ئەمڕۆ کچێکمان بوو وە ناوم نا نیگار |
| 06-02-1971 | ئەمڕۆیـان کـرد بە جەژن. ئەمـڕۆ شـانۆگەری ئەحمەد بەگی کۆماسی و پاشا و ٣ پیاو کە من دەوری تجارم بوو گێڕامان |
| 07-02-1971 | ئەمڕۆش ٣ کەڕەت شانۆگەریمان گێڕا |

| | |
|---|---|
| 08-02-1971 | ئەمـــڕۆش ٣ کەڕەت شـــانۆگەریەکەمان دووبـــارە کردەوە |
| 24-02-1971 | ئەمشەو هەڵبژاردن کرا لە نەقابە وە من دەرچووم بە سەرۆکی نەقابەی کرێکاران |
| 04-03-1971 | ئەمڕۆ دیسان هەڵبـژاردن کـرا بـۆ لیـژنەی نەقـابەی کرێکـاران وە دیـسان مـن دەرچـوم بە لێپرسـراوی یەکەم ١٥٦ دەنگم هێنا بەرامبەر بە ٨٤ بۆ ڕکەبەر |
| 14-03-1971 | ئەمـــشەو عەبەی علـــی شـــەل و خـــدری ڕەشـــید بەحـــری درانە بەر تەقە وە عەبەی عەلـــی شـــەل بریندار بوو |
| 18-03-1971 | ئەمڕۆ پەراوەی دوانزە سوارەی مەریوانمان کرد |
| 20-03-1971 | ئەمـــڕۆ خۆمـــان ڕێخـــست بـــۆ بەیـــانی ئـــاهەنگی نەورۆز وە دوانـزە سـوارەی مەریوانمـان تـشکیل کرد وە لای ئاشـی کـاحمەفرج لە دەشـتی جێگەی ئاهەنگ چاک ئەکەن |
| 21-03-1971 | ئەمڕۆ جەژنی نەورۆز کرا |
| 25-03-1971 | ئەمڕۆ عەلی حاجی عبداللە ی کانی مانگایی ژنـی هێنا |
| 19-06-1971 | ئەم ئێوارە روناکی کچم وەفاتی کرد |
| 30-06-1971 | ئەمڕۆ حەمەی مامە عبداللە وەفاتی کرد |
| 15-08-1971 | ئەمشەو معاونی امن و معاونی شرطە کوژران |
| 18-08-1971 | خەبەر هات کە ئەمشەو عەلی ئەمینە یارە وەفاتی کردووە |

| | |
|---|---|
| 23-09-1971 | ئەمـڕۆ پەروینـی پورکمـان گـوێزاوە بـۆ بەکـری ئامۆزام |
| 08-12-1971 | ئەمشەو عبدالله مجید میرزا حمەامین لە ڕوداوی سەیارەلای ناوپارێز وەفاتی کرد |
| 25-12-1971 | ئەمشەو خێزانی ئەحمەدی کاکە عارف کوڕێکی بوو وە ناویان ناوە کامەران |
| 19-01-1972 | ئەمـڕۆ هەوا زۆر سـارد بـوو پـلەی گەرمـا ١٤ لەژێر سفرەوە بوو. |
| 28-01-1972 | ئەمڕۆ مام عبدالرحمن وەفاتی کرد |
| 29-01-1972 | ئەمڕۆ چوین بۆ دارەبەن بۆ پرسەی مـام مەولـود مامی خەزورم |
| 04-02-1972 | ئەمڕۆ ئامۆزا ژنی خولە سەمەن وەفاتی کرد |
| 08-02-1972 | ئەمـڕۆ قائمقـام فاضـل سـۆرانی ووتەیەکـی دا لە مکەبەرەوە سەبارەت بەم بەفرە زۆرە |
| 11-02-1972 | ئەمڕۆ دوو تەیـارە دووکەڕەت هـاتن بـۆ پێنجـوێن لەسلێمانیەوە وە خواردنیان هێنا |
| 16-02-1972 | ئەمـــڕۆ دوو تەیـــارە چـــوار کەڕەت هـــاتن بـــۆ پێنجوێن ارزاقیان هێنا |
| 30-04-1972 | ئەمڕۆ سەلامی علی ئەحا ڕەش وەفاتی کرد |
| 12-05-1972 | ئەمـــڕۆ خەبەریـــان داینـــێ کە شـــێخ لەتیـــف لە سەعات دوانزە وەفـاتی کـردووە بەڵام تـا حەوتـی ئێوارە بە شرینقە قسەیان پێ کردووە |

| | |
|---|---|
| 13-05-1972 | ئەمڕۆ تەرمی شێخ لەتیف گەیيەوە سلێمانی وە لە خزمەت کاک ئەحمەد بە خاک سپێردراوە. لە پێنجوێن تەعزیەی بۆ دانرا |
| 22-06-1972 | ئەمڕۆ خەبەریان داینێ کە خاڵی دایکم سید علی ملا حکیم کوشتویانە |
| 12-07-1972 | ئەمڕۆ تەرمی خولە ئەشخاصیان هێناوە کە شەو لای ئاوایی حاجی نامیقەوە سەیارە وەرگەڕابوو بو بوو بە ژێرەوە |
| 20-12-1972 | ئەمڕۆ عەلی وەلی وەفاتی کرد |
| 16-01-1973 | ئەمڕۆ دایکی عمر فتاح شریف وەفاتی کرد. ئەمڕۆ حاجی رسول خضر وەفاتی کرد |
| 18-01-1973 | ئەمڕۆ منداڵێکی ڕەوفی حەمە خولە وەفاتی کرد |
| 31-01-1973 | ئەمڕۆ کوڕەکەی کاکە ڕەسوڵی کاکە مەجید وەفاتی کرد وە سەیارەکەش کە پێی هاتبونەوە لەپاڵ چاخانەی خەراجیان وەرگەڕابوو بەڵام سوپاس بۆ خوا زەرەری روحیان نەبوو |
| 05-03-1973 | ئەمشەو سەعات ١٠،١٠ کوڕێکمان بوو وە ناومان نا شێرزاد |
| 21-03-1973 | ئەمڕۆ لە ئاهەنگی نەورۆزدا وتارم لە باتی نەقابەی کرێکاران خوێندەوە |
| 15-05-1973 | ئەمڕۆ مامۆستا ملا اسماعیل وەفاتی کرد |

| | |
|---|---|
| 05-01-1974 | ئەمڕۆ مصطفی ی احمد محمودی علی کوڕێکی بوو ناوی نا عبدالخالق |
| 08-01-1974 | بیستم کە حمە شەلی برای کاکە فتح الله وەفاتی کردووە |
| 25-01-1974 | ئەمشەو پلەی گەرما ١٥ پلە لە ژێر سفرەوە بوو |
| 03-02-1974 | ئەمڕۆ زۆر سارد بوو بۆ شەوێ پلەی گەرما ١٨ پلە لە ژێر سفرەوە بوو |
| 10-02-1974 | ئەمڕۆ قواتی عێراقی و ئێرانی لە قضای بدرەی عێراقی ومهرانی ئێرانی لە یەکیاندا وە٤١ کوژراو ٨١ بریندارلە ئێرانی و ١٤ کوژراو لە عێراقی بە پێی قسەی ڕادیۆ ئەم بەسەرهاتەم نوسیوە |
| 12-02-1974 | ئەمڕۆ حاجی ملاصالح وەفاتی کرد |
| 28-02-1974 | ئەمڕۆخەبەریان هێنا کە چوار پێشمەرگە لە لای کانی سپیکەی پەرخ بە ناحەق بە دەستی مغاویر کوژراون |
| 01-03-1974 | ئەمڕۆحاجی ئامین دایکی علی ماین ڕەش و قالە رشید رحمن وەفاتی کرد |
| 02-03-1974 | ئەمڕۆ رحمەی ژنی حاجی حمەصالح میرزا عبدالله کاکەسور وەفاتی کرد |
| 06-03-1974 | ئەمشەو رئیس جمهور تقریری موئتە مەری حزبی بەعسی خوێندەوە، بەڵام قسەکانی |

نیشانەی وەزع خراپ بوونە.

| | |
|---|---|
| 07-03-1974 | ئەمڕۆ احمد حسن بکر قسمی دووەمی تقریرەکەی خوێندەوە.ئەمڕۆ دەنگ هەیە کە گوایە جیش لە سیدسادقەوە ئەڕوات |
| 08-03-1974 | ئەمڕۆ احمد حسن بکر قسمی سێیەمی تقریرەکەی خوێندەوە. ئەمڕۆ ترسی شەڕبونەوە زۆر بوو |
| 09-03-1974 | ئەمڕۆ جیش لە سیدسادق نەما هەروەها شیوعییەکانیش |
| 11-03-1974 | ئەمڕۆ سجنی سلێمانییان شکاند وە حەپسەکانیان بەردا و شورطەی سلێمانی هەموو هاتنە دەرەوە |
| 12-03-1974 | ئەمشەو سەعات ٨،١٥ رئیس جمهور مەشروعی حوکمی ذاتی بلاو کردەوە کە زۆر دورە لە قانونی حوکمی ذاتی، وە خەڵک لە شارەکانی کە حکومەتی تیایە ڕایان کرد |
| 13-03-1974 | ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر ڕای کرد و هاتنە پێنجوێن. برقیە هات کە شیخ حمەامین قایمقامی چمچمال بە هەموو دوائیری میرییەوە هاتە پاڵ شۆڕش |
| 14-03-1974 | ئەمشەو کاک نوری ملا محمود و کاک حمەصالح عبداللە و کاک انتیوان کە هەیئەی نقابەن ڕایان کردوە لە سلێمانی و وە هاتن بۆ ماڵ ئێمە |

| | |
|---|---|
| 17-03-1973 | ئەمڕۆ باخی ڕەشـە کاکی هەرەسـی کرد وە دوو ماڵ بـو بە ژێرەوە، کچێک مـرد تـا ئێوارەش بە هەموو خەڵک دەرنەهات |
| 18-03-1973 | ئەمڕۆ خواڕەحم کوڕێکی بوو وە ناوی نا سـالار. ئەمـڕۆ کچەکەیـان دەرهێنـا کە دوێنـێ بوبـوو بە ژێر هەرەسەوە |
| 22-03-1973 | ئەمــڕۆ خەڵــک دڵــی خۆشــە بەوەی کە گــوایە مفـــاوەزات هەیە. بـــارانی ئەم دوایـــیە جـــادەی پێنجـــوێن تـــا دۆڵە ســـوور زۆری تێکـــداوە وە مروری سیاراتی نەهێشتووە |
| 29-03-1974 | ئەمـشەو ئیـزگەی کوردسـتان کـرایەوە لەسـەر شــــەپۆلی متوســـــط ٢٥٢ وە ٢٠٠ وە ١٩٠ وە شەپۆلی کورت ٩٠ متر |
| 24-04-1974 | ئەم ئێوارە خەبەر هات کە قەڵادزە قەسف کراوە |
| 25-04-1974 | ئەمڕۆ شـار چـۆڵ بـوو چـونکە منع بـوو دوکـان دابنرێت |
| 27-04-1974 | ئەمڕۆ پێنجوێن چۆڵ کـرا بە ئەمـری شـۆڕش و پارتی |
| 28-04-1974 | ئەمڕۆ تەیارە هات بەڵام قەسفی نەکرد |
| 18-07-1974 | ئەمــڕۆ ســەعات ١،١٥ بــاجیم کــوڕێکی بــوو وە ناومان نا شۆڕش |
| 14-08-1974 | ئەمـشەو وەسـتا تۆفیـق بـاوکی احمـد تۆفیـق کە پیرترین کەس بوو لە پێنجوێن وەفاتی کرد |

| | |
|---|---|
| 27-08-1974 | ئەمڕۆ جەنازەی حاجی دەرویش حمە مصطفی یان هێناوە لە قەڵای مەریوانەوە کە بە نەخۆشی وەفاتی کردووە |
| 23-12-1974 | ئەمشەو ئامین کچی ملا صالح کە ژنی کمالی محمودی خلیفە بوو وەفاتی کرد |
| 20-02-1975 | ئەمشەو فەرەجی حاج فتح الله وەفاتی کرد |
| 22-11-1975 | ئەمڕۆ محمود نصرالله مەشهور بە خولە نەسە وەفاتی کرد |
| 08-01-1977 | نەنە مەنیج وەفاتی کرد |
| 10-01-1977 | کوڕێکی حمەی علی خاڵۆ کە منداڵ بوو وەفاتی کرد |
| 15-01-1977 | ئەمڕۆ دایکی قادری عبدول وەفاتی کرد |
| 17-01-1977 | ئەمڕۆ کچەکەی مامە کەرەم وەفاتی کرد |
| 07-02-1977 | ئەمڕۆ سەعات یەک پاشنیوەڕۆ فەقێ عەلی وەفاتی کرد |
| 06-03-1977 | ئەمڕۆ مەیتی دایکی عبدالکریم ملا عبدالله یان بردەوە بۆ پێنجوێن. ئەمشەو کچی دەروێش مەحمودیان مارە کرد بۆ عیزەتی حمە کریم نادر. |
| 04-04-1977 | ئەمڕۆ حاجی صالحی برای عبە ڕەحا وەفاتی کرد |
| 18-11-1980 | ئەمشەو کوڕێکمان بوو ناومان نا شانۆ |
| 10-12-1981 | ئەمڕۆ مامەم حاجی خەلیفە میرزا حەسەن وەفاتی کرد وە لە گۆڕستانی سەیوان ناشتمان |

| | |
|---|---|
| | وە لە مزگەوتی بن تەبەق تەعزیەمان دانا |
| 16-12-1981 | ئەمڕۆ گـۆڕی مامەمـان لە گـۆڕدا لە گۆڕسـتانی سـەیوان دەرهێنـا و بردمـانەوە بـۆ گۆڕسـتانی حـاجی شـێخ لە پێنجـوێن، تـا خەڵـک نەزانێـت و بێنەوە لەگەڵمان و خوانەکردە توشی قەدەر بن |
| 03-01-1982 | ئەمـڕۆ مـامۆژم فـاطمە صـالح ناسـراو بە مـامنە ســـەعات ١،٣٠ لە بەر دارالمعلمـــین لە ڕوداوی هاتوچۆدا وەفاتی کرد |
| 10-01-1982 | ئەمشەو لە سـەعات ٩ تـاوەکو سـەعات ١١ مانگ گیران بوو |
| 05-03-1982 | ئەمـڕۆ توبـای حـاجی دەروێـش حـسین ژنـی مەحمودی حاجی حسین ڕەش وەفاتی کرد |
| 08-05-1982 | ئەمـڕۆ چـوم بۆ بـادانە و بـۆم مەعلـوم بـوو کە حـاجی محمـدی قوربـانی پـێش دە پـانزە ڕۆژ وەفاتی کردووە |
| 23-05-1982 | ئەمڕۆ چوم بۆ بادانە بۆ تەعزیەی خـولە چالە بە ڕوداوی ســــەیارە ڕۆژی هەینـــی (واتە ٢١-٥-١٩٨٢)وەفاتی کردوە |
| 20-06-1982 | ئەمـشەو تەقە بـوو لە گەڵـوز وە شـێخ احمـد لە تەقەکەدا کوژراوە |
| 20-10-1982 | ئەمڕۆ چـوم بۆ پـاڕەزان بـۆ پرسـەی کـچەکەی بەکـری حـاجی سـەفەرکە ئەمـشەو بە کارەسـاتی گولە دەرچون وەفاتی کرد |

| | |
|---|---|
| 04-11-1982 | ئەمڕۆ عەسکری هاتن بۆ تاریەر وە تەیارە زۆر هات، هەلیکۆپتەر دوو جار هات |
| 14-01-1984 | ئەمڕۆ تەرمی عوسمانی حەمەی خواکەرەممان برد بۆ سەیوان و ناشتمان. ئەمڕۆ تەرمی مامۆستا تۆفیق وەهبیان هێنایەوە لە لەندەن بۆ مزگەوتی گەورە |
| 11-04-1984 | ئەمڕۆ لەگەڵ حسین و جەلال چوین بۆ پونگڵە بۆ تەعزیەی عمر حاجی محمود |
| 13-04-1984 | محمدی ژنبرام کچیان بوو |
| 24-04-1984 | ئەمڕۆ تەرمی رابعای ژنی حسنی حاجی مەلاعبدالله یان هێنایەوە |
| 12-05-1984 | ئەمڕۆ لە سلێمانی مانگرتن دەستی پێکرد وە خۆپیشاندانیش بوو و تەقەش کرا |
| 13-05-1984 | ئەمڕۆ مانگرتن لە سیدسادق دەستی پێکرد |
| 14-05-1984 | ئەمڕۆ لە سیدسادق دوکان و بازاڕ نەبوو بەڵام ئێوارەکەی کرایەوە |
| 03-01-1985 | نجم الدین کوڕی عەبەی گەوهەرکوژراوە |
| 26-01-1985 | ئەمڕۆ خەبەر هات کە مامەڕیشە شەهید بووە |
| 06-02-1985 | ئەمڕۆ تەرمی خورشەی ژنی حاجی حەمە صالحی مام عزیزیان هێنایەوە وە لە گردی سەیوان ناشتمان |

| | |
|---|---|
| 26-02-1985 | ئێوارە خەبەریان هێنا کە طاهیری حاجی امین مصطفی یان کوشتووە وە سێ ڕۆژە کوژراوە |
| 11-03-1985 | ئەمڕۆ تاران و بەغداد و چەندین شاری تر لە لایەن هەردوولاوە بۆمباران کراون |
| 17-03-1985 | ئەمڕۆ عەبەی ڕەشە ئەحمەد وەفاتی کرد |
| 20-03-1985 | ئەمشەو ستاری ئامۆزام کوڕیان بوو |
| 26-03-1985 | ئەمشەو لە ئوتێل بێخاڵ بووم لە بەغداد و بەیانیەکەی بە دەنگی ئەرز خەبەرم بویەوە کە پێنجەم ڕاکێتە ئێران دەینێت بە بەغداوە |
| 27-03-1985 | خەبەر هات کە حەمە ساڵە بابەت وەفاتی کردووە |
| 08-06-1985 | مەحمودی توتمانی پورزای خەزورم بە دەعمی سەیارە وەفاتی کرد. پورە خەجێ خوشکی باجیم وەفاتی کرد |
| 27-06-1985 | ئەمڕۆ حەمەی پورە مەعبوبم وەفاتی کرد. بورهان قانع لە دەعمی سەیارەدا وەفاتی کردووە |
| 29-06-1985 | ئەمڕۆ خەبەر هات کە شەریفی فەتاح وەفاتی کردووە. حەمەی حەسەنە کەوەر وەفاتی کردووە |
| 01-07-1985 | ئەمڕۆ گولەیەکیان نا بە حەمەی ئەوڕەحمانی قوڕگەوە لە عەربەت وەهێنایان بۆ تەواری لەوێ وەفاتی کرد. عبدالواحیدی زاوای وەستا میرزاش هەر لە تەوارییەکە وەفاتی کرد |

| | |
|---|---|
| 11-07-1985 | مـاڵی خەزوری خـوارەحم ژن بە ژنیـان کـرد بـۆ محمد |
| 17-10-1985 | ئەمـرۆ منـع تجـول بـوو وە بە هەلیکـۆپتەر و مکەبەرە جاڕیان دا و تفتیشات بوو. |
| 10-12-1985 | ئەمڕۆ منـاڵێکی مـامە سـالە کە دووسـاڵ تەمەنـی بوو وەفاتی کرد |
| 08-06-1986 | ئەمڕۆ حاجی قادری شیرین وەفاتی کرد |
| 11-01-1988 | ئەمڕۆ حەسەنی مامەلێ وەفاتی کرد. ئامۆزایەکی کاک ئەحمەد باوکی جوانە وەفاتی کرد |
| 01-01-1989 | چوین بۆ تەعزیەی ژنەکەی شێخ عبداللە چنگیانی |
| 05-01-1989 | ئەمڕۆ مەلاژن دایکی مەلا عبدول وەفاتی کرد |
| 17-03-1989 | ئەمڕۆ چوم بۆ تەعزیەی سید علی براخاس |
| 26-03-1989 | ئەمڕۆ لەیلای خوشکم کچێکی بوو |
| 11-04-1989 | ئەمڕۆ دوای حەوت سـاڵ مـن و عمـری حەسـەن چوینەوە بۆ پێنجوێن بۆ دەرهێنانی بەردی ئاسن |
| 06-05-1989 | ئەمـــڕۆ عـــدنان خیـــرواللە بە ڕوداوی کەوتـــنە خوارەوەی هەلیکۆپتەر کوژرا |
| 15-05-1989 | ئەمڕۆ تەعزیەی ڕەحمەی ژنی حاجی حسین بوو |
| 26-05-1989 | ئەمڕۆ جلالـی برایمـی حمەی میرزا لە سـەیرانی قەشـــقۆڵی بـــووە مەلەی کـــردووە وبەداخەوە خنکاوە |

| | |
|---|---|
| 09-06-1989 | ئەمـڕۆ ووتیـان سـاڵەی حجـی فـتح الـله خـۆی کوشتووە |
| 27-06-1989 | ئەمڕۆ ئامینی ژنی فتح الله ی فەرەج وەفاتی کرد |
| 19-07-1989 | ئەمڕۆ چوم بۆ تەعزیەی نوری حمە تەنەکە وە خـاتوو سـتارەی ژنـی حـاجی ئەحـمەدی وەسـتا مصطفی |
| 22-07-1989 | لەتیفی بابەعلی وەفاتی کرد |
| 23-07-1989 | ئەمڕۆ مـامۆژە عەدلە دایکی کاک قـادرم وەفـاتی کرد |
| 28-07-1989 | ئەمڕۆ چوم بۆ نەسر بۆ تەعزیەی مامە حەسـەنی حجــی محمــد پاشــبرد کە دوێنــێ لە ڕوداوی هاتوچۆدا وەفاتی کردبوو |
| 14-08-1989 | ئەمــڕۆ ســەعیدی حــاجی نــصرالله لە ڕوداوی هاتەچۆدا لە توزخورماتوو وەفاتی کرد |
| 15-08-1989 | ئەمڕۆ چوم بۆ تەعزیەی شێخ سـادە لە نەسر کە دووەم ڕۆژی بوو |
| 31-08-1989 | ئەمڕۆ لە بازاڕ قڵێشانەوە بوو |
| -10-1989٤0 | ئەمـشەو نزیـک سـەعـات نـۆ شـیرینی ژنـی عەلـی برام کچێکیان بوو وە ناومان نا ئاژین |
| 19-10-1989 | ئەمڕۆ عەلی مامە حەمە وەفاتی کرد |
| 20-10-1989 | ئەمڕۆ مەلا عبدالله ی ڕەشمار وەفاتی کرد |

| | |
|---|---|
| 22-10-1989 | ئەمڕۆ لەگەڵ مامە عەزە و کاکەمین چووین بۆ باریکە بۆ تەعزیەی برایمی مەلا عیزەت زاوای حاجی حسەینە ڕەش |
| 04-11-1989 | ئەمڕۆ حەمەی حسەینە شەل وەفاتی کرد |
| 17-11-1989 | ئەمڕۆ کافەی مەحمودی عەلی ژنی حسنی حسەینە لیسە وەفاتی کرد. خەزوری حەمە عەتای پورم وەفاتی کرد |
| ١٩-11-1989 | ئەمشەو فاتمەی ژنی جلالی برام سەعات ٩،٤٠ کوڕێکی بوو وە ناومان تاوێر |
| 24-11-1989 | مصطفی وەفاتی کرد |
| 14-12-1989 | ئەمڕۆ حاجی مەحمودی حاجی احمد حیدر وەفاتی کرد |
| 16-12-1989 | ئەمڕۆ وەستاصدیقی ئاسنگەر وەفاتی کرد |
| 07-03-1993 | خەبەرمان بیست کە پورە تەلێ پوری عوسمانی برام وەفاتی کردووە |
| 15-04-1993 | شێخ عومەری شێخ ئەوڕەحمانی باخەوان وەفاتی کرد بە کارەساتی ئۆتۆمۆبیل |
| 25-06-1993 | ئەمڕۆ مامۆژە ئامینم وەفاتی کرد |
| 01-01-1995 | ئەمڕۆ چوم بۆ تەعزیەی حەمەی مینە نالە کە سێ ڕۆژ پێش ئێستا وەفاتی کرد |
| 02-01-1995 | ئەمڕۆ بیستمان کە جەمالی عەلی تورکە وەفاتیکردووە. شەڕە لە هەولێر |

| | |
|---|---|
| 06-01-1995 | ئەمـڕۆ شەمـسـەی ژنـی حـاجی عزیـز حەمە مـڵە وەفاتی کرد |
| 10-01-1995 | ئەمڕۆ ئەنوەری حاجی عەبدولی عەبەلالە کوژرا |
| 23-03-1995 | چوار ڕۆژە سوپای تورکیا ڕژاوەتە کوردستانی عێراقەوە |
| 31-01-1996 | ئەمشەو لە خەستەخانەی هیلەغوذ نیگاری کچم کوڕێکی بوو وە ناومان نا ئۆژین |
| 13-04-1996 | ئەمـــڕۆ مەلا بەختیـــار ســـمیناری گرتبـــوو لە کۆپنهاگن |
| 23-04-1996 | ئەمـشەو سـەعات ١٢,٠٥ بەهـاری کچـم کچێکـی بوو |
| 11-07-1996 | ئەمڕۆ لە کوردستانەوە خەبەرم بۆ هات کە لەم ماوەی پێشووەدا هەریەک لە حاجی حەمە امین شـــەش و بیـــست،حاجی حەمە امـــین خەیـــات، محمـــودی حەمە پەروەر، فـــتح الـــله حەمـــامچی وەفاتیان کردووە |
| 19-08-1996 | ئەمڕۆ لەیلا کوڕێکی بوو |
| 24-08-1996 | هەواڵی دەست پێکردنەوەی شەڕی ناوخۆمان پێ گەیشت |
| 31-08-1996 | ئەم بەیـانییە سـەعات پێنج سـوپای عێـراق هێرشـی کردۆتە هەولێر وە شەڕ لەناو شار دەستی پێکردووە. دەنگۆی کوژرانی نزیک بەهەزار کەس هەیە |

| | |
|---|---|
| 01-09-1996 | سـوپای عێـراق قەسـفی چەمچەمـاڵ و بازیـانی کـردووە. گوایـا سـوپای داگیـرکەر لە هەولێـر گەڕاوەتەوە. بەتەمــاین خۆپێــشاندان بکەیــن لە دانمارک بە دژی ڕژێمی بەعس |
| 03-09-1996 | ئەمریکا بە ٢٧ موشەک بۆمبابارانی عێراقی کرد |
| 05-09-1996 | ئەمـــــڕۆ خۆپیـــــشاندانمان کــــرد لە بەردەم ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکـان بە دژی عێـراق و ئێــران و وە داوامـــان ئەوە بـــوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسایشی کوردستان بپارێزێت |
| 08-09-1996 | ئەمڕۆ دێگەڵە و کۆیە گیراوە |
| 09-09-1996 | ئەمـڕۆ سـەعات حەوتـی ئێـوارە سلێمانی گیرا بە بـێ تەقە وە یەکێتــی بــێ بەرگــری بە جێیــان هێــــشتووە وبەرەو پێنجــــوێن و ئێـــران بەڕێ کەوتوون |
| 10-09-1996 | ئەمڕۆ عێراق عافواتی دەرکرد بۆ کوردستـان و ئابلۆقەی ئابوری لابرد لەسەر کوردسـتان. پارتی هەموو شارەکانی کوردستانی بە دەستەوەیە |
| 23-09-1996 | ئەمـڕۆ هەواڵمـان پـێ گەیـشت کە بـاوکی جەمـال تەبەری وەفاتی کردووە لە سنە |
| 13-10-1996 | ئەمڕۆ لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆوە هـەواڵمـان بیست، یەکێتـی پێنجـوێن وسـلێمانی وسـەدی دوکـان و قەڵادزێ و هتد گرتۆتەوە |

| | |
|---|---|
| 15-11-1996 | ئەمــڕۆ لە کۆپنهــاگن خۆپیــشاندان بــوو لە بەرامـبەر ڕێکخـراوی لێبـوردنی نێـونەتەوەیی بە دژی حکـــومەتی تورکیـــا کە ٢٨ پەناهنـــدەی کوشتووە لە سەر سنوری کوردستان |
| 19-11-1996 | ئەمـڕۆ تەعـزیە نـامەم نووسـی بـۆ گـێلاس ژنـی سـامان بە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی مـصطفی ی برایەوە لە لایەن عەسکەری تورکی کە لەگەڵ ٢٨ پەنابەردا کوژران |
| 11-12-1996 | ئەمڕۆ لە منصوری بەغداد تەقە لە عودەی کوڕی صدام حسین کراوە |
| 05-05-1997 | بـاوکم بە تەلەفـۆن پێـی وتـم کە ئەحـمەد مـارف وەفاتی کردووە |
| 04-06-1997 | ئەمـڕۆ خۆپیـشاندان بـوو لە کۆپنهـاگن بە دژی اعـداماتی ڕژێمـی بەعـس و هەروەهـا بە دژی حەملەی تورکیا بۆ سەر کوردستان |
| 10-06-1997 | هەواڵمــان بیــست کەبــاوکی مەیــسون وەفــاتی کردووە |

# ئەلبوومی وێنەکان



هۆمەر پێنجوێنی ساڵی ١٩٥٨



لای ڕاستەوە هۆمەر، محمد عەزە. ساڵی ١٩٥٨



هۆمەر لە سەر بانی مزگەوتی بەرکێو ١٩٦٥



لای ڕاستەوە علی، هۆمەر، عوسمان. منداڵەکە دڵشاد



لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێکانی. دانیشتووەکان لە ڕاستەوە، ئەحمەدی تامین و عوسمانی عەبە ڕەحا. وەستاوەکان لە ڕاستەوە، نەزانراوە، عەلی ئەحمەد سلێمان، هۆمەر











ووتار خوێندنەوە لە نەورۆزی ١٩٧٣




لە ڕاستەوە علی، محمد فرج، هۆمەر



لە ڕاستەوە حاجی ئەنوەر، سەردار، هۆمەر، عەلی.



لە راستەوە: عومەر حەسەن، عەلی ئەحمەد سلێمان، هۆمەر پێنجوێنی



لە ڕاستەوە هۆمەر، ئەحمەد ساڵح



لە ڕاستەوە، ئەحمەد حەسەن سلێمان، سالار حسین، عومەر، عەلی ئەحمەد سلێمان، قادر حەمە ئەویەهەنگی، سدیق حەمە کەریم نادر



لە ڕاستەوە هۆمەر، محمد مینە نالە، ساڵح حاجی فتح اللە، نەزانراو، نەزانراو( ئەم دوو کەسە نوێنەری نەقابە بوون لە سلێمانییەوە هاتبوون).



لە ڕاستەوە، عەلی باریک، عومەر حەسەن، هۆمـەر، کـەریـم چـل گـەزی، قـادر ئەحمەد لەیلێ.



لـە ڕاسـتەوە بـەکـر حـسين، هۆمـەر، منداڵـەکـەی بـاوەشـی بـەهـار، مريـەم، منداڵەکەی باوەشی نیگار.



لە ڕاستەوە، نەزانراو، قادر حەمە ئەوێهەنگی، هۆمەر، عوسمانی موختار.



کوێت ١٩٨١



لای ڕاستەوە ڕیزی دواوە شێرکۆ، عمرحەسەن، هۆمەر، نیگار
لای ڕاستەوە ڕیزی پێشەوە شێرزاد، ڕێبین، حەیدەر، ئەنوەر



هۆمەر پێنجوینی



لە ڕاستەوە محمد حاجی عارف، هۆمەر. جارخ ١٩٨٢.



هۆمەر پێنجوینی، ١٩٨٢



لای ڕاستەوە هۆمەر، برِوا. تورکیا ساڵی ١٩٩٤



دانمارک ساڵی ١٩٩٥



لە ڕاستەوە هۆمەر، جەعفەر حاجی عبدالله. دانمارک ساڵی ١٩٩٦



دانمارک ١٩٩٥



خێزانی عومەر، دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: ڕێبین، ڕێبوار، شانۆ.
وەستاوەکان لە ڕاستەوە: شێرزاد، مریەم، عومەر، نیگار، بەهار




بە شێک لە ڕۆژژمێرەکانی نووسەر



جوانەمەرگ ڕێبین عومەر، کوڕی هۆمەر پێنجوێنی
کە لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل گیانی سپارد




دوا مەزاری هۆمەر پێنجوێنی، دانیمارک - گۆڕستانی bispebjerg

شارێکی جوانکیلە و قەشەنگ
خەڵکی هەژار لە سەر خۆ و مەنگ
نە ئاژاوە نە مەترسی
نە شەوکوتی و نەوەک دزی
نە جاسوسی و گەڕ و گزی
نە فیتنەیی نە چاو بەسی
نەبو تیایا کاری پەسی
ئەم شارە و ئەم خەڵکە چاکە
ئەم شوێنە بێ گەرد و پاکە
غەیری پێنجوێن ئەبێ کام شار



کەشکۆڵی هۆمەر پێنجوێنی «عومەر محەمەد فەرەج»

ئامادەکردنی: شێرزاد عومەر